# هاوپەیمانی کوردس
# ئیئتیلاف و تەوافق بە پەرت

## هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەستیار و چارەنوسساز بۆ ناوچە دابڕاوەکان و

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پارێزگاکانی عێراق کە بڕیارە رۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ ئەنجامبدرێت تەنیا لە ١٤ پارێزگا ئەنجامدەرێت و پارێزگاکانی (هەولێر و کەرکوك و سلێمانی ودهۆك)ناگرێتەوە، بەڵام لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی نەینەوا، سەڵاحەدین، دیالە بەشداریی دەکات، لەم هەڵبژاردنەدا هەست بە گۆڕانکاریەکی گەورەی هاوپەیمانییەکان دەکرێت بۆیە خستنەڕووی هاوپەیمانییە تازەکانی نێوان لایەنە سەرەکییەکانی عەرەبی شیعە وسونە بۆ بەشداربوون لە هەڵبژاردنەکان، گەورەترین ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لەسەر ئاستی هاوکێشەی سیاسیی عێراق و سەر لەنوێ دارشتنەوەی بە شێوازێکی ئەوتۆ کە رەنگدانەوەی شەڕی دەسەڵاتە لە عێراقدا، لەبەرامبەردا مانەوەی هاوپەیمانی کوردستان بە یەکڕیزی و بە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی هەرسێ پارێزگای نەینەوا و دیالە و سەلاحەدین ئاماژەیە بۆ هەستکردنی هاوپەیمانی کوردستان بەو هەڕەشە و مەترسییانەی لەلایەن لایەنە شۆڤێنیەکانەوە روبەڕووی دەبێتەوە، بۆ ئەوەی ئاستی ئەو پەرتەوازەیەی نێو لایەنەکانی عەرەبی شیعە و سوننەش بزانین، دەبێت لایەنە سەرەکیەکان وەك خۆیان بنووسینەوە بۆ ئەوەی خوێنەرانی گوڵان بە راشکاوی ئەو واقیعە ببینن:

-١ ئەو گۆڕانکارییانەی لە لیستی هاوبەندی عێراق (ئیئتلافی



شیعە) بەسەر هاوپەیمانیەکاندا هاتوون.

لیستی هاوبەندی عێراق کە هەتا ئێستاش گەورەترین فراکسیۆنە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا و خاوەنی ٨٣ کورسـی پەرلەمانییە و لایەنە دیارەکانی بریتیە لە ئەنجوومەنی یاڵای ئیسلامی عێراق و حزبی دەعوە، لەوانەیە دوای هەڵبژاردنی پارێزگاکان جارێکی دیکە ئەو لیستە گەورەیە نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەریەك لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق بە سەرۆکایەتی سەماحەتی عەبدولعەزیز حەکیم و حزبی دەعوە بەسەرۆکایەتی نوری مالکی لێکجیابوونەتەوە و هەروەها ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی پێشووی حزبی دەعوە، لە حزبی دەعوا جیابۆتەوە و بە لیستێکی تایبەتی بە ناوی (تەیاری ئیسلاح) و حزبی فەزیلە بە لیستێکی سەربەخۆ بە شداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە دابەشبونەکەی نێوان مەجلیس و حزبی دەعوەیە، کە بە دوولیستی جیاواز بەشداری دەکەن و ئەم جیابوونەوەیەش بۆ هەرلایەکیان لەم هەڵبژاردنەدا یەکلایکردنەوەی شەڕی دەسەڵاتە لە ناو شیعەی عێراقداو، پێکهاتەی تازەی هاوپەیمانیەکانییان بەمجۆرەیە:

- **لیستی شەهیدی میحراب و سەربەخۆکان**

ئەم لیستە بە بەهێزترین لیستە لە سەرئاستی پارێزگاکانی



# ـستان بە یەکڕیزی و ـەوازەیی بەشداریی دەکەن

## گـــرنگە بۆ شەڕی دەسەڵات لە عێراق و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان

**جێگەی سەرنجە دابەشبوونەکەی نێوان مەجلیس و حزبی دەعوەیە، کە بە دوولیستی جیاواز بەشداری دەکەن و ئەم جیابوونەوەیەش بۆ هەرلایەکیان لەم هەڵبژاردنەدا یەکلاییکردنەوەی شەڕی دەسەڵاتە لە ناو شیعەی عێراقدا**

**حزبی دەعوا لەماوەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران لە دوو کابینەی حکومەتی عێراقدا سەلماندنی ئەو حزبە نییە کە بتوانێت حوکمڕانی بکات**

عەرەبی شـــیعە و بەغدا لەقەڵـــەم دەدرێت، چاوەڕێ دەکرێت لەو پارێزگایانەی بەشـــداری دەکات زۆرینەی دەنگەکان بەدەســـت بهێنێت، خاڵی بەهێزی ئەم لیستە کە لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی هاوپەیمانییەکی تازەشە، لە هەموو لیستەکانی دیکە زیاترە و ئەم لایانەنانە لە خۆی دەگرێت:

١. ئەنجوومەنی باڵای ئیســلامی لە عێراق بە ســەرۆکایەتی سەماحەتی عەبدولعەزیز حەکیم.

٢. تەجەموعی شــەهیدی میحراب بەسەرۆکایەتی سەماحەتی عەممار حەکیم.

٣. هێزی سەربەخۆکان کە ئەمیش تەجەموعێکی گرنگە و عادل عەبدولمەهدی سەرۆکایەتی دەکات.

٤. ڕێکخراوی بەدر. ئەم ڕێکخراوە پێشــتر فەیلەقی بەدر بووە، کە بریتی بووە لە باڵی ســەربازی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیســلامی لەعێراقدا بووە و ئێســتا گۆڕاوە بــۆ ڕێکخراوێکی سیاســیی و لەلایەن هادی ئەلعامری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش وبەرگری لە پەرلەمانی عێراق سەرپەرشتی دەکرێت.

٥. حەرەکــەی حزبوڵلا کە لەلایــەن کەریم ماهود ئەلمحەمەدی سەرپەرشتی دەکرێت.

ئەم لیســتە جگە لەوەی لایەنەکانی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی شــیعە و بەغدا بە بەهێزتریــن لایەن دادەنرێــن، لەهەمانکاتدا پشتگیری سەماحەتی ئایەتوڵلا سیستانیشیان لەگەڵدایە، ڕاستە نوســینگەی سیســتانی ڕایگەیاندووە، ئایەتوڵلا سیستانی بە یەکچاو سەیری هەموو لیستەکان دەکات، بەڵام لیستی شەهیدی میحراب و ســەربەخۆکان خۆیان بــە درێژەپێدەری ڕێنماییەکانی سیستانی دەزانن و لە ناو ڕای گشتی عەرەبی شیعەی عێراقیش ئەم لیستە وەك لیستی سیستانی یان بەو لیستە لەقەڵەم دەدرێت کە سیستانی پشتگیری لێدەکات، هەروەها ئەو کەسایەتیانەی کە ســەرۆکایەتی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم لیستە دەکەن هەموویان کەســایەتی بەهێزن و تەنانەت ئەو گرووپەشی کە وەك سەربەخۆ لەم لیستەدا بەشــدارە لەلایەن عادل عەبدولمەهدی سەرپەرشتی دەکرێــت، کەیەکێکــە لە کەســایەتییە دیارەکانی ناو شــیعە و عێراقیش.

خاڵێکــی دیکەی گرنگ لە لیســتی شــەهیدی میحراب و سەربەخۆکان ئەوەیە ئەم لیســتە تەنیا لەم پارێزگایانە بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکات کە بریتین لە: (بەسرا،زیقار، واست، موسەنا، میســان، نەجەف، کەربەلا،دیالە، بەغدا) ئەمەش نیشــانەیەکی دیکەی دووربینی ئەم لیستەیە لەبەرئەوەی تەنیا لەو پارێزگایانە بەشدار دەبێت کە دڵنیایە زۆربەی دەنگەکان بە دەست دەهێنێت.

## • لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون

ئەم لیســتە هەر لە ناوەکەیەوە هەســت دەکرێــت ڕەنگدانەوەی کاردانەوەیەکی توندی حزبی دەعوایە بە ســەرۆکایەتی د.نوری مالیکی ســەرۆك وەزیرانی ئێســتای عێــراق، لەبەرئەوەی ئەم لیستە هەست دەکات جارێکی دیکە ململانێی لیستی شەهیدی میحرابی پێناکرێت، لەبەر ئەم خاڵانە:

١. حزبی دەعوا لەماوەی وەرگرتنی پۆســتی سەرۆك وەزیران لە دوو کابینەی حکومەتی عێراقدا ســەلماندنی ئەو حزبە نییە کە بتوانێت حوکمڕانی بکات، هەربۆیە ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەی پێی قبوڵ ناکرێت وەك ئەوەی هەیە خۆی ببینێت، پەلاماری دروشمی گەورە دەدات وەك ئەم ناوەی ئێســتا کە بۆ لیســتەکەیان داناوە (ئیئتیلافی دەوڵەتی قانون) بەڵام کێن ئەو لایەنانەی بۆ دەوڵەتی قانون ئیئتلافیان کردووە ؟ بێگومان ڕاستە کە دەیانژمێرین دەبنە ٧ لایەن، بەڵام بێجگە لە حزبــی دەعوا لایەنەکانی دیکەی ناو ئیئتلافەکە لەسەر ئاستی عێراق ئەو لایانانە نیین کە قورسایەکی ئەوتۆیان هەبێت، هەربۆیە کەســەیری دروشــمە زلەکە دەکەین و لەگــەڵ ئیئتیلافەکە بەراوردی دەکەین، دەبینین دوو شــتی لێکجیاوازن.

٢. د.مالیکی بۆ ئەوەی ئەم ناهاوســەنگیە ڕاستبکاتەوە پەنای بۆ هەموو کارێکی نا قانوونی و نادەســتووری بردووە، کەوتۆتە لێدوانی دیکتاتۆریانە و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە کە پۆستەکەی ئێستای بخاتە خزمەتی ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەمەش هەوڵیداوە:

أ- بە کارهێنانی ســامانی حکومەت بە شــێوەیەکی ناشەرعی بۆ دروســتکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیســناد، بێگومان ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ لیژنــەی یاســایی پەرلەمانــی عێــراق دوای تاوتوێکردنی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ئیســناد لەگەڵ بڕگەکانی دەســتوری عێــراق بەیاننامەیەکیان دەرکرد، کە دروســتکردنی ئەم ئەنجوومەنانە لەگەڵ دەســتوری عێراق یەکناگرێتــەوە و دژی دەســتوری عێراقە، ئەم بــە یاننامەیە نێردرا بۆ ئەنجوومەنی ســەرۆکایەتی عێراق (سەرکۆمار و دوو جێگرەکەی) ئەوانیش بەفەرمی ڕایانگەیاند کە دروســتکردنی



ئەو ئەنجوومەنانە دژی دەستوورە، هەربۆیە داوایان لەسەرۆك وەزیرانی عێراق کرد پابەندبێت بە دەستورەوە و کاری نا دەستوری نەکات، بەڵام د.مالیکی ئەم وەڵامەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی شێتگیری کرد و توشی ئەو هیستریایەی کرد کە لە کۆنفراسە رۆژنامەوانییەکەی پێنج شەممەی رابردوو بینیمان.

ب- جیابوونەوەی د.ئیبراهیم جەعفەری لە حزبی دەعوا و دروستکردنی لیستێکی سەربەخۆ بە ناوی باڵی ریفۆرم (تەیاری ئیسلاح) گورزێکی دیکەیە بەر مالیکی کەوتووە، لەبەر ئەوەی ئەم لیستە کە جەعفەری سەرۆکایەتی دەکات ئەگەر لەسەر ئاستی عێراقیش کاریگەری نەبێت بەڵام لەسەر ئاستی حزبی دەعوە و لایەنگرانی حزبی دەعوە کاریگەریەکی گەورەی دەبێت و لە ریشەوە دروشمەکانی ئیئتلافی دەوڵەتی قانون لەبەریەك هەڵتەدەتەکێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لیستەکەی ئیبراهیم جەعفەری دوای پابەند بوون بەیاسا و ئاماژە بەگەندەڵیەکانی حکومەتی مالیکی دەکات.

ت- خاڵێکی دیکە کە جێگەی سەرنجە دوورکەوتنەوەی تەیاری سەدرە لە د.مالیکی و نزیکبوونەوەیانە لە د.ئیبراهیم جەعفەری، هەروەها ئاماژە تازەکانی پێکهێنانی کوتلەیەکی تازەی پەرلەمانی کە هەریەك لە (تەیاری سەدر و ئیبراهیم جەعفەری و حزبی فەزیلە و ساڵح موتلەگ و خەلەف عەلەیان) لە خۆی دەگرێت، ئەم کوتلەیە کە لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا زیاتر لیکنزیکببنەوە، هێندە لە خۆیان رادەبینن کەدەڵێن: ئامانجی ئەم کوتلەیە گۆڕینی حکومەتی ئێستای مالیکی نییە، لەبەر ئەوەی ئەم حکومەتخۆی هێندەی نەماوە تا خۆی پێوە خەریك بکرێت.لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش بێگومان تەیاری سەدری بە لیستێکی تایبەتی دانەبەزیوە بەشداری هیچ هاوپەیمانییەکیشی بەرەسمی وەك تەیاری سەدری نەکردووە، بەڵام بەپێی لیدوانی بەرپرسانی تەیاری سەدر بەوەی موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان ناکەن و ئەندام و لایەنگرانییان دەنگ بە پالێوراوانی تەکنۆکرات و سەربەخۆ دەدەن و هەروەها حزبی دەعوە و مالیکی بەوە تاوانباردەکەن کە ئامانجیان لە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنە و فراوانکردنی نفوزی حزبی دەعوەیە، هەروەها بانگێشەکانی تەیاری ئیسلاحی ئیبراهیم جەعفەری بە ئاراستەی گرینگیدان بە تەکنۆکرات و باری گوزەرانی خەڵك، وەك ئاماژەیەك دەخوێنرێتەوە کە ئەندامانی تەیاری سەدر دەنگ بە لیستی تەیاری ئیسلاح بدەن، ئەمەش لە سێ بازنەی گرنگدا (بەسرا، بەغدا، دیالە) نفوزی حزبی دەعوە دێنێتە خوارەوە.

بێگومان ئەمە واقیعی حزبی دەعوە و مالیکیە، هەر بۆیە لە گوتارەکانیدا وەك دیکتاتۆر خۆی نمایش دەکات و کە رەخنەی لێدەگیرێت تووشی حاڵەتی هیستریا دەبێت.

**- پێکهاتەی ئیئتیلافی دەوڵەتی قانوون**

ئیئتیلافەکەی مالیکی بۆ دەوڵەتی قانوون ئەم لایەنانە لە خۆی دەگرێت:

١. حزبی دەعوە
٢. حزبی دەعوە تەنزیمی عێراق
٣. تەزامن عێراق
٤. یەکگرتوویی ئیسلامی تورکمانی عێراق
٥. سەربەخۆکان (حسێن شەهرستانی)
٦. حەرەکەی ئەخای کوردی فەیلی لە عێراق
٧. کوتلەی ئینتفازەی شەعبانی ١٩٩١

لە١٣پارێزگا بەشداردەبن کە ئەم پارێزگایانەن: (بەغدا، حلە، کەربەلا، نەجەف، دیوانیە، سەماوە،کوت،عەمارە، ناسریە،بەسرا، دیالە، سەلاحەدین، موسڵ).

ئەم لایەنانە بە هەر حەوتیان پێکەوە هێندەی تەیاری سەدر لە شەقامی سیاسیی عێراقدا قورساییان نییە، ئەم راستیە لای د.مالیکی باشتر روونبۆتەوە پاش ئەوەی دووجار بەفەرمی داوای لە سەماحەتی حەکیم کرد بۆ ئەوەی بە لیستی هاوبەش دەعوە و مەجلیس پێکەوە دابەزن، بەڵام سەماحەتی حەکیم لەوە دووربینترە کە خۆی بکات بە شەریکی فەساد و سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی، بۆیە راشکاوانە بە مالیکی راگەیاندبوو، ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی پێی باش نییە لەگەڵ حزبی دەعوا هاوپەیمانی بکات و بەیەك لیست بە شداری هەڵبژاردنەکانی لەگەڵدا بکات، ئەم رەتکردنەوەیەی سەماحەتی حەکیم بۆ داواکەی مالیکی بە جۆرێك مالیکی شکاندەوە کە هیچ چاری نەماوە خەریکە لە ژێر دروشمی دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان کورد و عەرەب و بەمەبەستی راکێشانی دەنگی عەرەبە شۆڤێنیەکان، پارسەنگی لاسەنگی خۆی راستبکاتەوە، بەڵام وەك بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە رێورەسمی هێنانەوەی روفاتی



●●●

**جیابوونەوەی د.ئیبراهیم جەعفەری لە حزبی دەعوا و دروستکردنی لیستێکی سەربەخۆ بە ناوی باڵی ریفۆرم (تەیاری ئیسلاح) گورزێکی دیکەیە بەر مالیکی کەوتووە**

●●●

●●●

**ئەم لیستە جگە لەوەی لایەنەکانی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی شیعە و بەغدا بە بەهێزترین لایەن دادەنرێن، لەهەمانکاتدا پشتگیری سەماحەتی ئایەتوڵلا سیستانیشیان لەگەڵدایە**

●●●

●●●
**مالیكی دووجار بەفەرمی داوای لە سەماحەتی حەكیم كرد بۆ ئەوەی بە لیستی هاوبەش دەعوە و مەجلیس پێكەوە دابەزن، بەڵام سەماحەتی حەكیم لەوە دووربینترە كە خۆی بكات بە شەریكی فەساد و سیاسەتە هەڵەكانی مالیكی**
●●●

ئەنفالكراوانـــی گەرمیان لـــە نەجەفەوە ئامـــاژەی پێكرد، ئەو هەوڵانەی بەمەستی دروستكردنی درز و كەلێن لە نێوان كورد و شیعە دەدرێت هەوڵێكی بێ ئاكام دەبن و پەیوەندی كورد و شیعە لەوە گەورەترە كە بە هەوڵی لەو جۆرە درز و كەلێنی تێبكەوێت و، هێنانەوەی ئەم روفاتانەش لە شاری نەجەفی پیرۆزەوە بۆ هەرێمی كوردســـتان رەنگدانەوەی خۆشەویستی و پەیوەندی دێرینی نێوان كورد وشـــیعەیە و زیندووكردنەوەی پەیوەندی نێوان سەماحەتی حەكیم و جەنابی مستەفا بارزانییە.

**• لیستی حزبی فەزیلە**

حزبی فەزیلە كە یەكێكە لە لایەنەكانی نێو ئیئتیلافی شـــیعە، بەڵام هەر لە دوای هەڵبژاردنەكانی پێشووەوە ئەندامیەتی خۆی لە ئیئتیلاف هەڵپەســـاردووە و وەك كوتلەیەكی ســـەربەخۆ لە ناو پەرلەمانـــی عێراق ماوەتەوە، حزبی فەزیلە كاریگەری ســـلبی لەسەر لیستی شەهیدی میحراب و سەربەخۆكان بەو ئاستە نابێت، هێندەی كاریگەری لەســـەر حزبی دەعـــوا دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە راســـتە لیستی شەهیدی میحراب لە ٦ پارێزگای باشوور كە بەشـــداری دەكات زۆرینەی دەنگەكان مسۆگەر دەكات، ئەوا حزبی فەزیلەش بەشـــێكی دیكەی كۆدەكاتەوە، كەواتە، ئەوەی بـــۆ حزبی دەعوا دەمێنێتەوە زۆر كەم دەبێت، هەروەها لە بەغدا و دیالەش حزبی دەعوە ململانێی مەجلیســـی پێناكرێت، بۆیە تەنیا رێگە كەلەبەردەمی دەمێنێتەوە شاری موسڵ دەبێت، ئەمەش بێ پشتگیری بێ مەرجی هاوشێوەكانی ئوسامە نجێفی بۆ مەیسەر نابێـــت، هەربۆیە كاتێك دەبینین ئوســـامە نجێفی رۆژ لە دوای رۆژ لە مالیكی نزیك دەبێتەوە، هیچ تووشـــی سەرسورمان نابین و هەســـتدەكەین مالیكی كەوتۆتە گێژاوێـــك كە ناچارە بۆ خۆ رزگاركردن دەست بە پەشێكیشەوە بگرێت.

**• لیستی تەیاری ئیسلاحی ئیبراهیم جەعفەری**

ئەم لیستەش كاریگەری لەسەر لیستی شەهیدی میحراب نابێت و ئەگەر مەســـەلەكەش ململانێ بوایە لەگەڵ لیستی شەهیدی میحراب، ئەوا جەعفـــەری زیاتر لە مالیكی نزیك دەبووە، بەڵام جیابوونەوەی لە حزبی دەعوا و راگەیاندنی لیستێكی سەربەخۆ، ئەگەر لە هیچ شـــوێنێك پشتی لیستەكەی مالیكی نەشكێنێت، ئەوا لەســـەر ئاســـتی بەغدا وبەســـرا گورزێكی گورجكبر لە مالیكی دەسرەوێنێت، بە تایبەتی كە هەستدەكرێت تەیاری سەدر بەلای جەعفەریدا دەیشـــكێنێتەوە نەك مالیكـــی، ئەمە بێجگە لـــە جیابوونەوەی جەواد پۆلانی وەزیـــری ناوخۆی عێراق و خۆ ســـاخكردنەوەی بە ناوی حزبی دەستوری عێراق، لەگەڵ ئەوەی ئەم حزبە بە فەرمی ســـەرۆكێكی جیایی هەیە، د. پۆلانی بەڵام هەموولایەك ئەم حزبە بە حزبی بۆلانی دەزانن و نەبوونی ناویشی لەو حزبەدا بۆ ئەوە دەگێرنەوە بەوەی پۆلانی لەبەر ئەوەی وەزیری ناوخۆیە و بەرپرســـە لە ئاسایشی وڵات ئەوا دەبێت ئینتیمای بۆ هیچ حزبێك نەبێت.

ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ بچوكبوونەوەی حزبەكەی مالیكی (كە هەر بەناو حزبی دەعوەكەی پێشانە) بۆیە چاوەڕێ دەكرێت لەسەر ئاستی ناوەڕاست و باشـــوور لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا قەوارەی راستەقینەی خۆی ببینێتەوە.

**• بەشداری بەرەی تەوافق و جیابوونەوەی خەلەف عەلەیان**

بەرەی تەوافقی سوننە لە ٣ لایەنی سەرەكی پێكهاتووە كەبریتین لە:

١. حزبی ئیسلامی عێراق كە تاریق هاشمی جێگری سەركۆمار سەرۆكایەتی دەكات.

٢. موئتەمەری ئەهلی عێراق كە د.عەدنان دلێمی سەرۆكایەتی دەكات.

٣. جەبهـــەی عێراقی بۆ حیـــواری وەتەنی كە خەلەف عەلەیان سەرۆكایەتی دەكات.

بـــۆ هەڵبژاردنی پارێـــزگاكان جەبهەی عێراقـــی بۆ حیواری وەتەنـــی لە بەرەی تەوافق جیابۆتەوە و لەگەڵ جەبهەی كەرامە (ئەنجوومەنی ســـەحوە) ئیئتلافییان پێكهێناوە، ئەم جیابوونەوەی خەلـــەف عەلیان لـــەدوولاوە كاریگەری لەســـەر نفوزی حزبی ئیســـلامی هەیە لە پارێزگای ئەنبار، كە ماوەیەك پێش ئێســـتا د.تاریق هاشمی گرەوی لەسەر دەكرد، پارێزگای ئەنبار بۆ حزبی ئیســـلامی عێراق گرنگییەكی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەكانی پێشـــوو و بەهۆی بەشدارینەكردنی عەشائیری ئەنبار لە هەڵبژاردنەكاندا، حزبی ئیســـلامی هەموو دەنگەكانی بەدەســـت هێنابوو ئەنجوومەنی پارێـــزگای ئەنباری كۆنترۆڵ كردبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ئەو گۆڕانكارییەی لە پارێزگای ئەنبار روودەدات لەوانەیە لە هیچ پارێزگایەكی دیكە بەو شێوەیە نەبێت.

●●●
**پارێزگای ئەنبار بۆ حزبی ئیسلامی عێراق گرنگییەكی گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەكانی پێشوو و بەهۆی بەشدارینەكردنی عەشائیری ئەنبار لە هەڵبژاردنەكاندا، حزبی ئیسلامی هەموو دەنگەكانی بەدەست هێنابوو ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنباری كۆنترۆڵ كردبوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ئەو گۆڕانكارییەی لە پارێزگای ئەنبار روودەدات لەوانەیە لە هیچ پارێزگایەكی دیكە بەو شێوەیە نەبێت**
●●●

لەمبارەوە عەبدولكەریم ســـامەرائی دەڵێت: حزبی ئیســـلامی و



موئتەمەری ئەهلی عێراق و تەجەموعی وەتەنی عەشائیر بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن، لیستی توافق ناوێکی یەکگرتووی نییە لەسەرجەم پارێزگاکاندا بۆیە ناوەکەی بەپێی پارێزگاکان دەگۆڕێت بەمجۆرە:

أ- بەرەی توافق بە ناوی تەوافق بەشێوەیەکی رەسمی بە ٣ پێکهاتە لەسەر ئاستی عێراق خۆی ناسندووە.

ب- لەسەر ئاستی پارێزگای دیالە بە ناوی بەرەی تەوافق و ئیسلاحی یەکگرتوو لە دیالە بەشداری دەکات و لایەنەکانیش بریتین لە: (حزبی ئیسلامی عێراق، جەبهەی ئیسلاحی پارێزگای دیالە، موئتەمەری گشتی ئەهلی عێراق، حزبی عەدالەی تورکمانی عێراقی، تەجەموعی وەتەنی عەشائیری سەربەخۆ).

ت- لەسەر ئاستی پارێزگای ئەنبار بە ناوی تەحالوفی عەشائیر و موسەقەفین بۆ پەرەپێدان بەشداری کردووە کەبریتین لە (کوتلەی شێخەکانی عەشائیر و رۆشنبیرانی ئەنبار، حزبی ئیسلامی، موئتەمەری ئەهلی عێراق، تەجەموعی عەشائیر).

ث- لەسەر ئاستی پارێزگای سەلاحەدین (تکریت) تەنیا حزبی ئیسلامی و موئتەمەری ئەهلی عێراق بەناوی بەرەی تەوافقی سەلاحەدین بەشدار دەبن.

ج- لە بەغداو موسڵ بە ناوی تەوافق بەشدار دەبن وهەرسێ لایەنەکەی تێدایە.

• **پێکهاتەکانی سوننە لە دەرەوەی بەرەی تەوافق**

بێگومان بێجگە لەبەرەی تەوافق، لایەنی دیکەی سوننەشە هەن بە جیاواز لەبەرەی تەوافق بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن کە دیارەکانیان بریتین لە:

١. لیستی بەرەی کەرامە (ئەنجوومەنەکانی سەحوە).

سامر ئەلتمیمی راوێژکاری ئەنجوومەنەکانی سەحوە سەبارەت بە بەرەی کەرامە دەڵێت: ئەم بەرەیە بێجگە لە ئەنجوومەنەکانی سەحوە چەندین لایەنی گرنگ لە خۆی دەگرێت کە هەرە دیارەکانیان بریتین لە

(بەرەی حیواری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتلەگ، بەرەی عێراقی بۆ حیواری نیشتمانی کە خەڵەف عەلەیان سەرۆکایەتی دەکات)، ئەم لیستە لە ٧ پارێزگا بەشداری دەکات کەبریتین لە (بەغدا، دیالە، بەسرا، موسڵ، سەلاحەدین، ئەنبار، بابل).

٢. لە موسڵ لیستی حەدبا بێجگە لە تەوافق و کەرامە نوینەرایەتی عەرەبی سوننە دەکات، هەروەها لیستی ئیئتلافی دەوڵەتی قانونیش بوونی هەیە، لیستی حەدبا کە زیاتر لە لیستێکی ناوخۆ بۆ شاری موسڵ دەچێت و ئاماژەیە بۆ منارەی حەدبا کە عەرەبی سوننە وەك ئاماژەیەك بۆ عەرەبچێتی موسڵ ئاماژەی پێدەکەن، ئەم لیستە لەلایەن ئەسیل نجێفی برای ئوسامە نجێفی سەرۆکایەتی دەکرێت و ئامانجی سەرەکیان تەعریبکردنی شاری موسڵ و دەرکردنی کورد و مەسیحییە لەو شارە و پێکهاتووە لە (تەجەموعی حەدبا، حەرەکەی عەدل وئیسلاح، تەجەموعی جمهوری، مەجلیسی عمومی وەتەنی، لەگەڵ محەمەد عەبدوڵلا جبوری) ئەمانە زۆر بە توندی دژی پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵن ودیانەوێت پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ لەبۆتەی عەرەبچێتیدا بتوێنەوە.

• **هاوپەیمانی کوردستان**

لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە هەر سێ پارێزگا تەنیا لیستە کە پارێزگاری بە یەکڕیزی لیستەکەیەوە کردووە و بە هاوپەیمانییەکی فراوانترەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنە دەکات لە هەرسێ پارێزگا بەمجۆرە بەشداری دەکات:

١. لەپارێزگای دیالە بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە شداری دەکات و پێکهاتووە لە:(پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حزبی زەحمەت کێشان، حزبی شیوعی کوردستان).

٢. لە پارێزگای نەینەوا بە لیستی برایەتی نەینەوا بەشداریدەکات و پێکهاتووە لە: (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی یەکێتی دیموکراتی کلدانی، حزبی نیشتمانی ئاشوری، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان).

٣- لە پارێزگای سەلاحەددین بە لیستی برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بەشداری دەکات و پێکهاتووە لە:(یەکێتی نیشتمانی کوردستان،پارتی دیموکراتی کوردستان،یەکگرتوویی ئیسلامی کوردستان، جەماعەتی ئیسلامی کوردستانی عێراق، پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، پارتی برایەتی تورکمانی عێراق، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق).



**لە بەغدا و دیالەش حزبی دەعوە ململانێی مەجلیسی پێناکرێت، بۆیە تەنیا رێگە کەلەبەردەمی دەمێنێتەوە شاری موسڵ دەبێت، ئەمەش بێ پشتگیری بێ مەرجی هاوشێوەکانی ئوسامە نجێفی بۆ مەیسەر نابێت**

**لیستی حەدبا وەک ئاماژەیەک بۆ عەرەبچێتی موسڵ ئاماژەی پێدەکەن، ئەم لیستە لەلایەن ئەسیل نجێفی برای ئوسامە نجێفی سەرۆکایەتی دەکرێت و ئامانجی سەرەکیان تەعریبکردنی شاری موسڵ و دەرکردنی کورد و مەسیحییە لەو شارە و پێکهاتووە لە (تەجەموعی حەدبا، حەرەکەی عەدل وئیسلاح، تەجەموعی جمهوری، مەجلیسی عمومی وەتەنی، لەگەڵ محەمەد عەبدوڵلا جبوری) ئەمانە زۆر بە توندی دژی پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵن ودیانەوێت پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ لەبۆتەی عەرەبچێتیدا بتوێنەوە**

**ئەگەر لە هیچ شوێنێک پشتی لیستەکەی مالیکی نەشکێنێت، ئەوا لەسەر ئاستی بەغدا وبەسرا گورزێکی گورجکبر لە مالیکی دەسرەوێنێت، بە تایبەتی کە هەستدەکرێت تەیاری سەدر بەلای جەعفەریدا دەیشکێنێتەوە نەک مالیکی، ئەمە بێجگە لە جیابوونەوەی جەواد پۆلانی وەزیری ناوخۆی عێراق و خۆ ساخکردنەوەی بە ناوی حزبی دەستوری عێراق**

**لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لە هەر سێ پارێزگا تەنیا لیستە کە پارێزگاری بە یەکریزی لیستەکەیەوە کردووە و بە هاوپەیمانییەکی فراوانترەوە بەشداری لەم هەڵبژاردنە دەکات لە هەرسێ پارێزگای دیالە، نەینەوا و سەلاحەددین**

بێگومان هەموو کیانە سیاسییەکان کە بەشداری لەو هەڵبژادنانە دەکەن هەر ئەوەندە نین کە ئێمە لێرەدا ئاماژەمان پێکردوون، بەڵکو تەنیا ئەو کیانەی وەك هاوپەیمانی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدەکەن ژمارەیـــان **٣٦** کیانە و بەگشـــتیش **٤٠١** کیـــان ئەوجا چ وەك شـــەخس یان گرووپ ناویان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمارکراوە، ئەم لینکە
http://www.ihec.iq/&news&Ihec/All&New٢s-)
(htm.٢٠٠٨&٠٠١٤/IhecIraq٪٢٥Web٢
ناوی تـــەواوی کیانەکانە بەو شـــێوەیەی کۆمســـیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڵاوی کردۆتەوە.

## ئامانجی هاوپەیمانی کوردستان
## لە بەشداربوونی لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ٣ پارێزگایە

هاوپەیمانی کوردستانی ئەو هێزە دیموکراتخوازەیە کە هەمووکات لەســـەر ئاســـتی عێراق و کوردســـتان بڕوای بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو هەمەڕەنگی کۆمەڵگە و لێبوردەیی هەیە، هەربۆیە هەر هاوپەیمانییەك لیستی هاوپەیمانی کوردستانی تێدابێت هەست بە هەمەڕەنگی و فرەیی و لێبوردەی دەکرێت وپاڵێوراوەکانیشی مەرج نییە هەموویان کورد بن، بەڵکو هاوپەیمانی کوردســـتانی لەسەر حسابی خۆی و ئیستحقاقی ئینتخابی خۆی کورسیەکانی بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی کوردســـتان بە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و هەروەها لەسەر ئاســـتی ئەو جیاوازیە شۆڤێنیانەی لەســـەر ئاستی ئایین و مەزهەبیش لەنێو کوردا دروستیان کردووە وەك یەزیدی و شەبەك، دیســـان هاوپەیمانی کوردستان بەردەوام هەوڵیداوە جێگەی ئەوانیش بە تایبەتمەندی خۆیان بکاتەوە.

ئێســـتا لە نێو پالێوراوەکانی لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان لە هەرســـێ پارێزگا هەمەڕەنگ و تێکـــەڵاوە و بریتین لە کورد و تورکمان و کلد وئاشـــوری و عەرەب، ئەم پرانسیپەی هاوپەیمانی کوردستان پیادەی دەکات بۆ ئەوەیە:

١. بەشداری هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان وەك نەینەواو ســـەلاحەدین و دیالە بۆئەوەیە پێش هەموو شـــتێك بەشداربێت لە پرۆسەی دیموکراتی و پارێـــزگاری کردنی و داکۆکیکردن لە مافـــی هاوڵاتیبوون، هاوپەیمانی کوردســـتان کاتێك لەو هەڵبژاردنانە بەشداری دەکات بۆ ئەوەی نییە پارێزگاری موســـڵ یان دیالە یان سەلاحەدین بە کوردێك بسپێرێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە یەکێك بۆ پارێزگار هەڵبژێرێت کـــە بڕوای بەهەمەڕەنگی ئایینـــی و نەتەوەیی ئەو پارێزگایانە هەبێت و ئامانجی پێکەوە ژیانی پێکهاتە جیاوازەکان وبەشـــداری تـــەواوی پێکهاتە جیـــاوازەکان بێت بـــۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری ڕۆژانەی پارێزگاکە یان شارەکە.

٢. بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەم سێ پارێزگایە ئەو ناوچانەن کەبەهۆی سیاســـەتی بەعەرەبکردن و ڕاگوێـــزان و دەرکردنەوە، دیموگرافییەکەی بۆ مەبەســـتی سیاسیی شـــێوێنراون، هەر بۆ نموونـــە لە پارێزگای موســـڵ، هەروەها لە پارێـــزگاری دیالە تەواوی قەزای خانەقین و ناحیەکانی و ناوچەکانی دەوروبەری، لە پارێزگای سەلاحەدین چەندین ناوچە وەك توزخورماتوو، دوبز و چەندیـــن ناوچەی دیکە، ئەمە بێجگـــە لەتەواوی پارێزگای کەرکوك کە لەم هەڵبژاردنە بەشداری ناکات و دواخراوە، هەموویان ئەو ناوچانەن کەدەبێت بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەســـتوری عێراق یەکلاییکرێنەوە و ئەم ناوچانە بریتین لەو ناوچانەی کە لەهەرێمی کوردســـتان دابڕاون، هاوپەیمانی کوردستانیش بەوە رازی بووە کە بە ریفراندۆم چارەنووســـی ئەو ناوچانە یەکلاییکرێتەوە، هەربۆیە بەشداری هاوپەیمانی کوردستان لەم پارێزگایانە تەئکیدکردنەوەیە لەسەر پابەندبوونی هاوپەیمانی کوردستان بە:

أ- جێبەجێکردنی دەستور.
ب- چارەسەری دیموکراتییانە بۆ کێشەکان.
ت- پابەندبوون بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو ئارەزوومەندانە.
ث- بەشـــداری راســـتەقینەی ســـەرجەم پێکهاتە جیـــاوازەکان لەبەڕێوەبردنی وڵات.
ج- یەکسانی لە ماف وئەرکدا.
ح- سڕینەوەی گیانی رەگەز پەرستی و چاندنی تۆی لێبوردەیی و یەکتـــری قبوڵکردن و گۆرینە ئەو چەمکە شـــۆڤینەیەی کە هەمەرەنگی و فرەیی کۆمەڵگە بـــەلاوازی دەزانێت و گۆرینی ئەم چەمك و ئەقلیەتەیە بۆ ئەوەی بەهێزی عێراقی نوێ فرەیی و هەمەرەنگیەکەیدا بخوێنرێتەوە.
خ- بەهێزکردنـــی بەرەی دیموکراتخـــوازن و ئەوانەی بڕوایان بە بونیـــادی عێراقی نوێ هەیـــە و بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەیە کە دەیانەوێت دیکتاتۆرییەت و پاوانخوازی و ئیحتکاری دەســـەڵات بگێڕنەوە بۆ عێراق.

بێگومان عێراقی نوێ پێویستی بەسەرجەم ئەم خاڵانەو هەنگاوی زیاتری دیکەشە بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بونیادی بنێنەوە.



## گرنگی بەشداری هاوڵاتیان و دەنگدانیان بە هاوپەیمانی کوردستانی

مەرج نییە تەنیا ئەرکی کوردبێت دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدات، لەبەرئەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستێکی فرەڕەنگ و فرە بیرو بۆچوونە بەڵام یەکگرتووە لەڕووی پابەندبوونی بە دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی فرەیی و هەمەرەنگی ئەو ناوچانە.


ئەگەر سەیری ئەو بەشانە بکەین کە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی شاری موسڵ دانراوە هەستدەکەین ئەو بەشانە نەك هەر کەمن بەڵکو بە ئاستێك پێکهاتەیەکی وەك لیستی عەشتاری تورەکردووە کە بریار بدەن بەشداری هەڵبژاردنەکان نەکەن، ئەویش بە دابینکردنی تەنیا یەك کورسیی ئەنجوومەنی پارێزگای بۆ مەسیحی و یەك کورسی بۆ شەبەك و یەك کورسیی بۆ یەزیدی دانراوە، ئەمە لە کاتێکدا دانیشتوانی ئێستای موسڵ ئەگەر لە ژمارەی دانیشتوانی ساڵی ١٩٩٢ی هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی زیاتر نەبێت کەمتر نییە، لەساڵی ١٩٩٢ ژمارەی فیعلی ئەو سێ پارێزگایەی لەژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بوو هەر تەنیا٢،٥-٣ ملیۆن کەس بووە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان پەرتەوازە و دەرکراو دەربەدەر بوو، هەروەها ڕێژەی مەسیحییەکانی موسڵ لە ڕێژەی مەسیحییەکانی هەموو کوردستان زیاترە، بەڵام بەرەی کوردستانی لەو باردۆخەدا ٤ کورسی بۆ مەسیحییەکان تەخانکردوو بە چەندین وەزارەت و دامودەزگای گرنگیشی لە هەرێمدا پێسپاردن و ئێستاش دوو وەزارەت لەلایەن مەسیحیەکانی کوردستانەوە بەریوەدەبرێن، بۆیە کاتێك دەبینن ڕێژەی کریستییانەکانی موسڵ بە ٢٪ دەخەمڵێنرێت ویەزیدی وشەبەکیش بە هەمان شێوە، زیاد لەمەش لیستی دیکەیان بەناوەوە دروستدەکرێت بۆ ئەوەی بە تەواوی پیلانە شۆڤێنیەکانییان سەربگرێت، مانای وایە پێکهات غەیرە عەرەبەکانی شاری موسڵ لەبەردەم هەرەشەی توانەوەن و ماوەی زیاتر لەسەدەیەکیشە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ هاوخەبات بوون لەگەڵ شۆرشی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو پیلانی توانەوەی نەتەوەییە رابگرن، ئێستا جارێکی دیکە و بە ناوی دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە دەیانەوێت، ئەو هەڵمەتە شۆڤێنیە دەست پێبکەنەوە، بۆیە هیچ ڕێگەیەك لەبەردەم ئەو پێکهاتانەو هێزە دیموکراتخوازەکاندا بێجگە لەوەی یەکبگرن و خەڵك لەوە هۆشیار بکەنەوە کە پێویستە دەنگ بەو لیستە بدرێت کە ئامادەیە لەسەر حسابی ئیستحقاقی ئینتخابی خۆی ئەو فرە رەنگی و فرەییە بپارێزێت، ئامادەیە لەسەر لە پێناوی بە ئاوا هێشتنەوەی کڵێسا و دێر و مزگەوتەکان هەموو قوربانیەك بدات و ڕووبەڕووی ئەو ئەقلیەتە شۆڤێنیانەە ببنەوە، بەڵام دەبێت هەموو لایەك ئەو راستیە لەبەر چاو بگرن کە ئەم ئامانجە پێویستی بە بەشداری حەماسیانەی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان و هێزە دیموکراتخوازەکان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لەبەرامبەر ئەو شۆڤێنیانە رابوەستن و پێیان بڵێن بەرەی خێری دیموکراتیخوازان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەبەرەی شەری شۆڤێنیەکان بە هێزترە.

**مەرج نییە تەنیا ئەرکی کوردبێت دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدات، لەبەرئەوەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستێکی فرەڕەنگ و فرە بیرو بۆچوونە بەڵام یەکگرتووە لەڕووی پابەندبوونی بە دیموکراسی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی فرەیی و هەمەرەنگی ئەو ناوچانە**

سەبارەت بەو ناوچانەشی کە لە هەرێمی کوردستان دابراون وئێستا پێیان دەڵێن ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، دەبێت هەموو لەوە دڵنیابین و بڕواشمان بەوە هەبێت کە دەبێت ئەو کێشانە بەرێگەی دیموکراتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە چارەسەر بکرێت، هەربۆ نموونە، لە پارێزگای دیالە، قەزای خانەقین وناحیەکانی دەوربەی بە کەمتر بە ١٠٪ی دانیشتوانی پارێزگای دیالە حسابی بۆکرابوو، بەڵام بەشداری بەرفراوانی ئەو ناوچەیە وداکۆکیکردنیان لە مافەکانیان لە هەڵبژاردنی رابردوو سەلماندنی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەرێژەی زیاتر ٢٥٪ی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە پێکدەهێت وسەلماندنی ڕێژەی کوردستانیانی پارێزگای دیالە دووەمین ڕێژەیە لەو شارەدا، هەربۆیە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە درا بە هاوپەیمانی کوردستانی.

لە کەرکوکیش کە بەداخەوە دوژمنانی دیموکراتی ڕێگەیان نەدا ئەمجارەش بەرێگەی دەنگدان کوردستانیبوونی خۆی بسەلمێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ لیستی برایەتی کەرکوك سەلماندی ئەم شارە بە پێکهاتە جیاوازەکانییەوە ناسنامەی کوردستانییە، جێگەی وەبیر هێنانەوەیە لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بەناوی لیستی برایەتی لە هەڵبژاردنی پێشوو بەشداری کرد، پێش ئەوەی لەخەمی کوردبوونی کەرکوکدا بێت لە خەمی کوردستانیەتی ناسنامەی کەرکوك بوو، هەربۆیە لیستی برایەتی کەرکویش رەنگدانەوە کورد و تورکمان و عەرەبی رەسەنی کەرکوك بوو، ئەمەش ئەو پەیامەیە کە دوژمنانی دیموکراتی لێی دەترسن و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە رەوتی دیموکراتی لە وشارەدا رابگرن، ئەم واقیعەی دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥

**لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر حسابی خۆی و ئیستحقاقی ئینتخابی خۆی کورسیەکانی بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحی و هەروەها لەسەر ئاستی ئەو جیاوازیە شۆڤێنیانەی لەسەر ئاستی ئایین و مەزهەبیش لەنێو کوردا دروستیان کردووە وەک یەزیدی و شەبەک**



پێمان دەڵێت:

أ- ئەو پرۆسە دیموکراتییەی لە عێراقدا دەستی پێکردووە ناحەزی لە دۆستەکانی زیاترە، هەربۆیە پێویستە ئەوانەی خۆیان لەسەر بەرەی دیموکراسی وبروابوون بە عێراقی نوێ حساب دەکەن، دەبێت بەشداریەکی فیعلی و کاریگەریان لەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەبێت بۆ ئەوەی بەرەی خێر بەسەر بەرەی شەردا زاڵبێت وجارێکی دیکە بەرەی ٢٢ی تەموز دژ بە دەستور و دیموکراسی دروست نەبێتەوە.

ب- ئاسەواری بەعەرەبکردن و بەکەم سەیرکردنی ئاین و مەزبەهەبەکان وسرینەوەی ئەقلیەتی شۆڤێنی عەرەبی، بەبەشداری لە پرۆسە دیموکراتییەکان دەسرێتەوە، ئەمرۆ زەمەنی خۆ بە زلزانیین و شەڕ و دیکتاتۆری بەسەرچووە، بۆیە پێویستە بوار نەدەین ناحەزان و دوژمنانی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بەرێگەی سندوقی دەنگدان مەرامەکانیان دێتە دی، ئەمەش چۆن پوچەڵدەکرێتەوە ؟بێگومان بە ئامادەبوونی هەریەکێکمان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان و بە دەنگدانمان بۆ دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە.

ت- ناحەزانی دیموکراسی و شۆڤێنیەکان پێشتر بە هەموو شێوازێکی سیاسەتی دڕندانەو ترس و تۆقاندن دیمۆگرافیای زۆربەی ئەو ناوچانە بگۆڕن، ئێستاش بە کاری تیرۆریستی و تۆقاندن و هەرەشە بەردەوامن و دەیانەوێت کەشە ئارامەکەی ئەو ناوچانە بشێوێن و ئاکامی دەنگدان بگۆرن، بۆیە هۆشیاری و ئامادەباشی و بەشداری و بوونمان لە گۆڕەپانەکە بۆ هەتاهەتایە ئەو هەڕەشانە زیندە بەچاڵ دەکات، ئەمە گەورەترین وەڵام دەبێت بۆ ئەو ناوچە کوردستانییانەی کە ئەوان بە ناوچەی کێشە لەسەر لە قەڵەم دەدەن.بۆیە بەشداری فراوانمان لەدەنگدان، مافی یەکسانی و هاووڵاتیبوون دەسەلمێنینەوە کۆتای بەو هەوری راسیزمە دێت، کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە ئەقڵی شۆڤێنی درێژەی پێدەدا.

ث- بۆ ئەو نەتەوە و ئاینە جیاوازانەی لەم ناوچانە دەژین، دەبێت دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان وەك بەرەی دیموکراسی بدەن، لەبەر ئەوەی بە گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاووڵاتی پلە دوو کۆتایی پێدێت، ئێوە ئەو کاتە دەبنە خاوەنی ماف و وڵاتی خۆتان کە دەگەرێنەوە بۆ سەرهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی جیالەوەی خۆتان کاروباری ناوچەکانی خۆتان بەرێوە دەبەن بەشداریش دەبن لە بەڕێوەبردنی کوردستاندا، هەر لە پێناوەدا و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هاوڵاتی پلە یەك وپلە دوو نەمێنێت، دەبێت پشتی بەرەی دیموکرسیخواز و بروابوون بە لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بدەین کە هاوپەیمانی کوردستانە کە لیستی سەرجەم دیمکراسیخوازان و هاووڵاتیانی کوردستانە.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسە گرنگە و بەشداربوون لەم هەڵمەتە دیموکراسیەی کە ئایندەی هەموو لایەکمان دیاری دەکات چەندین بەرێز بەشداریان کردوین کە ئەمە بۆچونەکانیانە.

**ئەو پرۆسە دیموکراتییەی لە عێراقدا دەستی پێکردووە ناحەزی لە دۆستەکانی زیاترە، هەربۆیە پێویستە ئەوانەی خۆیان لەسەر بەرەی دیموکراسی وبروابوون بە عێراقی نوێ حساب دەکەن، دەبێت بەشداریەکی فیعلی و کاریگەریان لەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەبێت**

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| التحالف الكردستاني / ديالى | ٢ | الاتحاد الوطني الكوردستاني | ٩٨ | مكتب ديالى |
| | | الحزب الديمقراطي الكوردستاني | ١٩٨ | |
| | | الحزب الاشتراكي الديمقراطي الكوردستاني | ١٧٨ | |
| | | الاتحاد الاسلامي الكوردستان | ١٦٧ | |
| | | حزبي زحمةتكيشاني كوردستان | ١٠٢ | |
| | | الحزب الشيوعي الكوردستاني- العراق | ١٧٧ | |

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| جبهة التوافق و الاصلاح الموحدة في ديالى | ١١ | الحزب الاسلامي العراقي | ٢٦٢ | مكتب ديالى |
| | | جبهة الاصلاح في محافظة ديالى | ٥٢١ | |
| | | المؤتمر العالم لاهل العراق | ٢٧٠ | |
| | | حزب العدالة التركماني العراقي | ٣٩ | |
| | | التجمع الوطني العشائري المستقل | ٤٧٣ | |

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| قائمة التآخي والتعايش السلمي | ٧ | الاتحاد الوطني الكوردستاني | ٩٨ | صلاح الدين |
| | | الحزب الديمقراطي الكوردستاني | ١٩٨ | |
| | | الاتحاد الاسلامي الكوردستان | ١٦٧ | |
| | | الجماعة الاسلامية الكوردستانية-العراق | ١٢٣ | |
| | | الحزب الاشتراكي الديمقراطي الكوردستاني | ١٧٨ | |
| | | الحزب الشيوعي العراقي | ١٧ | |
| | | الحزب الشيوعي الكوردستاني- العراق | ١٧٧ | |
| | | الحزب الاخاء التركماني | ٢٢٥ | |

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| جبهة توافق صلاح الدين | ١٨ | الحزب الاسلامي العراقي | ٢٦٢ | صلاح الدين |
| | | المؤتمر العام لاهل العراق | ٢٧٠ | |

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| قائمة نينوى المتآخية | ٩ | الحزب الديمقراطي الكوردستاني | ١٩٨ | مكتب نينوى |
| | | حزب الاتحاد الديمقراطي الكلداني | ١٦٦ | |
| | | الاتحاد الوطني الكوردستاني | ٩٨ | |
| | | الحزب الوطني الآشوري | ٢٢ | |
| | | الاتحاد الاسلامي الكوردستان | ١٦٧ | |
| | | الحزب الشيوعي العراقي | ١٧ | |
| | | الحزب الشيوعي الكوردستاني- العراق | ١٧٧ | |

| اسم الائتلاف السياسي | رقم مصادقة الائتلاف | اسماء الكيانات المؤتلفة | رقم مصادقة الكيان | مكان التقديم |
|---|---|---|---|---|
| قائمة الحدباء الوطنية | ١٠ | تجمع الحدباء الوطني الموحد | ٧٣٦ | مكتب نينوى |
| | | حركة العدل و الاصلاح العراقي | ٨٦٧ | |
| | | التجمع الجمهوري العراقي | ٤٣ | |
| | | مجلس العموم الوطني العراقي | ٢٥٤ | |
| | | محمد عبدالله الجبوري | ٧٣٧ | |

**ئەو نەتەوە و ئاینە جیاوازانەی لەم ناوچانە دەژین، دەبێت دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان وەک بەرەی دیموکراسی بدەن، لەبەر ئەوەی بە گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاووڵاتی پلە دوو کۆتایی پێدێت، ئێوە ئەو کاتە دەبنە خاوەنی ماف و وڵاتی خۆتان کە دەگەڕێنەوە بۆ سەرهەرێمی کوردستان**

مەحمود محەمەد وەك سیاسییەك، بۆ سازدانی دیمانە كاتت بۆ دیاری دەكات، هەربۆیە كاتێك داوای دیمانەی لێدەكەیت، سەیری بەرنامەی كاری خۆی دەكات، ئەگەر بزانێت كاتی بەرنامەكەی ئاڵۆ وێری تێدەكەوێت داوات لێدەكات لە ماوەیەكدا خۆی تەلەفونت بۆبكاتەوە، بەڵام ئەم سیاسەتمەدارە بە پێچەوانەی هەندێك بەر پرسی دیكە كە پێت دەڵێت خۆم تەلفونت بۆ دەكەمەوە و نایشیكاتەوە، ئەم لەبیری ناچێتەوە، دەزانێت رۆژنامەنووسێك چاوەڕێی زەنگی تەلفونەكەی ئەوە و لەوانەیە چەندین كاری دیكەی راگرتبێت، هەربۆیە دوای تەواو بوونی كارەكەی وەك تەلەفون بۆ هاورێیەكی خۆی بكات رۆژنامەنووسەكە ئاگادار دەكاتەوە كە ئێستا كاتی هەیە و ئیختیار دەداتە رۆژنامەنووسەكە شوێنێك دیاری بكات بۆ ئەوەی دیدارەكەی ئەنجامبدات. كە بۆ دیمانەكەش سەردانی دەكەیت دەبینیت وەك چاوەڕوانی هاورێیەكی خۆی بكات لە پێشوازی رۆژنامەنووسەكە راوەستاوە و لە چوونە ژوورەشدا پێش رۆژنامەنووسەكە ناكەوێت، كاتێك لەگەڵیشی دەكەویتە قسەكردن هەست دەكەیت لەگەڵ رۆشنبیرێك نەك بەرپرس یان ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی قسەدەكەیت و هەروەها لێشت ناپرسێت مەبەستی لەو پرسیارە چییە و بۆچی دەیوروژێنیت، سەبارەت بە بایەخی هەڵبژاردنی پارێزگاكان و بەشداری لیستی هاوپەیمانی كوردستان لە هەر٣ پارێزگای نەینەواو سەلاحەدین و دیالە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە.



مەحمود محەمەد ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا تەنیا ئیدارە گۆڕاوە، ئەقلییەت نەگۆڕاوە بۆیە پێویستە بەشداری فراوانی هەڵبژاردنەكان بكەین بۆ ئەوەی ئەقڵیەتە شۆڤێنیەكانیش بگۆڕین

**•••**

**بە گشتی ئەوە پرۆسەیەكی گرنگە و بۆ كورد گرنگییەكی زیاتری هەیە، لەبەر ئەوەی لە دوای رووخانی رژێمی سەددام كورد چالاكانە بەشداری لە بنیاتنانی عێراقدا كردووە بۆ ئەوەی عێراقێكی دیموكراتی بێت، هەڵبژاردنیش یەكێكە لە پایە سەرەكی و رواڵەتە جوانەكانی دیموكراسی، بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری لە دارشتنی بڕیارەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكاندا بكات**

**•••**

**•••**

**بەدەستهێنانی دەرئەنجامێكی باش لەو ناوچانە لە رووی نەتەوەیی، ئابووری، كارگێری و سیاسی كاریگەری باشی دەبێت لەسەر كورد و پاڵپشتیەك دەبێت بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ و كارئاسانییەكی باش دەبێت و بەرچاورونییەك دەبێت بۆ عێراقییەكان**

**•••/**

**•گرنگی بەشداری كورد لەهەڵبژاردنی پارێزگاكانی عێراقدا چییە ؟ بۆچی هاوپەیمانی كوردستان بەشداری تێدا دەكات ؟**

- بە گشتی ئەوە پرۆسەیەكی گرنگە و بۆ كورد گرنگییەكی زیاتری هەیە، لەبەر ئەوەی لە دوای رووخانی رژێمی سەددام كورد چالاكانە بەشداری لە بنیاتنانی عێراقدا كردووە بۆ ئەوەی عێراقێكی دیموكراتی بونیاد بنێت، هەڵبژاردنیش یەكێكە لە پایە سەرەكی و رواڵەتە جوانەكانی دیموكراسی، بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری لە دارشتنی بڕیارەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكاندا بكات، لەبەر ئەوەی پێشتر تەنیا نوخبەیەك بڕیاری دەدا و خەڵك جێبەجێیان دەكرد. هەروەها گرنگییەكەی لەوەدایە كە

خەڵك کاربەدەستەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەشداری کردنی کوردیش لەو ناوچانەدا گرنگی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی زۆر لایەن بوونی کورد لەو ناوچانەدا ڕەت دەکەنەوە، ئەمەش گرێ و گرژییەکی زۆری دروستکردووە و کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر لایەنەکانی سیاسی، ئابووری، ئیداری و پەروەردەی و تەندروستی، بۆیە گرنگە کورد بەشداری لە مەسەلە سیاسی و گرنگەکانی دیکەدا بکات لەو ناوچانەدا.

***تا ئێستا هیچ ئامارێك لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی ڕێژەی کورد بسەلمێنێت لە شارێکی وەك موسڵ، یان دیالە، ئەوەی هەیە تەنیا دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ ئەویش کێشەی لەسەرە، بەڵام ئایا دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە نابنە مەحەك بۆ سەلماندنی ڕێژەی ڕاستەقینەی کورد لەو ناوچانەدا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە مەسەلەیەکە و مەسەلەی دیکەش هەیە، پێشتر هەندێ لایەن بەشداریکردنیان لەو هەڵبژاردنانە ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی خوێندنەوەیەکی ناواقیعیان هەبوو بۆ بارودۆخەکە، بەڵام ئەمجارەیان نەخشەکە دەگۆڕێت و دەبێت دان بەو تێکەوڵایەی کۆمەڵگەی عێراقیدا بنێین کە نەتەوە و ئاین و ئاینزای جیاوازی تێدایە، ڕەتکردنەوەی ئەم واقیعە خۆی لە خۆیدا کارەساتە. بوون و بەشداری کورد گرنگییەکی زۆری هەیە، ئێمە دەبێت بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکاندا بکەین، ئەمەش پرۆسەیەکی سیاسی گرنگە، لە لایەکی دیکەوە بەشدارنەبوونمان دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی مافەکانمان، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەو لیژنانەی ئێمە بەشداری تێدا ناکەین بڕیاری زۆر نارەوا لە دژی ئێمە دەردەکەن و زۆرجاریش هەوڵی سڕینەوەی بوونی کورد دراوە لەو ناوچانەدا، بۆیە دەبێت زۆر کاریگەرانە بەشداربین بۆ ئەوەی ئەو مافەی هەمانە بەکاری بهێنین لە دوایشدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆمان بە شێوازێکی دروست جێبەجێی بکەین.

***ئەو ناوچانە کێشەی سیاسیشیان هەیە بۆ نموونە ماددەی ١٤٠ ئایا بەشداری جیددی کورد نابێتە هۆی پاڵپشتێك بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥یشدا دەرئەنجامەکان ڕوون بوون، بەڵام زۆرلایەن لەبەرچاویان نەگرت و تەنانەت دیمستۆراش لە ڕاپۆرتەکەیدا لە سەر ئەو ناوچانە ئەمەی بە باشی لەبەرچاو نەگرتبوو. بەدەستهێنانی دەرئەنجامێکی باش لەو ناوچانە لە ڕووی نەتەوەیی، ئابووری، کارگێڕی و سیاسی کاریگەری باشی دەبێت لەسەر کورد و پاڵپشتیەك دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و کارئاسانییەکی باش دەبێت و بەرچاوڕوونییەك دەبێت بۆ عێراقییەکان.

***هاوپەیمانی کوردستان لەو ناوچانەدا بە لیستی برایەتی یان پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بەشداری دەکات و جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکاندا ناکات بۆ نموونە لیستەکە عەرەبی تێدایە، تورکمانی تێدایە و مەسیحیشی تێدایە کە بەرامبەر لیستی ئوسامە نجێفی و ئەوانی دیکە ڕادەوەستن ئەمە ئەرکێکی قورسە بەڵام سەرکەوتنەکەی چەند گرنگە؟**

- ئێمە دەبێت دان بەو واقیعە تێکەڵاوەدا بنێین کە هەیە و دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئاڵۆزی هەیە بۆ نموونە لیستەکەی ئوسامە نوجەیفی کە زۆرێك لە بەعسییەکان و ئوسوڵییەکان و ئیرهابییەکانی تێدایە. بەڵام لیستەکەی ئێمە پێکهاتە جیاوازەکانی تێدایە من ئومێد دەکەم نییەتی ئێمە لە لیستی برایەتی ئەوەبێت کە پیشانی بدەین ئێمە باوەڕمان بە گفتوگۆ و برایەتی و پێکەوەژیان هەیە، کە لێبوردەیی و پێکەوە ژیان یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کورد، نەك وەك لیستەکانی دیکە کە هەموو پێکهاتەکانی دیکە ڕەت دەکەنەوە، دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ڕێژەیەکی زۆری عەرەب هەیە لە موسڵدا، تورکمان هەیە، لە ناو کوردەکانیشدا موسڵمان و یەزیدی هەیە، لە ناو موسڵمانەکانیش شیعە و سوننەمان هەیە، من ئومێدێم وایە لیستەکەی ئێمە ڕەنگدانەوەی ئەم پێکهاتە جیاوازانە بن لەو ناوچانەدا بۆ ئەوەی بتوانن ڕای جەماوەری خۆیان رابکێشن بە لای خۆیاندا.

*** بەشی مەسیحی و شەبەك و یەزیدییەکانی لە موسڵدا دیاری کراوە کە هەر یەکێکیان تەنیا یەك کورسی ئەنجومەنی بەردەکەوێت، بەڵام لیستی برایەتی هاتووە لیستەکەی خۆی لەگەڵ ئەمانەدا دابەشکردۆتەوە کە حەتمەن ئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی پارتی و یەکێتیە، ئەم کارە چۆن لێك دەدەنەوە؟**

- لە ڕاستیدا دیاری کردنی ئەو یەك کورسییە زوڵمێك بوو لە شەبەك و لە یەزیدی و تەنانەت لە مەسیحیەکانیش لەبەر ئەوەی ڕێژەی هەر یەکێکیان لەوە زیاترە کە بۆیان دیاری کراوە، لە کاتی گفتوگۆکانماندا لە سەر ماددەی ٥٠ ئێمە رامان گەیاند کە شەبەك کەمینە نین، ئەوان کوردن هەرچەندە شیعە و سوننەیان تێدایە، یەزیدییەکان کوردن، بەڵام ئاینیان جیاوازە. ئەوەی ماوەتەوە مەسیحیەکانن با بەشی ئەوان دوو یان سێ یان تەنانەت با پێنج کورسی بێت چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، واتە باوەڕمان وابوو با تەنیا مەسیحیەکان لە چوارچێوەی "کوۆتا" ئیش بکەن. بەڵام ئەوان سووربون لە سەر ڕای خۆیان بەو بڕوایەی کە دەتوانن ئینشقاق بخەنە ناو کوردەکانە و شەبەك و یەزیدییەکان لە کورد جیابکەنەوە و هێزی کورد کەم بکەنەوە هەمو هەوڵەکە بۆ ئەم ئامانجە بوو. ئێمە ئەو واقیعەمان لەبەرچاوە کە لە سەدا ٥٥ بۆ ٦٠ دەنگدەرانی کوردی موسڵ یەزیدیەکانن، ناکرێت تەنیا بە یەك کورسییەکە ڕازی بین بۆ یەزیدیەکان ئەگەر وابکەین زوڵم لە برا یەزیدیەکانی خۆمان دەکەین. شەبەك لەوە زیاترن، هەر بۆیە ئێمە لە ناو لیستەکەی خۆماندا شەبەك و یەزیدی و مەسیحی و عەرەب و تورکمانیشی تێدایە.

***بۆچی پەرلەمانی عێراق هەوڵی ئەوە دەدات بە زۆری زۆرداری شەبەك تەعریب بکاتەوە و بیکاتە عەرەب، بۆ نموونە حەنین قەدۆیان کردووە بە نوێنەری شەبەك کە ئەوەی قەدۆ بێت کورد نییە؟**

- ئەمە بەشێکە لەو سیاسەتی تەعریبەی کە پێشتریش لە لایەن ڕژێمی سەددام حوسێنەوە پیادە دەکرا، بۆ نموونە لەو کاتەدا بڕیاری "ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی" هەبوو واتە کورد و مەسیحی و تورکمان ناچار دەکران نەتەوەی خۆیان بگۆڕن بۆ نەتەوەی عەرەبی، ڕەنگە لە ناو شەبەك و یەزیدیەکانیشدا کەسانێکی زۆر کەم هەبوبێتن کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان ئەم کارەیان کردبێت، بەڵام ئەگەر شەبەك و یەزیدی کوردنین و عەرەبن بۆچی ڕاگوێزران،

●●●

**زۆرجار ئەو لیژنانەی ئێمە بەشداری تێدا ناکەین بڕیاری زۆر نارەوا لە دژی ئێمە دەردەکەن و زۆرجاریش هەوڵی سڕینەوەی بوونی کورد دراوە لەو ناوچانەدا، بۆیە دەبێت زۆر کاریگەرانە بەشداربین بۆ ئەوەی ئەو مافەی هەمانە بەکاری بهێنین لە دوایشدا ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆمان بە شێوازێکی دروست جێبەجێی بکەین**

●●●

●●●

**ئەوان باوەڕیان بە دیکتاتۆرییەت و باڵادەستبونی نەتەوەیەکی دیاری کراو هەیە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا**

●●●



بۆچی دەرکران، ئەم شێوازەی ئێستا دەیگرنەبەر هەوڵێکی ترە بۆ دروستکردنی درز لە نێوان کوردەکاندا. ئەوەی پەیوەندی بە حەنین قەدۆوە هەبێت ئەوا ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە شەبەك نە کوردە و نە عەرەب، بەڵکو نەتەوەیەکی جیاوازن، بەڵام ئەو لە ناسنامەکەی نووسراوە کە عەرەبە، بەڵام ئەو ئازادە خۆی بە هەر نەتەوەیەك دادەنێت بەڵام بۆی نییە ناسنامەیەکی نەتەوەی دیاری کراو بەسەر شەبەکدا بسەپێنێت، زۆربەی خەڵکی شەبەك بە شیعە و سوننەکانەوە ئەم هەوڵە ڕەت دەکەنەوە و خۆیان بە کورد دەزانن. حەنین قەدۆ دەیەوێت بەم شێوەیە کاری سیاسەت بکات کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و لە ئایندەدا لێی پەشیمان دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی سەددام بەو هەموو هێز و دەسەڵاتەوە ئەم کارەی بۆ نەکرا، چۆن کەسێکی لاوازی وەك حەنین قەدۆ ئەم کارەی پێدەکرێت.

*** بۆچی لیستی هاوپەیمانی کوردستان عەرەب و تورکمان و مەسیحی تێدایە، لە کاتێکدا ئەوان بە لیستی خۆیان بەشداری دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئێمە بەرگری لە کوردستانییەت دەکەین، ئایا ناتوانین بە تەنیا وەك کورد دەنگی پێویستی بهێنین؟**

- ئێمە تێکەڵاوی و دۆستایەتییەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانی دیکەدا لەو ناوچانەدا و زۆرێك لە خەڵکانی سەر بە نەتەوە و ئاینانە باوەڕیان وایە دەتوانن لەگەڵ کوردا ژیانێکی بەختەوەر ببەنەسەر و هەندێکیان لە ڕێکخستنەکانی پارتی یان یەکێتیدا کاردەکەن، لەبەر ئەوە ناتوانین ڕێگەیان لێ بگرین، یان بەشداریان پێ نەکەین، یان بەرگری لە مافەکانیان نەکەین، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە لەگەڵ کورددا بە مافە نەتەوەی و ئاینیەکانیان دەگەن. ئێمە پێشتریش لە موسڵ لە لیستەکەی ئێمەدا عەرەبێکی زۆر هەبوون و تەنانەت پارێزگای ئێستای موسڵ لە لیستەکەی ئێمەبوو، ئەمە واقعبینی ئێمەیە و خوێندنەوەی دروستی ئێمەیە بۆ ئەو واقیعە تێکەڵاوە.

ئێمە پێشتریش لە موسڵ لە لیستەکەی ئێمەدا عەرەبێکی زۆر هەبوون و تەنانەت پارێزگای ئێستای موسڵ لە لیستەکەی ئێمەبوو، ئەمە واقعبینی ئێمەیە و خوێندنەوەی دروستی ئێمەیە بۆ ئەو واقیعە تێکەڵاوە

***کەواتە ئایا پەیامی ئیوە ئەوەیە، ئەگەر ئەو ناوچانە گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا ئەوان خۆیان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن؟**

- ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە باوەڕمان بە پێکەوە ژیان هەیە، باوەڕمان بەوە هەیە کە نەتەوە و ئاینی جیاواز دەتوانن پێکەوە بە بەختەوەری بژین، پەیامی ئێمە پێکەوە ژیانە و ئەگەر ئەو ناوچانە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠دا گەڕانەوە سەر کوردستان ئەوا نەتەوە و ئاینی جیاواز دەتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن تا حەدی حوکمی زاتی، کە ئێمە لە دەستووری کوردستاندا پێشنیارمان کردووە کە ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەیان تورکمان یان مەسیحین دەتوانن حوکمی زاتیان هەبێت، باوەڕمان بەوەهەیە کە دەبێت تایبەتمەندییەکانی تورکمان پارێزراوبێت و بتوانن پەرە بە کەلتوور و زمانی خۆیان بدەن، ئەمە مافی هەر کەسێکە و نابێت بە پشت بەستن بە ژمارە ماف بە خەڵك بدەین، بەڵکو دەبێت لەسەر ئینتیما یان پێکهاتەی نەتەوەیی یان ئاینی ئەم مافە بدەین. لەبەر ئەوە نابێت تاکڕەوی بە دەسەڵاتەوە بکەین و ئەوانیش لە دەسەڵاتدا بەشداری پێبکەین لەو ناوچانەدا ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیشدا دەتوانن بەشداری بکەن.

ئێمە لە دەستووری کوردستاندا پێشنیارمان کردووە کە ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەیان تورکمان یان مەسیحین دەتوانن حوکمی زاتیان هەبێت، باوەڕمان بەوەهەیە کە دەبێت تایبەتمەندییەکانی تورکمان پارێزراوبێت و بتوانن پەرە بە کەلتوور و زمانی خۆیان بدەن

*** ئێمە دروشمی لێبوردەیی و پیکەوەژیانمان بەرزکردۆتەوە، ئایا پێت وانییە ئێمە کەمتەرخەمیمان هەیە و نەمان توانیوە بەرەی لێبوردەیی بەهێزبکەین و بەرەی توندڕەوی بشکێنین؟**

- کەسانێك بڕیاریان داوە دژی بەرژەوەندی کورد کاربکەن کە کورد باوەڕی بە پێکەوە ژیان و پێکەوە بەڕێوبردن هەیە، هەروەها بەشێکی هەوڵەکانی ئەوان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە لە دەستیان داوە، ئەوان دژایەتی ئەو ئاڕاستەیەی کوردەکان دەکەن کە باوەڕی بە پێکەوەژیان و یەکسان بوون لە ئەرك و مافەکاندا هەیە، ئەوان باوەڕیان بە دیکتاتۆرییەت و باڵادەستبونی نەتەوەیەکی دیاری کراو هەیە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، هەوڵەکانی ئوسامە نوجەیفی هەمان هەوڵی بەعسییەکانە کە باوەڕیان وابوو کە نەتەوەکانی دیکە تەنیا ئەرکیان هەیە و ئەگەر ئەوان ویستیان هەندێ مافیان پێ دەبەخشن. بۆ نموونە بەعسییەکانیش باوەڕیان بە بوونی کورد هەبوو، بەڵام پێیان وابو ئەو خاکەی کوردی لەسەر دەژییێت نیشتمانی عەرەبە و کوردەکان میوان و کۆچکردون لەسەر ئەم خاکە و لە ساڵی ١٩٧٥دا ئامادەبوون بەشێك لە خاکی عێراق بدەن ئێران بۆ ئەوەی نسکۆیەك بەسەر کورددا بهێنن، بەڵام ئامادەنەبوون لەگەڵ کورد دابنیشن بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەربکەن. واتە سەرەڕای ئەوەی سیستەمی ئیداری گۆڕاوە بەڵام هێشتا گۆڕان لە عەقلیەت و بیرکردنەوەی هەندێ لەو کەسانەدا نەهاتووە کە باوەڕیان بە باڵادەستی نەتەوەیەکی دیاری




کراو و لە ناو ئەو نەتەوەیەدا بە مەزهەبێکی دیاری کراوە.

***مەبەستم لەپرسیاری پێشتر ئەوەیە.،ئەوان هەوڵ دەدەن درز بخەنە نێو ئەو دۆستایەتییە هەزار ساڵەی نێوان مەسیحی و کوردەکاندا هەیە، ئایا پێت وانییە ئێمە کەمتەرخەم بووین و نەمان توانی وەك پێویستی ئەم مەسەلەیە روون بکەینەوە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە لێبوردەیی هەیە، تەنانەت سەرۆکی حکومەت خۆی ناچاربوو وتارێك بنووسێت؟**

- هەوڵـی زۆر درا بۆ ئـەوەی ئەو تۆمەتانـە رەتبکرێنەوە کە لەدژی کورد کران، بەڵام کەسانێك هەن بڕیاریان داوە تێنەگەن و بەردەوامبن لە سـەر دژایەتیکردن، بۆ نموونە لە ماوەی پێشوودا دەسـەڵاتدارێك لە بەغداوە رەوانەی موسڵ کراوە کە سەرزەنشتی هەواڵگری ئەو شارەی کردووە کە بەو شێوەیە کاریان نەکردووە کە کورد تاوانباربکرێت بە دەرکردنی مەسـیحیەکان، دواتر بە هەمان شێوە ئەمەی بە پارێزگاری موسـڵ راگەیاندووە و پارێزگاریش وەڵامێکـی تونـدی داوەتەوە و پێـی راگەیانـدووە کە بوونی کوردەکان زەمانەتە بۆ ئەو شـارە. ئەمە مەسەلەیە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە لەگەڵ لایەنە سیاسـییەکانی دیکەدا باسکراوە، بەڵام کەسـانێك هەبوو دژی ئەو پێکەوە ژیانە بوون بۆیە هەوڵی دروستکردنی ئەو درزەیاندا.

***ئایا ئێوە بە نیازن خەڵکی ئەو ناوچەیە بکەن بە کورد یاخود ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەر کوردستان؟**

- ئێمە هەوڵی ئەوە نادەین هیچ کەسێکی غەیرە کورد بکەین بە کورد و ئێمە هەرگیز لەگەڵ سیاسەتی "راستکردنەوەی نەتەوەیی"دا نین و پێمان وایە ئـەوەی رژێمی بەعس کردی لەم رووەوە هەڵەیەکی گەورەبوو، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئـەوەی تورکمانە بە تورکمانی بمێنێتەوە بە هەمان شێوە عەرەبەکانیش، هەروەها ئێمەش پێکهاتەی جیاوازمان هەیە، شەبەك و یەزیدی، بەڵام ئێمە کوردمان لە شوێنە جیاوازەکانـی عێراقدا هەیە، بۆ نموونـە ئێمە کوردمان لە بەغدا هەیە، هەروەها ئێمە دەمانەوێت ئەو کوردانەی ئێمە لەو شـوێنانە رۆڵی ئیجابی ببینن لە پرۆسـەی بـە دیموکراتیکردنی عێراق، لەبەر ئەوەی تا زیاتر دیموکراسـی لە شـوێنەکانی تری عێراق قوڵبێتەوە بچەسپێت ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندی ئێمە دەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە دەدەین بۆ سەر هەرێمی کوردسـتان کە لە مـاددەی ١٤٠دا وەك ناوچە ناکۆکی لەسـەرەکان ناویان هاتووە، بەڵام لە هەندێ شـوێنی دیکە ئێمە هەوڵی گەڕاندنەوەیان نادەین بۆ سەر کوردستان و تەنیا دەمانەوێت رۆڵێکی ئیجابی ببینین لەو شوێنانەدا.

*** پەیامت بۆ لیستی برایەتی چییە؟**

- پەیامی من ئەوەیە کە هەڵوێسـتەکانیان کاردانەوەی هەڵوێستە توندڕەوەکانی ئەوانی دیکە نەبێت، بەڵکو هەڵوێسـتێکی کوردانە و سـەردەمیانە بێت و زیاتر هەوڵی بە دیموکراتیکردنی پرۆسەکە بدەن و هەوڵی ئەوە بدەن خەڵکەکە بە بەرچاوڕونی و تێگەیشتنەوە بەشـداری بکەن و پرۆسەکە حاڵەتی ترس و تۆقاندنی تێدانەبێت، بەچەشنێك خەڵکی فێری چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و بەشداری کردنی جەماوەر بن لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیان.

●●●

**بەعسییەکانیش باوەڕیان بە بوونی کورد هەبوو، بەڵام پێیان وابو ئەو خاکەی کوردی لەسەر دەژێت نیشتمانی عەرەبە و کوردەکان میوان و کۆچکردون لەسەر ئەم خاکە و لە ساڵی ١٩٧٥دا ئامادەبوون بەشێک لە خاکی عێراق بدەن ئێران بۆ ئەوی نسکۆیەک بەسەر کورددا بهێنن، بەڵام ئامادەنەبوون لەگەڵ کورد دابنیشن بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەربکەن**

●●●

●●●

**ئێمە هەوڵی ئەوە نادەین هیچ کەسێکی غەیرە کورد بکەین بە کورد و ئێمە هەرگیز لەگەڵ سیاسەتی "راستکردنەوەی نەتەوەیی"دا نین و پێمان وایە ئەوەی رژێمی بەعس کردی لەم رووەوە هەڵەیەکی گەورەبوو**

●●●

خســرۆ گۆران بێجگە لەوەی جێگری پارێزگاری موســڵە لە هەمانكاتدا بەرپرســی لقی ١٤ی پارتی دیموكراتی كوردستانیشە لە موسڵ، هەروەها یەكێكە لەو كادرە چالاكانەی كە لە دوای رووخانی رژێمی بەعســەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تائێستا رۆڵێكی كاریگەری لەبەڕێوەبردنی ئیدارەی پارێزگای نەینەوا و شــاری موســڵدا گێڕاوە و هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بووە كە ســەقامگیری و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ شاری موسڵ و هاوڵاتییانی ئەو شــارە هەســت بە هاوڵاتیبوونی خۆیان بكەن و بە ئاشــتی و ئارامی پێكەوە بژین. خسرۆ گۆران لەشەڕی تیرۆریستان و پاككردنەوەی بەشــێكی گرنگی ئەو شارە لە تیرۆریســتان و گێرانەوەی ژیان بۆ بەشێكی گرنگی شاری موسڵ جێگەی دەستی دیاربووە و هەوەها لەماوەی ٦ ســاڵی رابردوو توانیویەتی وەك پێشــمەرگەیەك رێنمایی و راســپاردەكانی هاوپەیمانی كوردستان و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردســتان بۆ چەســپاندی برایەتی و پێكەوە ژیان لە موسڵ و تەواوی پارێزگای نەینەوا پیادەبكات. ئەو لەگەڵ ئەوەی چەندین جار لەلایەن تیرۆریســتانەوە هەوڵی كوشــتنی دراوە، بەڵام خۆشــبەختانە ســەلامەت بووە و رزگاری بووە، بەڵام هەرگیز بیری لە تۆڵە و كاری لابەلا و تۆمەتباركردنی عەرەب، لەبری ئەوەی ئەو تیرۆریستانەی هەوڵی كوشتنی ئەویان داوە ناسنامەیان عەرەب بووە، بە پێچەوانەوە خسرۆ گۆران هەوڵیداوە هاوڵاتییانی موســڵ و پارێزگای نەینەوا فێری شــێوازی دیموكراتیانە بكات بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانیان و هەر لەم پێناوەشــدا چەندین جار لەگەڵ هاوڵاتییانی موســڵ بەشــداری خۆپیشاندانە هێمنانەكانی شاری موسڵی كردووە یان وەك یەكێك لە بەرپرسەكانی موسڵ پێشــوازی لیكردوون و وەڵامی داخوازییەكانی داونەتەوە. ئێســتاش كە بەرەو هەڵبژاردنی پارێزگاكانی عێراق دەچین بێجگە لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بە پێویستمان زانی سەبارەت بەرەوشی موسڵ بۆ هەڵبژاردنەكان و بایەخی بەشداری كورد لەو پرۆسەیە ئەم دیمانەیە لەگەڵ بەڕێزی ئەنجامبدەین كە ئەمە دەقەكەیەتی.

ئەگەر رێژەیەكی زۆری دەنگەكانی ناوچەكانی وەک شێخان و زومار و شنگارمان بەدەست نەهێنا، ئەوا نەتەوە یەكگرتووەكان و لایەنەكانی دیكە بانگەشەی ئەوە دەكەن كە زۆرترین دانیشتوانی ئەو ناوچانە كوردنین



خسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بۆ گوڵان:

# بەشداری فراوانمان لە هەڵبژاردنەكانی پارێزگای موسڵ جێبەجێكردنی مادده ١٤٠ ئاسان دەكات

دەبێت ئەوەندە كورسیمان هەبێت بۆ ئەوەی هەندێ بڕیار كە لە بەرژەوەندی ئێمە نەبوون بتوانین رای بگرین، بەتایبەتی كە ئەم ئەنجومانە دەسەڵاتێكی ئابووری و سیاسی و یاسا زۆریان هەیە، بۆ نموونە دەتوانن قەزایەک یان ناحیەک هەڵبوەشێننەو، یاخود پێكی بهێنن

*** بایەخی ئەم هەڵبژاردنانە لە پارێزگایەكی گرنگی وەك موسڵدا بۆ كوردو هاوڵاتییانی دیكە چییە؟ بەتایبەت كە هەندێ ناوچەی دابڕاوی هەرێمی كوردستانیشی لە خۆگرتووە؟**

- دەنگــدان لــەم هەڵبژاردنانــەدا مافێكی دەســتووری هەمو هاوڵاتییەكە و بە پێی یاســا و دەســتوور دەبێت هەر چوار ساڵ جارێك ئەنجام بدرێن، بەڵام ئــەم هەڵبژاردنانە لە هەلومەرجێكی ئاڵــۆز و پڕ لە ململانێــدا ئەنجام دەدرێن بــە تایبەتی بۆ ئێمە لە پارێزگاكانی موســڵ و كەركوك و دیالــە كە ماددەی ١٤٠ لــە ئارادایە و چاوەڕوانی راپۆرتی دیمســتۆرا دەكرێت لەســەر چارەنووسی ئەو ناوچانە، هەرچەندە رەنگە دەرچوونی ئەو راپۆرتە دوابكەوێت.

ئەم هەڵبژاردنانە گرنگییەكی مێژوویی و چارەنووســازی هەیە بۆ ئێمە لەو شــوێنانە، بۆ نموونە لە پارێزگای موسڵ كە یەك لە سەر سێی دانیشتوانەكەی كوردە، دەبێت كورد بەشێوەیەكی فراوان

بەشــداری لەو هەڵبژاردنانەدا بکەن و تەنانەت ئەوانەی ئاوارەن و لە شوێنەکانی وەك عەنکاوە نیشتەجێن دەبێت بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەڵبســتن و دەنگ بدەن، بۆ ئەمەش ئاسانکاری کراوە و دەتوانن هەر لە شوێنەکانی خۆیان دەنگ بدەن. هەروەها ئەوانەی بیتاقەی خۆراکیان هەولێرە و خەڵکی مەخمورن، یان لە دهۆکن و خەڵکی زومار و شێخان و سنجارن دەبێت لە شوێنی لەدایکبوونی خۆیان دەنگ بدەن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ و زۆرترین کورسی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە مسۆگەر بکەین،. لەبەر ئەوەی رەنگە ببێتە بنەمایەك بۆ ماددەی ١٤٠ و رەنگە بڵێن دان بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دیکە ناکەین لەبەر ئەوەی دەستکاری کراوە.

لەبــەر ئەم مەبەســتە دەبێت زۆرترین دەنــگ بهێنین و تەنانەت ئەگەر ئیعتراف بە هەڵبژاردنەکانی پێشــوش بکەن، دیسانەوە دەبێــت زۆرترین دەنگ بەدەســت بهێنین بۆ ئــەوەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆست و دوژمن بسەلمێنین کە کوردەکان زۆرترین رێژەی دانیشــتوانی ئەو ناوچانە پێك دەهێنن و دەبێت بگەڕێنەوە ســەر هەرێمی کوردســتان. ئەگەر رێژەیەکی زۆری دەنگەکانی ناوچەکانی وەك شێخان و زومار و شنگارمان بەدەست نەهێنا، ئەوا نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنەکانی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زۆرترین دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردنین و ئەوەش دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانــە، بەتایبەتی کە رۆژ بە رۆژ دوژمن و ناحەزانی ئێمە ئاشــکرا دەبن و یەك دەگرن، بەتایبەتی شۆڤێنیەتی عەرەب بە توندی بەشــداری دەکەن بۆ ئەوەی زۆرترین کورسی بەدەست بهێنــن. ئێمە دەبێت زۆرترین دەنگ بەدەســت بهێنین کە مافی خۆمان یەك لەســەر سێی دەنگەکانە، چونکە هەندێ بڕیار هەیە کە پێویســتی بە دوو لە سەر سێی کورســییەکانی ئەنجومەنی پارێــزگا هەیە، واتە دەبێت ئەوەندە کورســیمان هەبێت بۆ ئەوەی هەندێ بڕیار کە لە بەرژەوەندی ئێمە نەبوون بتوانین رای بگرین، بەتایبەتی کە ئەم ئەنجومانە دەســەڵاتێکی ئابووری و سیاســی و یاســا زۆریان هەیە، بۆ نموونە دەتوانــن قەزایەك یان ناحیەك هەڵبوەشێننەوە، یاخود پێکی بهێنن.

*** ئێــوە وەك هاوپەیمانــی کوردســتان چــۆن بەشــداری لە هەڵبژاردنەکانی موسڵ دەکەن ؟**

- ئێمە لیســتی برایەتــی نەینەوامان پێکهێنــاوە کە کوردەکانی یەزیدی و شــەبەك و کوردی ســوننە و شیعەی لە خۆگرتووە و هەوڵ دەدەین کە خەڵکی خۆمان هۆشــیار بکەینەوە بۆ ئەوەی بە هەر شــێوەیەك بێت دەنگ بدەن بۆ ئەوەی حزو ویستی نەیار و دوژمنەکانمان نەیەتەدی.

*** مەبەســتت ئەوەیە دەبێت کورد لەو پارێزگایەدا وەك کورد بیر بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە؟**

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە، دەبێت لەسەرووی عەشایەرگەری و تائیفیەت و ناوچەگــەری و حزبایەتی بیربکەینەوە لــەم ناوچانەدا، ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسساز و نەتەوەییە و هێشتا چارەنووسی ئەم ناوچە فراوانە یەکلانەبۆتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت بە یەك هەڵوێست و یەك بیروبۆچون و یەك ستراتیژ بەشداری بکەین، هەڵبژاردنی ئێرە جیاوازە لە هەڵبژاردنی هەولێر و دهۆك و ســلێمانی، هەر کاتێك چارەنووســی ئەم ناوچانە یەکلابۆوە، ئەو کاتە دەتوانین حزبایەتی یان کارێکی دیکە بکەین.

*** لیستەکانی دیکە کێن کە بەشــداری لە هەڵبژاردنی موسڵدا دەکەن و ململانێ لەگەڵ لیستی برایەتی دەکەن؟**

- نزیکەی ســی لیست هەیە کە بەشداری دەکەن، بەڵام ئەوانەی توانیویانــە خەڵکێکی زۆر لە خۆیان کۆبکەنەوە، بریتین لە لایەنە شــۆ فینیەکان کە هەڵگری هزر و بیرکردنەوەی حزبی بەعسن، بۆ نموونە لیســتی حەدبا کە لە لایەن کەســانێکی رق لە دڵی وەك ئۆسامە نوجەیفی و عززەدین دۆلە پێکهێنراوە کە بەردەوام لێدوانی دژ بە کورد و پارتە کوردییەکان دەدەن، حزبی ئیســلامی لیستی خۆی هەیە، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لیستی خۆی هەیە. هەروەها حزبی دەعوەش لیســتی خۆی هەیە بە ناوی هاوبەندی دەوڵەتی یاســا و ئامانج لــە دروســتکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادیش لە لایەن سەرۆك وەزیرانەوە ئەوەیە کە بیانکاتە پاڵپشتی ئەم لیستە هەرچەندە تا ئێستا دروست نەبوونە لە موسڵدا.

*** بەڕێزت ئەم هەڵبژاردنە بە چارەنووسساز لەقەڵەم دەدەیت بۆ ئەو ناوچانــە لە کاتێکدا بەپێی مــاددەی ١٤٠ میکانزمێك دانراوە بۆ چارەســەری ئەو کیشــانە، ئایا بەرای تۆ ئەم هەڵبژاردنە هیچ پەیوەندییەکی بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ هەیە؟**

- لەبــەر ئەوەی تا ئێســتا هیچ راپرســییەك نەکــراوە، یاخود هیــچ ئامارێك لە ئارادا نییە ئەوا یەکێــك لەو پێوەرانەی نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود ئەو تیمە نێودەوڵەتییەی پەیوەستە بە ماددەی ١٤٠ بەکاری دەهێنن ئەنجامی هەڵبژاردنەکانە، بۆ نموونە ئەگەر بیانەوێــت مەخمور یاخود شــەنگار بگەڕێتەوە ســەر هەرێمی کوردســتان ئەوا ســەیری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەگەر ئەو لیستەی پارتە سیاسییە کوردییەکانی لە خۆگرتووە کەمتر لە سەدا ٥٠ی دەنگەکان بەدەســت بهێنێت ئەوا پاساوێکی بەهێزیان بەدەستەوە دەبێت بۆ ئەوەی بڵێن کە خەڵکی ئەو ناوچانە نایانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

*** ئایا مەسیحییەکانی موسڵ لەگەڵ لیستی برایەتیدان؟**

- هەندێکیان لەگەڵ لیســتی برایەتیــدان و هەندێکی دیکەیان لیســتێکی تایبەتیان هەیە بە ناوی عەشتار و هەندێکیان لەگەڵ یونادەم یوسفدان کە لیستی رافیدینی هەیە.

*** ئایا ئەو دەنگ و باســانە تا چەند راســتن کە دەڵێن کوردی شەبەك بە جیا بەشداری دەکەن؟**

- لە راســتیدا کێشەکە ئەو بەشــەیە " کوۆتا" کە بۆ کەمینەکان دانــراوە کە لە بنەڕەتەوە ئەمە بۆ لاوازکردنــی کوردەکان بوو بۆ ئەوەی شــەبەك و یەزیدییەکانیان لــێ دابڕن، بەڵام ئێمە پلان و ستراتیجی خۆمان هەیە بۆ روبەڕووبونەوەی ئەو مەسەلەیە.

***ئایا پێشــبینی دەکەن هەمان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بەدەست بهێنین؟**

- نەخێر لەبەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا زۆربەی عەرەبە سوننەکان بەشداریان نەکرد و ئەو کاتە ئێمە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشداریمان کرد، بەڵام عەرەبە سوننەکان بە شێوەیەکی سنووردار، ئەمجارەیان ئەوان زۆر بە جیددی بەشــداری لــە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن بۆ ئەوەی لیســتی برایەتی نەینەوا کەمترین کورسی ئەنجوومەنی پارێزگا بەدەست بهێنێت.

**دەبێت کورد بەشێوەیەکی فراوان بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا بکەن و تەنانەت ئەوانەی ئاوارەن و لە شوێنەکانی وەک عەنکاوە نیشتەجێن دەبێت بە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان هەڵبستن و دەنگ بدەن، هەروەها ئەوانەی بیتاقەی خۆراکیان هەولێرە و خەڵکی مەخمورن، یان لە دهۆکن و خەڵکی زومار و شێخان و سنجارن دەبێت لە شوێنی لەدایکبوونی خۆیان دەنگ بدەن**

**دەبێت زۆترین دەنگ بهێنین و تەنانەت ئەگەر ئیعتراف بە هەڵبژاردنەکانی پێشووش بکەن، دیسانەوە دەبێت زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و دۆست و دوژمن بسەلمێنین کە کوردەکان زۆرترین رێژەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێک دەهێنن و دەبێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان**

■ ■ ■

**ئیبراهیم باجەلان لە هەڵبژاردنی پێشووی پارێزگاکان بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە، بێگومان ئەمەش بەرهەمی ئەو دەنگدان و بەشدارییە فراوانەبوو کە کوردەکانی دیالە و لایەنگرانی دایان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و توانیان ڕێژەی دووەمی دەنگەکان بەدەست بهێنن، ئەمە ئەزموونێکی گرنگە بۆ کورد، لەبەر ئەوەی پێش هەڵبژاردنی رابردوو ڕێژەی خانەقین و ناحیەکانی بە ٪١٢ خەمڵێنرابوو، بەڵام پاش ئەوەی کورد توانی ٧ کورسی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە مسۆگەر بکات، ئەم ڕێژەیە بەرزبووە بۆ نزیکەی ٪٢٥، کەواتە ئەو دەنگدانەی پێشوو وەك سازدانی ئامارێك بووە بۆ ڕێژەی کورد لە و پارێزگایە، بە بڕوای باجەلان هێشتا ڕێژەی کورد لەوەش زیاترە لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش تەواوی ئەو فۆرمە خۆراکییانە نەگواستراونەتەوە کەپێشتر بەهۆی سیاسەتی تەعریب و دەرکردنەوە گواستربوونەوە بۆ ناوچەکانی دیکە. ئیبراهیم باجەلان لەم هەڵبژاردنەدا پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نییە، راستە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام وەك خۆی بە گوڵانی ڕاگەیاند ئەو پاڵێوراوی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووە، بەڵام مەڵبەندی خانەقین رایەکی دیکەی هەبووە، بۆیە خۆی چووە کشاوەتەوە. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی دیالەش بە ڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

■ ■ ■



**ئیبراهیم باجەلان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە بۆ گوڵان:**

# دەنگدانی فراوانی کورد لەهەڵبژاردنی رابردوو ڕێژەی خانەقینی لە پارێزگای دیالە لە ٪١٢ ەوە بەرزکردەوە بۆ ٪٢٥

***ئایا لە پارێزگای دیالە چۆن ئامادەسازی دەکرێت بۆ هەڵبژاردن، ئێمە گوێبیستی ئەوەبووین کە داوادەکرێت هەڵبژاردنەکان لە دیالە دوا بخرێن ؟ئایا بەڕێزتان وەك سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە لەمبارە چی دەڵێن؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم من لەم هەڵبژاردنەدا پاڵێوراو نیم و خۆم ناوی خۆم کێشاوەتەوە، راستییەکەشی ئەوەیە من پاڵێوراوی مەکتەبی سیاسی بووم، بەڵام لەلایەن مەڵبەندی خانەقینەوە نارەزای هەبوو، بۆیە من بە ئیرادەی خۆم تەنازولم کرد و پێم گوتن دەرفەت بە کەسێکی دیکە بدەن بۆ ئەوەی ئیش بکات.

سەبارەت بەوەشی کە دوا دەکرێت هەڵبژاردنی دیالە دوابخرێت، هەوڵ هەیە بۆ ئەوەی دوابخرێت لەبەر ئەوەی هێشتا مەلەفی ئەمنی ئەم شارە وەرنەگیراوەتەوە و خەڵکێکی زۆر راگوێزراوە و ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەوا شیعەکان زیانێکی زۆر دەکەن و رەنگە لە کوردەکانیش کەمتر بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوەی دەنگەکانیان بەسەر چەند لیستێکدا دابەش دەبێت بە شێوەیەکی گشتی ئیئتیلافی شیعەکان دەڵێن، نزیکەی ٢٥٠٠٠ خێزانی راگوێزراویان هەیە و ٦ بۆ ٧ هەزار خانووی شیعەکان لەلایەن ئەلقاعیدەوە روخێنراوە و ناتوانن بچنە هەندێ ناوچەوە لەبەر ئەوەی بەسەر سوننەکاندا داخراوە، بۆیە دەڵێن ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت ئەوا هەموو شتێك دەدۆڕێنین. سوننەکان بونەتە ١٠ بۆ ١٢ لیست، تەنیا کوردەکان بە یەك لیست بەشداری دەکەن و ٢٠٠٠٠٠ دەنگدەرمان هەیە لە قەزای خانەقین، واتە بە ناحیەکانی قەرەتەپە و جەبارە و سەعدیەوە، بەعقوبە ٣٠٠٠٠٠ و خاڵس بە هەمان شێوە٣٠٠٠٠٠ و شارەبان ١٨٠٠٠٠ و بەلەدڕوز ١٢٠٠٠٠ دەنگدەریان هەیە و تێکڕای دەنگدەرەکانی دیالە دەکاتە ١١٠٠٠٠٠ کەس.

***ئەگەر ئیئتیلاف داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکان بکات ئایا کورد پشتگیری دەکات؟**

- لە راستیدا ئێمەش هێشتا کاری گواستنەوەی کۆبوونی خۆراکمان تەواو نەکردووە و ئەگەر دوو تا سێ مانگی دیکە دوابخرێت

ئەوا هەمــــوو کارەکان جێبەجــێ دەکەین و هەوڵی کەســبکردنی عەشــائیرەکانی جەلەولا و ســەعدیە دەدەین و ئەوەیــان بۆ روون دەکەینەوە کە بەرژەوەندییان ئەوەیە لەگەڵ کوردەکاندا بن نەك لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەبەر ئەوەی ئەوان ناکۆکیان هەیە زەمانەتی ئەوە نییە ئەو هاوســەنگییە ئەوێ تاسەر بێت. لەگەڵ کورددابن باشترە لەوەی لەگەڵ حزبی ئیســلامی یان ساڵح موتڵەگ هاوپەیمانێتی بکەن.

**• لیستی سوننەکان کێن؟**

- لیســتەکەی ئەیاد عەللاوی و ســاڵ موتڵەگ کە کەسایەتی شیعە و سوننەی تێدایە، لیستی حزبی ئیسلامی بە ناوی تەوافوق گرووپەکانی ســەحوە و کەتائیبی تێدایە، هەنــدێ لە تەکنوکراتە سوننەکان بە چەند لیســتێك بەشداری دەکەن، نزیکەی ٤٥ لیست هەیە کە بەشــداری دەکەن. ئەوەی پەیوەندی بە شیعەکانەوە هەبێت ئەوا حزبی فەزیلە لیســتی سەربەخۆی خۆی هەیە، رەوتی سەدر لیســتی خۆی هەیە، حزبی دەعوە دوو لیســتی هەیە ئیسلاح و حزبی دەعوە کە مالیکی ســەرۆکایەتی دەکات، ئیئتیلاف لیستی خۆی هەیە و کەسایەتییە عەشائیرییەکانی شیعەش نزیکەی ٦ بۆ ٧ لیستیان هەیە.

***ئایا پێشبینی دەکەیت لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رێژەیەکی زیاتری ئەو دەنگانە بەدەست بهێنێت کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەدەستی هێنا؟**

- بەڵــێ لەبەر ئەوەی پێشــتر خەڵکێکی زۆر هەبوون کە کۆبوونی خۆراکیان نەگواســتبووەوە بۆ ئەم پارێزگایە، بەڵام ئێمە لە ماوەی دوو ســاڵی رابردوودا کارێکی زۆرمان کردووە و توانیوومانە زۆرێك لەو کۆبوونی خۆراکانە بگوازینەوە بۆ ئەم پارێزگایە.

*** ئایا گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ کورد چییە لەم پارێزگایەدا؟**

- ئێمــە هــەوڵ و تەقــەلای ئەوە دەکەین پۆســتی ســەرۆکی ئەنجومەن بەدەســت بهێنینەوە، لەبەر ئەوەی زۆر بە سەرکەوتووی ئەنجوومەنەکەی دیکەمان بەڕێوەبرد، بە شــێوەیەکی دادپەروەرانە بێ ئەوەی لایەنگیری یــان دژی هیچ لایەك بکەین، بەڵکو ئێمە ئیحتیوای ناکۆکی و کیشــەکانمان دەکرد. بەڵام ئەگەر سوننەکان زۆرترین دەنگ بەدەســت بهێنن کە ئەگەری زۆرە بەدەستی بهێنن لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەوا پارێزگاری شــارەکە بەدەســت دەهێنن و ئەگەر شــیعەکانیش دووەم بن ئەوا ســەرۆکی ئەنجومەنی شــارەکە دەبەن و کەمتریــن ئەگەریش بۆ کوردەکان بەدەستهێنانی پۆستی جێگری پارێزگارە.

***ئایــا هیچ کوردێك هەیە لە پارێزگای دیالە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا هەبێت؟**

- بەڵێ کوردمان هەیە لەگەڵ ئیئتیلافی شیعەکاندان، دوو کوردمان هەیە لەگەڵ حزبی ئیســلامیدان کە پێشــتر لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیدابوون، بەڵام ئەم جارەیان یەکگرتووی ئیسلامیش لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانیدایە و کوردە سەربەخۆکانمان هەیە لە بەعقوبە لەگەڵ لیستەکانی دیکە دابەزیوون.

***ئایا ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەری دەبێت لەسەر ماددەی ١٤٠؟**

- زۆر گرنگــە بتوانین پۆســتی ســەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەدەست بهێنینەوە، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە کاتی خۆی کە من ئەم پۆستەم بەدەستەوە بوو نووسراوێك هات بۆ ئەوەی رای ئەنجوومەنی قەرەتەپە و جەبارە وەربگیرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر کەرکوك، ئەگەر من ئەم نوســراوەم بخســتایەتە دەنگدانەوە لە ئەنجوومەنی پارێــزگای دیالــە رەت دەکرایەوە، لەبەر ئەوە نوســراوێکم کرد بۆ ئەو دوو ناحیەیە و وەڵامەکەشــی ئەوەبوو کــە ئەوان رازی بوون، بەڵام ئەگەر کەسێکی دیکە سەرۆکی ئەنجوومەن بوایە ئەم کارەی نەدەکرد.

***ئایا رووبەڕووی کێشــە نابینەوە لەو شوێنانەی سوپای عێراقی تێدا جیگیربووە؟**

- ئەمــە هــەوڵ و کۆششــێکی زۆری دەوێت و دەبێــت مەڵبەند و لــق و پارتە کوردســتانییەکانی دیکە ئیشــی جیدی بکەن و ســەرنجی خەڵکەکە رابکێشن بۆ ئەوەی هیچ نەبێ شەش کورسی ئەنجوومەنی پارێزگاکە بەدەســت بهێنین کە جاری پێشــو حەوت کورسیمان هەبوو.

*** ئایا مەســەلەی حزبایەتی لەبەرچاو گیراوە یاخود هەموولایەك کار بۆ ئامانجە نەتەوەییەکە دەکرێت؟**

- لیســتەکە پارتی و یەکێتــی و حزبەکانی تــری تێدایە، بەڵام ئیجابییەتیەکەی ئەوەیە کە لیســتی کراوەیە و ئێمە یەك لیســتمان هەیە دەنگەکان بزرنابێت و بڵاو نابێتەوە.

***ئایا عەرەبە لە لیستی برایەتیدا هەیە؟**

- ئێمە تەنیا یەك عەرەبمان هەیە لە جەلەولا کە سەرۆك عەشیرەتی دلێمە لەو ناوچەیە و پاڵێوراوی لیستی برایەتییە.

*** ئایا لە خانەقین جگە لە لیستی برایەتی لیستی دیکە هەیە؟**

- بــاوەڕم ناکەم، هەرچەنــدە رەنگە بــەرەی تروکمانی و بەرەی دیموکراســی کە ئەویش سەر بە تروکمانەکان هەبن، بەڵام رۆڵێکی گەورەیان نییە چونکە لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا هیچیان پێنەکرا.

***ئایا گرنگی بەدەســتهێنانی چوار بۆ پێنج کورسی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بۆ کورد چیە؟**

- دەبێت رۆڵێکمان هەبێت، کاتی خۆی بە ئێمەیان گوت بەشــداری مەکەن لەبەر ئەوەی خانەقین دەکەوێتەوە ســەر هەرێمی کوردستان و ئەو کاتە بە خانەقین و جەببارەوە و بە پشــت بەستن بە ئاماری ٢٠٠٣ تەنیا ٣٧٠٠٠یان دانابوو و بەو پێیە بە خانەقین و جەببارە و قەرەتەپە لە ســەدا ١٢یان هەبوو لە بەعقوبە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئێمە ســەرۆکی ئەنجوومەن و حەوت ئەندامیمان هەبوو سەنگێکی زۆرمان هەبوو و رامان گەیاند کە کاتی خۆی خەڵکی ئێمە دەرکراوە و ئێســتا دەگەڕێنەوە و توانیمان رێژەی خانەقین بکەینە لە ســەدا ١٢ و بــە جەبباره و قەرەتەپەوە رێژەکەمان گەیاندە لە ســەدا ٢٤، ئەوە رۆڵی ئەندامانی خانەقینە کــە لە ئەنجوومەنەکە بوون، ئێمە نەمان هێشتووە مافی خانەقین بفەوتێت چ لە ئامار و چ لە دانانی پاڵاوگەی نەوت کە ئەوان دەیانەوێت لە بەلەد روز داینێن و ئێمەش گوتومانە یان دەبێت لە خانەقین داینێن یان نابێت لە دیالە دابنرێت. ئێمە شــەڕێکی گەورەترمان لە پێشــە چونکە ئەمجارە سوننەکان بەشداریەکی گەورە دەکەن و رەنگە پۆستی پارێزگا بەدەست بهێنن و رەنگە ١٧ کورسیان هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بەشداری بکەین و رۆڵمــان هەبێت و بەرگری لە خانەقین بکەین چونکە تا ئێســتا پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە دامەزراندنی ئێمە سەر بە دیالەیە، لەبەر ئەوە تا چارەنووسی ئەم ناوچانە یەکلا دەبێتەوە دەبێت ئێمە بەشداری بکەین و نوێنەرمان هەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگادا.

●●●

**کوردمان هەیە لەگەڵ ئیئتیلافی شیعەکاندان، دوو کوردمان هەیە لەگەڵ حزبی ئیسلامیدان کە پێشتر لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیدابوون و کوردە سەربەخۆکانمان هەیە لە بەعقوبە لەگەڵ لیستەکانی دیکە دابەزیوون**

●●●

●●●

**ئەمجارە سوننەکان بەشداریەکی گەورە دەکەن و رەنگە پۆستی پارێزگا بەدەست بهێنن و رەنگە ١٧ کورسیان هەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بەشداری بکەین و رۆڵمان هەبێت و بەرگری لە خانەقین بکەین**

●●●

### سالم شەبەكی وتەبێژ و بڕیاردەری دەستەی ڕاوێژكاری شەبەک بۆ گوڵان:

# تەنیا هاوپەیمانی كوردستان دەتوانێت كوردی شەبەک لە تەعریب ڕزگار بكات، بۆیە دەنگ بە هاوپەیمانی كوردستان دەدەین

**سالم شەبەكی وتەبێژ و بڕیاردەری دەستەی ڕاوێژكاری كوردی شەبەك لە شاری موسڵ، یەكێكە لەو ڕۆشنبیرە كوردانەی كە بەردەوام هەوڵدەدات ئاسەواری تەعریب و سیاسەتی شۆڤێنیانە لەناو شەبەكدا بسڕێتەوە، لای سالم كە وەك كوردێكی شەبەك و لە ڕوانگەی ئەو نەهامەتییانەی بەسەر شەبەك هاتوون، تەمەنی ئەو سیاسەتە شۆڤێنینەیەی دژی كوردی شەبەك بە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی پیادە دەكرێت نزیكەی ١٠٠ ساڵە، هەربۆیە كە باسی نەهامەتییەكانی شەبەكی لەگەڵ دەكەیت ڕاشكاوانە ئاماژە بەوە دەكات كە ماوەی ١٠٠ ساڵە بەشێكی ئەم نەتەوە زوڵم لێكراوە تەعریب دەكرێت و ناسنامەی نەتەوەیی دەشێوێنرێت، سالم لەسەر كورد بوونی شەبەك زۆر بوێرانە بە گژ ئەو كەسانەدا دەچێتەوە كە ئێستا عەرەبن دەیانەوێت خۆیان بكەن بە نوێنەری شەبەك، لە مبارەوە لەم دیمانەیەدا پێی ڕاگەیاندین كە ئەو لەناو تەلاری پەرلەمان بە حەنین قەدۆی گووتوە، تۆ نازناوەكەت قەدۆیە، لە موسڵیش ئەوەی نازناوی قەدۆی هەبێت عەرەبە و كورد نییە، شەبەك كوردە و تۆ ناتوانی نوێنەرایەتی شەبەك بكەیت. سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداربوونی كوردی شەبەك لە هەڵبژاردنەكانی موسڵ، سالم شەبەكی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئێوە وەك كوردی شەبەك چۆن بەشداری هەڵبژاردنەكان دەكەن؟**

- كوردی شەبەك بە چوار لیست بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا دەكات، یەكەمیان، هەیئەی ئیستیشاری شەبەك، دووەمیان تەجەموعی شەبەكی دیموكراتی بە سەرۆكایەتی د.حونەین، لیستی حزبی ئیسلامی هەیە، هەروەها لیستی ئەنجومەنی باڵا هەیە، ئەگەر بە ڕاشكاوی بدوێم ئەوە خەسارەتێكی گەورەیە بۆ شەبەك لەبەر ئەوەی دەنگەكانی شەبەك بزر دەبێت لە نێو ئەم لیستانەدا.

***شەبەك كوردی ڕەسەنن و بەشێك لەنەتەوەی كورد ئایا بۆچی بونەتە ٤ بەش؟**

- لە ڕاستیدا **تەعریب كە دەڵێن ٣٥ ساڵە پیادە دەكرێت و من دەڵێم ١٠٠ ساڵە پیادە دەكرێت، ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبووە لەسەر شەبەك، هەروەها مەسەلەی مەزهەبگەرایی كاریگەری هەبووە،** بۆ نموونە هەندێكیان پشتگیری لە سوننە و هەندێكی دیكەیان پشتگیری لە شیعە دەكەن. بە هەمان شێوە حزبی ئیسلامی ڕۆڵی خۆی هەیە لە ناو شەبەكدا بە هەمان شێوە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی، **لە سەرووی هەموشییانەوە ستراتیژییەتی نەتەوەیی لای شەبەك لاوازە،** لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو لیستانە ڕێككەوتنێك بكەن ئەوا ڕەنگە شەبەك سێ بۆ چوار كورسی ئەنجوومەنی پارێزگا بەدەست بهێنێت، بەڵام ئێستا ئەگەر دوو كورسیش بەدەست بهێنین ئەوا زۆر باشە.

*** بەڵام بەپێی ئەنجوومەنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان تەنیا یەك كورسی بۆ شەبەك تەرخان كراوە؟**

- ڕاستە بەڵام ئێمە دوو پاڵێوراوی دیكەشمان لە ناو لیستی هاوپەیمانی كوردستانی هەیە.

***ئایا ئەو هەیئەی ئیستیشارییەی شەبەك كە ئاماژەت پێكرد چییە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٧ لە قەزای خەبات كۆنفرانسێكی گەورە سازكرا، كە پارێزگاری موسڵ و د. خەسرەو گۆران و كاك فەلەكەدین كاكەیی ئامادەی بوون و هەڵبژاردنێكی گەورە كرا و ٥٦٦ كەسایەتی دیار و ڕۆشنبیرانی شەبەك بەشداریان تێداكرد و ئەوان دەستەی ڕاوێژكاری شەبەكیان هەڵبژارد كە ژمارەیان ٢١ كەس دەبێت و من بڕیاردەر و گوتەبێژی ڕەسمی ئەم دەستەیەم.

***ئایا تا ئێستا ئەم دەستەیە چی كردووە؟**

- ئێمە لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا هەڵمەتی هەڵبژاردن دەكەین و ئەوە ڕوون دەكەینەوە كە **بەرژەوەندی شەبەك لەوەدانیە لە پارێزگای موسڵدا بمێنێتەوە، بەڵكو ئەوەیە لەگەڵ كوردستاندا بێت لەبەر ئەوەی شەبەك كوردن و تەنانەت ئەوانەی كوردیش نیین و لەگەڵ شەبەكەكان دەژین،** پێیان وایە بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە لەگەڵ كوردستاندا بن، لەبەر ئەوەی تا ئێستا زیاتر لە ٧٠٠ شەبەك لە ناو موسڵدا كوژراون و ئێمە دەزانین كە ناتوانین لەگەڵ موسڵدا بژین.

***ئەگەر باسی ئێش و ئازاری شەبەكمان بۆ بكەیت كە بە هۆی سیاسەتی تەعریب دووچاری هاتن؟**

- لە ڕاستیدا تەعریب كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لە سەر شەبەك و هەروەها لەسەر كوردە یەزیدییەكانیش، بەڵام دەبێت ڕۆشنبیرانی شەبەك و یەزیدی ئەوە بۆ خەڵكەكەی خۆیان ڕوون بكەنەوە كە بەرژەوەندییان لەوەدایە لەگەڵ كوردستاندابن و بەرژەوەندییان لەوەدانییە لەگەڵ عەرەبدا بن.

*** ئێستا كابرایەك بە ناوی حەنین قەدۆ خۆی كردووە بە نوێنەری شەبەك، ئایا ئەم كابرایە كێیە، كوردە عەرەبە؟**

- لە ڕاستیدا من پێشتریش لە پەرلەمانی عێراق ئەوەم بە د.حونەین ڕاگەیاند كە ئەگەر خۆی بە قەدۆ دەزانێت ئەوا ئەو نوێنەرایەتی شەبەك ناكات و شەبەك نییە، لەبەر ئەوەی قەدۆ بنەماڵەیەكی عەرەبە لە ناو موسڵدا و شەبەك نییە. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٣ یشدا حونەین قەدۆ سەر بە لیستی ئیئتیلاف بوو و شەبەكەكان وەك ڕێزگرتنێك بۆ مەرجەع دەنگیان بۆ ئەو لیستە داوە نەك بۆ شەخسی حونەین قەدۆ، هەروەها من ئەمەم بە ئەحەد یوسفیش ڕاگەیاندووە. ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی كوردستانیدا بین و نوێنەری شەرعی خۆمان هەبێت لەو لیستەدا.

*** ئایا پشتگیری كردنتان لە هاوپەیمانی كوردستانی چ سوودێك بە ئێوە دەگەیەنێت؟**

- یەكەم ئێمە دەبێت هەستی نەتەوەییمان بەهێزبێت و لەگەڵ نەتەوەی خۆمان بین، دووەم ئەگەر بمانەوێت خۆمان لە تەعریب ڕزگار بكەین، ئەوا دەبێت لەگەڵ هاوپەیمانی كوردستانیدا بین، سێیەم عەرەب بەرگری لە مافەكانی شەبەك ناكات، بەڵكو هاوپەیمانی كوردستانی بەرگری لە مافەكانی ئێمە دەكات و گەڕانەوەی ئێمە بۆ سەر هەرێمی كوردستان لە ڕووی ئابووری و ئەمنی و كۆمەڵایەتیەوە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە و كاتی خۆی لە ١٦ی كانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ ئێمە داوامان كرد ببینە بەشێك لە هەرێمی كوردستان.

*** ئایا هیچ پلانێكتان بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی شەبەك بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكات؟**

- ئێمە بایەخمان داوە بە لایەنی ڕۆشنبیری و ڕونكردنەوەی ئەوەی كە بەرژەوەندی شەبەك لەوەدایە كە دەنگ بەو لیستەدا بدات كە هەڵدەستێت بە ڕزگاركردنی شەبەك لەو هەموو زوڵم و شۆڤێنییەتی لە ناو پارێزگای موسڵدا ڕووبەڕووی بۆتەوە، هەروەها سەنتەرەكانی ڕۆشنبیری ڕۆڵێكی باشیان بینیووە لە بەهێزكردنی هەستی نەتەوەیی لای ئەو شەبەكانەی ئەم هەستەیان لاوازە و پشت بە خوا دەرئەنجامێكی باشی بەدەست دەهێنین و شەبەك لەو زوڵمە ڕزگار دەكەین كە لە ناو موسڵدا دووچاری دەبن.



▪▪▪

**خاتوو باسمە عیسا سلێمان ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان و یەکێکە لە کریستیانەکانی شاری موسڵ، ئەم خانمە بەشداری پالێوراوانی کریستییان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە پاڵپشت بۆ مافی کریستیانەکان وەسف دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو رێژەیەی بۆ کریستییانەکانی موسڵ دانراوە تەنیا یەك کورسییە و، ئەمەش بەو مانایە دێت کریستییان بە فراوانی بەشداری بکات یان نە تەنیا یەك کورسی بەردەکەوێت، هەربۆیە هەمەرەنگی ناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان وپشکیان لەناو هاوپەیمانی کوردستان بە راستکردنەوەی ئەو ناعەدالەتییە وەسف دەکات، ئەمەش دەقی قسە کانیەتی بۆ گوڵان.**

▪▪▪

**باسمە عیسا سلیمان کریستیان و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:**

# ئەوەی نائومێدی کردین ئەو رێژە کەمەیە کە بۆ کریستیانەکانی موسڵ دانراوە

*** خاتوو باسمە کریستییانە و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوایە، ئایا تۆ وەك کریستییانێك راو بۆچونت چییە لە سەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و بە تایبەتی پارێزگای موسڵ؟**

- لە راستیدا ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە کارێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی دانیشتوانی پارێزگاکە، بەڵام ئەو کێشەیەی سەری هەڵدا کە پەیوەست بوو بە دابینکردنی بەشی "کۆتا" مەسیحییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگادا، یەکەم رەزامەندی لە سەر ماددەی ٥٠ نەدرا و دووەم بەشی مەسیحییەکان سێ کورسی بوو ئەویش لابرا، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی کردە سەر پەرۆشی و ئامادەی کلدو ئاشورییەکان کە پێشتر لە هەولْوکۆشش و خۆئامادەکردندا بوون بۆ بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنانەدا چونکە هەست دەکەن بەش و پێگەی خۆیان لە دەستداوە.

*** دەنگ و باسی ئەوە هەیە کە مەسیحییەکان بەسەر ٣ لیستدا دابەشبوونە، بۆ نموونە هەندێکیان پشتگیری لە هاوپەیمانی کوردستانی دەکەن و هەندێکی دیکەیان لەگەڵ لیستی یونادەم یوسف کەننادان، ئێوە چی دەڵێن لەم بارەیەوە؟**

- ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین ئەوەیە کە بەڕێز یونادەم یوسف و بەڕێز ئەبلەحەد رایان گەیاندووە کە بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا ناکەن و موقاتەعەیان کردووە.

***ئایا ئێوە لەگەڵ ئەوەدان کە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری بکەن، یاخود لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانیدابن؟**

- ئێمە ئومێدی ئەوە دەکەین کە هەروەك ئەوەی لیستی عەشتارمان هەیە کە لیستێکی سەربەخۆیە ئەوا لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێکی وەك هاوپەیمانی کوردستانی بکەین کە بەشمان هەیە لەو هاوپەیمانێتیەدا و ئەمە کارێکی باش و ئیجابیە و پشت ئەستورمان دەکات.

***دەتوانی باسی لیستی عەشتارمان بۆ بکەی؟**

- لیستی عەشتار پێکهاتووە لە ئەنجومەنی کلدانی سریانی ئاشوری و ئیتیحادی بەیت نەهرەینی نیشتمانی و ئەنجوومەنی ئەعیان و سریانە سەربەخۆکان و پارتی ئیتیحادی بەیت نەهرەینی نیشتمانی. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە تەنیا یەك کورسی بۆ مەسیحییەکان تەرخان کراوە و دەبێت ململانێی لەسەر بکەین.

*** گرنگی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای موسڵ بۆ مەسیحییەکان چییە، لە کاتێکدا کوردەکان کێشەی ماددەی ١٤٠یان هەیە و هەوڵی بەشدرایکردنێکی بەهێز دەدەن لە حکومەتی ناوەند؟**

- مەسیحییەکانیش خوازیاری ئەوەن کە ئەو ناکۆکییەی لە سەر ناوچەکان هەیە چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئێمەش مافەکانمان بەدەست دەهێنین، ئەگەر مافەکانمان بەدەستهێنا، ئەوا میزانییەمان دەبێت و ئەوکاتە پارێزگاری بەدەست دەهێنین، ئەمانە هەمووی لە چوارچێوەی ئەم هەڵبژاردنانەدا دێنەدی.

*** ئایا دەرکردنی مەسیحییەکان لە موسڵ هیچ کاریگەرییەکی لەسەر مەعنەویاتی ئێوە کردووە؟**

- پێش مەسیحییەکان برا کوردەکان و هەروەها یەزیدی و شەبەك و تەنانەت سوننەکانیش دووچاری ئەم حاڵەتە بوونەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر مەعنەویاتی ئێمە بووە دیاری کردنی ئەو بەشە بوو کە بریتی بوو لە تەنیا کورسییەك بۆ مەسیحییەکان.



●●●

**ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە کارێکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی دانیشتوانی پارێزگاکە، بەڵام ئەو کێشەیەی سەری هەڵدا کە پەیوەست بوو بە دابینکردنی بەشی "کۆتا" مەسیحییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگادا، یەکەم رەزامەندی لە سەر ماددەی ٥٠ نەدرا و دووەم بەشی مەسیحییەکان سێ کورسی بوو ئەویش لابرا**

●●●

●●●

**مەسیحییەکانیش خوازیاری ئەوەن کە ئەو ناکۆکییەی لە سەر ناوچەکان هەیە چارەسەر بکرێت، ئەگەر مافەکانمان بەدەستهێنا، ئەوا میزانییەمان دەبێت و ئەوکاتە پارێزگاری بەدەست دەهێنین**

●●●

# مالیکی بەپشتگیری کۆنە بەعسیەکان و دژایەتی کورد دەیەوێت لاسەنگی سیاسیی خۆی راستبکاتەوە





ئەمە یەکەمجار نییە سەرکردەکانی حزبی دەعوا لەبەردەم کامێراو لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکاندا خۆیان لەبیردەچێتەوە و وەك دیکتاتۆرێکی بچکۆلە خۆیان نمایش دەکەن، ئەوانەی بەووردی گوێیان لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەی رۆژی پێنج شەمەی رابردووی گرتبێت، زۆر بەروونی سیناریوی ئەو شانۆگەریەی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانیە هەست پێدەکەن، بەداخەوە لەوانەیە هەموو خوێنەرانی گوڵان بەدەنگ گوێیان لە رێکخستنی پرسیارەکان و وەڵامدانەوەکانی د.مالیکی نەبووە، بۆیە دەخوازین چەند دێرێك لەسەر ئەو شانۆگەریە بنوسین .

سەرەتا ئەم کۆنگرە رۆژنامەوانیە لەسەر پەیوەندی نێوان کورد وبەغدا نەبووە، مالکیش کە ماوەی ٢٧ خولەك پێش کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە قسەدەکات قسەکانی تایبەت بوون بە چۆنیەتی ئیمزا کردنی رێککەوتنی ئەمنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی ئەمریکا، هەروەها رەخنەگرتنی مالیکی بووە لەسەر ئەو پارت ولایانەسیاسیانەی عێراق کە هەندێك دواکاریان هەیە لەسەر ئیمزاکردنی رێککەوتنامەکە، ئەو داواکاریانە پەیوەندی بە رێککەوتنەکە نییە و لەلایەکی دیکەش هەندێك رەخنەی دیکەی لایەنە سیاسیەکانی بە گوتاری هەڵبژاردن وەسف دەکرد .

هەتا مالیکی لە قسەکانی بۆوە، ئێمە وەك چاودێر لەسەر ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە چاوەڕێی ئەوەبووین د.مالیکی سوپاسی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە رۆڵیکی ئیجابیانەیان بۆ ئیمزاکردنی ئەو رێککەوتننامەیە گێراوە .هەروەها چاوەڕێی ئەوەبوین کە بە تایبەتی سوپاسی مام جەلال وەك سەرکۆماری عێراق بکات کە لەم ماوەیەدا رۆڵیکی گرنگی گێراوە بۆئەوەی سەرۆك بوش و ئیدارەی ئەمریکا بەچەندین گۆرانکاری گرنگ رازی بکات و ئەگەر رۆڵی ئەو نەبوایە زەحمەت بوو ئەمریکا ئەو هەموو تەنازولە بۆ حکومەتی عێراق قبوڵبکات .

بەڵام دوای تەواو بوونی قسەکانی مالیکی و لەیەکەم پرسیار کە ئاراستەی دەکرێت سەبارەت بەوەی کورد دژی ئەنجوومەنی

ئیســـناده و مالیکی بە دیکتاتۆر وەســـف دەکرێت، بەراســـتی دەسپێکی شانۆگەریەکە دەرکەوت و دیاربوو د.مالیکی مەبەستی بوو ئەم کۆنگرە رۆژنامەوانییە بگۆرێت بۆ خیتابێکی هەڵبژاردن، باشـــترین کارتیش کە لەم گوتارەدا بەکاری بهێنێت هێرشـــکردنە ســـەر هەرێمی کوردستان و تاوانبارکردنی هەرێمە بە پێشێلکردنی دەستور .

مالیکی هەر سەرەتا ناســـاندنی ئەنجوومەنی ئیسناد بە لادان لەدەستوری خستە ئەستۆی سەرۆك کۆمار و بێئەوەی ئەم راستیانە لەبەر چاو بگرێت:

-١ لە رۆژی ١٨ /٢٠٠٨/١١ لیژنەی یاســـایی ئەنجوومەنی نوێنەرانـــی عێراق دوای تاوتوکردنی هەمـــوو ئەو هۆکارانەی بۆ دروســـتکردنی ئەنجوومەنی ئیســـناد پێویستن دیراسەت دەکات و لەگەڵ مادده تایبەتەکانی دەســـتوری عێراق بـــەراوردی دەکەن بەیاننامەیـــەك بڵاودەکەنەوە کە دروســـتکردنی ئەم ئەنجوومەنانە دژی بنەماکانی دەســـتوری عێراقـــە ئەمەش دەقی رای لیژنەی یاســـایی پەرلەمانی عێراقە لەسەر دامەزراندنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد بە زمانی عەرەبی :

اللجنة القانونية تناقش مجالس الاسناد ومدى قانونيتها

**الثلاثاء ١٨ تشرين الثاني ٢٠٠٨**

**اجتمعت اللجنـــة القانونية في مجلس النواب العراقي في يوم ٢٠٠٨/١١/١٥ في مقر اللجنـــة القانونية وترأس الاجتماع رئيس اللجنة القانونية النائب بهاء الاعرجي ومقرر اللجنه خالد شـــواني واعضاء اللجنه.**

**وقد تم مناقشه موضوع مجالس الإسناد بعد ان وردت العديد من الطلبات من مجالس المحافظات وبعض الشخصيات المعروفة للاستفسار حول مدى قانونية هذه المجالس وبعد المناقشه والاطلاع على مواد الدســـتور المختصة بموضوع الخـلاف تبين أن تشكيل مثل هذه المجالس هو خارج إطار الأجهزه الأمنيه المنصوص عليها في الفقره (أولا/أ) من الماده (٩) من الدستور وتشكيلها محظور بموجب أحكام الفقرة (ب) من المادة (٩) من الدستور وفي نهاية الاجتماع تم إرســـال كتاب إلى هيئة رئاســـة مجلس النواب فيما يخص هذا الموضوع.**

(ســـەرنج بدەن لیژنەی یاســـایی پەرلەمانی عێـــراق دەڵێت : دوای وتوێـــژو پێداچوونەوەی مادده دەســـتورییەکانی تایبەت بەم بابەتی خیلافە، دەرکەوت دروســـتکردنی ئەنجوومەنی لەم شێوەیە کـــە دەکەوێتە دەرەوەی دام و دەزگاکانی ئاســـایش کە لە برگەی یەکەم/أ لە مادەی ٩ی دەســـتوردا بەدەق هاتووە، دروســـتکردنیان بەپێی ئەحکامەکانی برگەی ب لە مادەی ٩ی دەســـتور رێگەی پێنەدراوە و ئەمەش لە دوایدا دەینێرێت بۆدەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمان).

بێگومان لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٥ لیژنەی یاســـایی پەرلەمان رای خۆی داوەتە دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمان و لەرۆژی ٢٠٠٨/١١/١٨ لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی عێراق بڵاوکراوەتەوە و نیردراوە بۆ ســـەرۆکایەتی عێراق، ســـەرۆکایەتی عێراقیش کە پێکدێت لە ســـەرکۆمارو دوو جێگرەکـــەی رای خۆیان دەربریوە و پشتگیری هەڵوێســـتی پەرلەمان ولیژنەی یاســـایی پەرلەمانی کردووە، ئەمەش واتە :

أ- ســـەرۆکایەتی ئەم لیژنەیەی ئەم بریارەی داوە بەرێز بەهاء ئەعرەجی لە لیستی سەدر .

ب- سەرۆکایەتی پەرلەمان کە پەســـەندی کردووە و بەرەسمی بلاویکردۆتەوە بێجگە لە جێگری دووەمی ســـەرۆکی پەرلەمان .، سەرۆکی پەرلەمان د.مەحمود مەشهەدانی عەرەبی سونەیە و سەر بەبەرەی تەوافقە،شـــێخ خالید عەتیە عەرەبی شـــیعەیە و سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیە لە عێراقدا .

ت- لەناو ســـەرۆکایەتی کۆماردا کە ٣ کەســـن و هەرسێکیان مافی ڤیتۆیـــان هەیە، بەرێز مام جەلال ســـەرکۆمار و نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانە .

ث- بەرێـــز عادل عەبدولمەهدی نوینەری لیســـتی هاوبەندی عێراقیـــە ( ئیئتیلافی شـــیعە ) واتە نوێنـــەری حزبی دەعوا و مەجلیس و بەدر و حزبی دەعوای تەنزیمی عێراقیشە .

ج- بەرێز تاریق هاشـــمی نوێنەری بـــەرەی تەوافق و عەرەبی سونەی عێراقە.

بێگومان یاخیبوونی مالیکی لە بریارێکی بەکۆمەڵی سەرجەم پێکهاتەکانـــی عێـــراق و تێکرای لایەنە سیاســـیەکانی عێراق بە لیژنەی یاســـایی پەرلەمانیشەوە بە لادان وپێشیلکردنی دەستوری بزانن، ئایـــا بێجگە لە دیکتاتۆریەت و هەنـــگاو هەڵگرتن بەرەو دیکتاتۆری چ ناوێکی لێدەنێن ؟

بەرێز مالکی دووچاری هیستریایەکی سەرشێتانە بوو بوو، لەوەش زۆر بێ تاقەت ببوو کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق پشتگیری ئەو بۆچوونەی سەرۆك مسعود بارزانیان کردووە کە پێش هەموو کەس ئەم ئەنجوومەنانەی بە پێشێلکردنی دەستور وەسفکردووە .

-٢ د.مالیکی هێندە شـــپرزە بووبوو، کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دابوو، باســـی ئەوەی دەکرد کە بەرێزی ئەنجوومەنی ســـەحوەی لە پارێزگای ئەنبار دروســـتکردووە، لێرەدا شـــتێکی باشە بەبیری بەرێـــز مالیکی بهێنینەوە، کە ئەو نەك هـــەر لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی سەحوە نەبوو، بەڵکو بە جۆرێك لێی ترسابوو، کە رازی نەبوو ئەســـڵەن هەر دروســـتیش بکرێن، کە دروستیش کران، ئاگاداریان کردەوە ئەگەر بێدەنگ نەبێت ئەوە کودەتای ســـەربازی بەسەردادەکرێت و حکومەتەکەی دەروخێنرێت، بەرێز مالکی گلەیی ئەوەمـــان لێدەکات بۆ ئەو کاتە پێمان ناخۆش نەبوو، بەڵام بەبیری دەهێنینەوە ئەگەر پشـــتگیری بەرێز ســـەرۆکی کوردستان نەبوایە دەمێـــك بوو حکومەتەکەت رووخێنرابـــوو، لەلایەکی دیکەش هەر بۆ بیرهێنانەوە هەتا ئێســـتاش ئەنجومەنەکانی سەحوە پەیوەندی بە مالکـــی و حکومەتەکەیـــەوە نییە و هەتا ئێســـتاش لەگەڵ ئەنجوومەنەکانی ســـەحوە نەگەیشـــتوونە رێککەوتـــن بۆ ئەوەی تێکەڵاوی دەزگاکانی حکومەتـــی عێراق بکرێت، لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەو پرســـیارە لەبەرێزی بکەین ولێی بپرســـین بەرێز کە تۆ ئەو ســـۆپەر مانەی ئەنجوومەنەکانی سەحوت دروستکردووە ئەی بۆچی ئێستا دەترسیت و ناوێرێت تێکەڵاوی دامودەزگاکانی حکومەتەکەتی بکەیتەوە ؟

-٣ بەڕێز مالیکی هەرێمی کوردستان بەوە تاوانبار دەکات کە گرێبەستیە نەوتیەکانی لەگەڵ دەستور یەکناگرێتەوە، لێرەدا ئێمە بەس هێندە دەڵێین ئایا ئەگەر گرێبەستیە نەوتیەکانی کوردستان دەستوری نیین بۆ ئامادەنیین بە میانگیری پسپۆرانی دەستوری و یاسایی نێودەوڵەتی ئەم مەسەلەیە باس بکەن، یان بابدرێتە مەحکەمەی دەستوری کە بەرزترین دەسەڵاتی دەستورییە لە عێراقدا، پاشان خۆ بەبێ ئەوەی سوپاسی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بکەن، ئەو لەسەر خەرجی هەرێم ئەو ئەرکەی لە کۆڵکردنەوە و بۆ بەراوردی یاسای نەوت و گازی کوردستانی لەگەڵ دەستوری عێراقدا باشترین و بە ناوبانگترین زانکۆی جیهانی بۆ ئەو ئەرکە راسپارد و وەڵامی فەرمی زانکۆکەشی بۆ کردن بە عەرەبی و بۆی ناردن، باشە بۆچی بەیەك وشەش ئەو بەراوردەتان بە درۆ نەخستەوە ؟ زیاد لەمانەش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە سەردانی بەغدای کرد و هەموو ئامادەباشیەکی پیشاندا بۆ ئەوەی دەستوور دادوەری نێوان هەردوولامان بێت.

-٤ بەڕێز مالکی لە وەڵامدانەوەی بۆ هەموارکردنی دەستور، هەر بەتەواوی سەری لێتیکچوو بوو، پێدەچوو زەمانی خیتابی حەماسی بیرهاتبێتەوەو دەیگوت: (من پێشتر وەك شەخس داوای هەموارکردنی دەستورم کردووە، ئێستا وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق ) ئەم شێوازی قسەکردنەی وینەی سەدام حسێنی دەهێنایەنەوە بەرچاو کە دەیگووت ( اذا قال صدام قال العراق )ئەویش مەبەستی بوو بڵیت کە مالکی گووتی واتە عێراق گووتویەتی و دەبێت جێبەجی بکرێت، بۆیە ئێستا کە چەند رۆژێك بەسەر ئەو حەماسەی مالکیی تێپەریووە، بە هێمنی پێی دەڵین:

أ- بەرێز د.مالیکی جەنابتان میکانیزمی هەموارکردنی دەستور دەزانن .

ب- بیگومانم دەڵین بەڵێ چۆن نایزانین، هەربۆیە دەڵێین باشە کە جەنابتان ئەو میکانیزمە دەزانن، ئەی چۆن نازانن بەپێی ئەو دەستورە کورد مافی ڤیتۆی هەیە و ئەگەر کورد پێی رازی نەبێت جەنابت ناتوانی بریار بدەیت، ئینجا ئەم مافە تەنها تایبەت نییە بە کورد بەڵام لەبەر ئەوەی مالیکی رووی قسەی لە کورد بوو بۆیە ئێمەش باسی کورد دەکەین، ئەگەر دوولەسەر سێی هەر ٣ پارێزگایەك دژی هەموارکردن بێت، ئەوا دەبێت جەنابی مالیکی پاشەکشە بکات، یان دەبێت وەك سەدام حوسێن پشت لە یاسا و دەستور بکات بڵێت (قررنا مایلی ) بێگومان خۆی لەهەموو کەس باشتر دەزانێت باجی (قررنا مایلی ) چەندە و دەشزانێت بەرەو کام ئایندە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت.

باشترە جەنابی مالیکی زوتر بەهۆش خۆی بێتەوە و چیدیکە باسی هەموارکردن نەکات بەبێ رەزامەندی کورد، هەروەها چیدیکە باسی ریککەوتن لەسەر حسابی موجامەلە نەکات، لەبەر ئەوەی برایانی حزبی دەعوا باش دەزانن کە گەیاندیانە هێڵی سور کورد موجامەلەی کەس ناکات هەروەك چۆن موجامەلەی بەرێز ئیبراهیم جەعفەریشی نەکرد، پاشان رێککەوتنی موحتەرەم و ناموحتەرەم لە فەرهەنگی سیاسەتمەدارو سەرۆکی حکومەتێك لە قسەیەکی بازاری بێ مانا تەفسیرێکی دیکەی نییە، باشە کەتۆ بەرزترین پۆستی جێبەجێکارت لە عێراقدا وەرگرتووە، بێگومان وەك جەنابی مالیکی ئەو پۆستەت پێنەدراوە، بەڵکو وەك نوێنەری سەرجەم پارت و لایەنەکانی شیعە و هەندێك لایەنی دیکەش کە لە لیستی هاوبەندی عێراقدا هاوپەیمان بوون، ئایا چۆن قبوڵتکرد رێککەوتنی ناموحتەرەم ئیمزا بکەیت، ئایا سەرۆکی هیچ حکومەتێکی دیموکراتی لە جیهاندا ئیمزای خۆی و هاوپەیمانەکانی بە موحترەم و نا موحتەرەم وەسف دەکات .

-٥ جەنابی مالیکی گلەیی ئەوە لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار دەکات کە سەبارەت بە کردنەوەی کونسوڵیەکانی وڵاتان لە هەولێر بیدەنگ بوون، ئەمەش بە کارێکی نادەستوری وەسف دەکات و دەشڵیت شتی ترم ماوە بەڵام ئەمە دیارەکانیانە .


لەوەڵامی ئەم تۆمەتە هیستریایەشی دەڵین هەق نییە کارێك بکەیت کە خەڵکی شارەزا بەوەڵامەکانت پێبکەنێت، ئەگەر جەنابت شارەزایت هەر ئەوەندەیە و ئەوە بە کارێکی نادەستوری وەسف دەکەیت، باشە خۆ تەنها کونسوڵیەکان تەنها لە هەولێر نەکراونەتەوە، جەنابت فەرموو سەردانی موسڵ و کەرکوك و بەسرا بکە بزانە کونسوڵیەتی لێ هەیە یان نە، ئەگەر جەنابت ئاگاداری کە لێیان هەیە یان نە ئەوا ئێمە پێت دەڵین بەڵی هەیە، فەرموو کە نادەستورین جارێ ئەوانە دابخە، ئەگەر بۆ کەرکوك و موسڵ دەستورییە دەپرسین بەرێز نادەستووری بوونی لە هەولێردا چییە ؟

لێرەدا ئێمە دەتوانین نموونەی نیویۆرك و واشنتۆن بە جەنابی مالکیی بڵێن، بەڵام لە خۆمان دەپرسین ئەم بەرێزە کوا ئیشی بە نیویۆرك و واشنتۆن بووە هەتا ئاگاداری ئەو شوێنانە بێت، بۆیە بە نمونەکانی ناوخۆ کۆتایی پێدەهێنین .

-٦ لایەنێکی دیکەی گرنگ کە پاکانەی پێدەکات ئەوەیە کە مالی دەوڵەتی تەخشان وپەخشان پێنەکردووە وئەنجوومەنەکانی ئیسنادیش هیچ پارەیەکی تیا سەرفنەکردووە، لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییە بەداخەوە هیچ کەناڵیکی کوردستانی بانگێشت نەکرابوو، بۆیە ئەگەر بانگێشت بکرایانەیە لێیان دەپرسی فەخامەتی دەوڵەتی رەئیس وزەرا چۆن لەقسەی خۆت وا زوو پەشێمان دەبیتەوە، ئەوە لە کوردستان دیمانە لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزکراوە کە بەناوی جەنابتەوە قسەیان لەگەڵ کراوە و بەڵینی ناونوسکردنی هەزاران فورسانی ئەنجوومەنی ئیسنادیان بە پارەیەکی باش پێدراوە، بەڵام ئەو سەرۆك هۆزانە ئامادەنەبوون هاوکاری بەرێزت بکەن و هەنگاوەکانت سەرکەوتوو نەبوون، پاشان با واز لە کوردستان بێنین، ئەی جەنابت لە خۆت ناپرسیت بۆچی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و رێکخراوی بەدر دڵیان لیت عاجزبووەو ئێستا ئامادەنیین تەنانەت هاوپەیمانیشت لەگەڵدا بکەن، لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی هێندە دوور نییە، ئەو بەرێز هادی عامرییەی کە سەرۆکی رێکخراوی بەدرە و سەرۆکی لیژنەی بەرگری و ئاسایشە بە تایبەتی ماوەیەك لەمەپێش لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان پێی راگەیاندین لەسەر ئەنجوومەنەکانی ئیسناد بووە و پاشان بەیانە هاوبەشەکەی ئەنجوومەنی باڵاو رێکخراوی بەدریشی بۆ ناردین کە تیایدا نوسرابوو ئەگەر جەنابتان پاشگەز

پەرلەمانتار د.مەحمود عوسمان بۆ گوڵان:

# ئەگەر نەتوانین کێشەکان لەگەڵ مالیکی چارەسەربگەین دەبێت کاربۆ ئەوەبکەین متمانەی لێبسەنرێتەوە



د. مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی بە فەرمی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نییە، بەڵام لەبەرئەوەی بەردەوام بۆ سەرجەم میدیا ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانییەکان قسەدەکات و داکۆکی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەکات، لە تێکرای میدیاکاندا وەك وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی کوردستان قسەی لەسەر دەکرێت و سەبارەت بەهەموو پرسەکانی نێوان بەغدا و هەولێر پرسیاری رووبەروو دەکرێتەوە . سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداو لێدوانەکانی ئەم دواییە د.مالیکی، گوڵان پەیوەندی پیوەکردو لەو دیمانەیەکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

***ئایا پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی چۆن دەبینیت؟**

- لە راستیدا پەیوەندییەکە باش نییە، لەبەر ئەوەی کێشە لە نێوانیاندا هەیە و ئەو کێشانەش کۆبونەوەتەوە و کەڵەکەبوونە، هەوڵی چارەسەرکردنیان دراوە، بەڵام بەردەوام نەبوونە و پچڕ پچڕ بوونە، بۆ نموونە بیر و رای جیاواز هەیە، حزبی دەعوە و سەرۆك وەزیرانی عێراق داوای بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەرکەز و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکەن ئەمەش لەگەڵ فیدراڵیدا ناگونجێت، هەروەها داوای ئەوە دەکات هەرێمەکان دەسەڵاتیان بەسەر نەوت و گازدا نەبێت. لە لایەکی دیکەوە مالیکی لە هەمو بڕیارەکاندا بەشداری بە کورد ناکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمێکدا تەنیا کوردەکان پشتگیری مالیکیان دەکرد. کێشە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست دەکرێت، بۆ نموونە زۆرجار بودجەی بۆ تەرخان ناکرێت، هەروەها کێشەی ئەوەیان هەیە کە نابێت پێشمەرگە لە دەرەوەی ئەو هێڵەدا بوونی هەبێت کە پێی دەڵێن هێڵی شین. هەروەها بەم دواییە کێشەی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادیشی هاتەسەر، ئەگەرچی جگە لە کورد لایەنەکانی دیکەش دژایەتی دەکەن، بەڵام ئەگەر لە ناوچە کوردیەکانی وەك کەرکوك دروست بکرێت ئەوا کێشەمان بۆ دروست دەکات. لە لایەکی دیکەوە کوردیش کەم و کوڕی هەیە کە نەیتوانیوە بە باشی کێشەی خۆی روون بکاتەوە لە ناوەوە و لە دەرەوە و هەروەها لە دەزگاکانی راگەیاندندا. راستە یەکڕیزی لە ناو کوردەکاندا هەیە، بەڵام دەبێت پتر یەکگرتووبن و یەك بیروباوەڕبن، لەبەر ئەوەی لایەنەکانی دیکە هەوڵی سوودوەرگرتن دەدەن لە ناکۆکییەکانی نێوان هەندێ لایەن، یان بەرپرسێك و بەرپرسێکی دیکەدا. لەبەر ئەوە مەسەلەکان ئاڵۆزتربوونە و چارەسەرکردینان زەحمەتتر بووە، من خۆم شەخسی نیگەرانم لە هەندێ شت بۆ نموونە لە ئیمزاکردنی رێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوان عێراق و ئەمەریکا هەیە، لەبەر ئەوەی هەندێ دەسەڵاتی زیاد دەدات بە مالیکی کە ئەمەش جێی نیگەرانییە لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەیەکی زۆرمان لەگەڵ مالیکیدا هەیە.

***پێشتر دەمانگوت دەستوور مەرجەعە و دەبێت عێراق دیموکراسی و فیدراڵی بێت بەڵام پێدەچێت مالیکی لە هەردووکیان پاشگەز بێتەوە، ئایا دەتوانین لە سەر چ بنەمایەك رێککەوین لەگەڵیدا؟**

- ئێستا مالیکی داوای گۆڕینی دەستوور دەکات و لێکدانەوەی ئەو بۆ فیدراڵیزم جیاوازە لە لێکدانەوەی ئێمە، لەبەر ئەوەی ئەو داوای دەسەڵاتی زیاتر دەکات بۆ مەرکەز و داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکات ئەمەش بە هۆی ئەوەی بارودۆخ باشتر بووە و خۆیان بە بەهێزتر دەزانن و رێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئەمەریکا دەکەن و پێیان وایە ئێران و تورکیا پشتگیریان دەکات، پێش دوو ساڵ یان ساڵ و نیوێك پێش ئێستا کە وەزیرەکانی لایەنەکانی دیکە لە حکومەتەکەی مالیکی کشابونەوە من پێشنیاری ئەوەم کە ئەمە باشترین کاتە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی خۆمان بچەسپێنین و مەسەلەکانی خۆمان لەگەڵ مالیکیدا بخەینەڕوو و ئەگەر مالیکیش رازی نەبێت ئەوا بکشێنینەوە و حکومەتەکە بڕوخێت، بەڵام سەرکردایەتی کورد پێی باش بوو گفتوگۆ بەردەوام بێت.

*** هاوپەیمانێتی چوار قۆڵیمان هەیە لەگەڵ ئەنجوومەن و حزبی دەعوە، هەڵوێستی حزبی دەعوە ئاشکرایە، بەڵام ئایا هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵا چییە؟**

- لە راستیدا بە گشتی هەڵوێستی ئەنجوومەنی باڵا روون نییە و زۆرجار دوو رووبون، بۆ نموونە لە مەسەلەی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد ئەوان بە ئاشکرا دژین، ئەمەش بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە، بەڵام لە مەسەلەکانی وەك فیدراڵیزم و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان ئەوا بەو جیددییەتە دژایەتی

ناکەن، ئەگەرچی ئەمە دژی بەرژەوەندی ئەوانیشە لەبەر ئەوەی ئەوانیش بە نیازی پێکهێنانی هەرێمن لە باشوور، بەڵام هەڵوێستی ئەنجوومەن لەگەڵ ئێمەدا زیاتر نزیکە، بەو پێیە تا رادەیەك هاوپەیمانێتیەکە وای لێهاتووە کە سێ لایەن دژی لایەنێکی دیاری کراوبن.

***ئایا ئەگەر سێ لایەن دژی مالیکی بن لەو هاوپەیمانێتیەدا، مالیکی دەتوانێت بەرامبەر ئەمە رابوەستێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ناتوانێت، لەبەر ئەوەی هەریەکە لەو سێ لایەنە کێشەی خۆیان هەیە لەگەڵ مالیکی و هەر سێکیشیان گلەیی خۆیان هەیە لە حکومەتەکەی مالیکی.

*** ئێستا بیر و باوەڕەکان لە یەك نزیك نین بۆ نموونە کاك مەسعود بارزانی رای دەگەیەنێت کە فڵان شت و فڵان شت قبوڵ ناکەین، مالیکیش بە هەمان شێوە هەروەها مام جەلالیش، سەرکرادیەتی کورد دەبێت چی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە؟**

- راستە بیر و باوەڕەکان نەك هەر نزیك نین، بەڵکو دووریشن لە یەك، پێش ماوەیەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان هاتە بەغدا و گفتوگۆی جیددی و راشکاوانە لەگەڵ لایەنەکاندا کرا و بڕیاری پێکهێنانی پێنج لیژنە درا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێی دەڵێت کێشە هەڵواسراوەکان، ئەم لیژنانە ئیشی خۆیان دەکەن و دواتر راپۆرت بۆ سەرکردایەتییەکان بەرز دەکەنەوە و ئەو کاتە دەبێت سەرۆکی هەرێم بێتەوە بەغدا و مام جەلالیش لێرەیە و دانیشتنیان لەگەڵدا بکەن، ئەگەر زۆربەی کێشەکان چارەسەرکران باشە، ئەگەرنا ئەوا دوو رێگامان لە پێشە یان دەبێت لە پەرلەماندا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کە هاوکاریمان دەکەن هەوڵی لێسەندنەوەی متمانە بدەین لە حکومەتەکەی مالیکی، یاخود لە حکومەتەکە بکشێینەوە وەك فشارێك بۆ سەر مالیکی.

*** ئایا ئەم گرتنبەری یەکێك لەم دوو رێگایە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت؟**

- ئەگەر بتوانین لە ناو پەرلەماندا دەنگ کۆبکەینەوە بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی رەنگە ئەمە سوودبەخش بێت، ئەوەی دووەمیان هەر دەبێت هەنگاوێك بنێین، واتە مەسەلەکان هەر بە قسە چارەسەرناکرێت، دواتر دەبێت ئەم مەسەلانە لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەدا باس بکرێت کە کاریگەریان هەیە لە عێراقدا، بۆ نموونە ئێستا خاڵێك لە دیباجەی رێککەوتنە ئەمنییەکەدا زیاد کراوە کە تا رادەیەك خاڵێکی باشە و باس لە پارێزگاری کردن لە سیستمی دیموکراسی و ئیتیحادی و دەستووری دەکات لە عێراقدا و ئێمەش دەتوانین لەسەر ئەم خاڵە ئیش بکەین و داوای زەماناتی نێودەوڵەتی بکەین لەو هێزانە.

*** ئایا هیچ ئومێدێك بە میانگیری ئەمەریکا هەیە بە تایبەتی هەست دەکرێت لە دوای زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق پرۆسەی سیاسی پشتگوێ خراوە؟**

- ئەمەریکا پرۆسەی سیاسی بۆ عێراقییەکان جێهێشتووە و ئەگەر رێککەوتنە ئەمنییەکە ئیمزابکرێت کە ئەگەری زۆرە ئیمزابکرێت ئەوا ئەمەریکا کەمتر دەستێوەردانی سیاسی دەکات، هەروەها ئۆباماش زیاتر ئەم مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێت لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە ئۆباما باوەڕی بە شەڕی ئەمەریکا نەبووە دژی عێراق، دواتر ئەمەریکا مانگانە ١٢ ملیار دۆلار لە عێراقدا خەرج دەکات و ئەگەر ئەو قەیرانە ئابووریەی ئەمەریکا لەبەرچاوبگرین ئەوا ئەمەریکا هەوڵی کەمکردنەوەی خەرجیەکانی دەدات لە عێراقدا. لە لایەکی دیکەوە ئەو کاتانەی ئەمەریکا میانگیری کردووە فشاری لە سەر کوردەکان کردووە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر حکومەتی مەرکەزیدا نەرمبن، لەبەر ئەوە ئەزمونێکی سەرکەوتوومان نەبووە لەم رووەوە لەگەڵ ئەمەریکا.

***بەو پێیە پێگەی سیاسی کورد لاوازتربووە؟**

- تا رادەیەك تەرازووی هێز گۆڕاوە لەبەر ئەوەی ئەو کاتە شەڕی سوننە و شیعە هەبوو.

***ئایا هیچ رێگەیەکی دیکە لە بەردەم کورددا نییە؟**

- لایەنەکانی دیکەش ئەبێت سازش بکەن، لەبەر ئەوەی هیچ لایەك لە عێراقدا ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێت خۆی بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنێت، ئەو حکومەتەی هەیە حکومەتی حزبێکە و لایەنەکانی دیکە دژین، هەر لایەك بەشی خۆی هێزی هەیە و رەنگە ئێستا ئەگەر کورد بەرامبەر هەر حزبێکی دیکە بەراورد بکەیت ئەوا بەهێزترین لایەن بێت. بەڵام دەبێت کورد بزانێت چۆن و کەی کارتەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و هەموو هەوڵ بدەین و پلانێکمان هەبێت و راوێژی وورد بکەین بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە و ناوەوە، لەگەڵ تورکیا و ئێران و ئەمەریکا پلانی ووردمان هەبێت. نابێت تەنیا بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ ئەم حکومەتەدا بکەین، بەڵکو کورد زەمانەتێکی هەبێت بۆ دواڕۆژ بۆ ئەوەی کەس لە داهاتودا پەلاماری نەدات و گەرەنتی هەبێت کە دەستکەوتەکانی لە دەستووردا جێبەجێ دەبێت و لە سەر خاکی خۆی بە ئاشتی بژێیت، بۆ نموونە ئەوە ساڵ و نیوێکە رۆژانە تورکیا و ئێران بە بیانوی پەکەکە بۆردومانی کوردستان دەکەن.

*** دەبێت کورد چی بکات بۆ گێڕانەوەی سەنگی خۆی؟**

نابێت تەنیا لە ئامانجدا یەکگرتوو بین، دەبێت لە نەخشە و پلان و ئالیەت و ئەوەی پێی دەڵێن نەخشەی رێگا یەکگرتوو بین، نابێت یەك نەرم بێت و یەکێك توند قسەبکات. دەبێت کارێکی جیددی لە دەرەوە بکەین بۆ نموونە لە دوای روخانی سەددام ئێمە دەرەوەمان پشتگوێ خستووە، بۆ نموونە لە ئەمەریکا تەنیا نوێنەرایەتیکی بچوکمان هەیە دەبێت هەوڵ بدەین و لۆبیمان هەبێت و کاری جیددی بکەین لە واشنتۆن. هەروەها لە ناوەوە هەڵمەتێکی راگەیاندنی رێك و پێك و روونمان هەبێت بۆ روونکردنەوەی کێشە و مەسەلەکانی خۆمان دەبێت ئەم کەم و کورتیانە چارەسەر بکەین.

***ئێوە باستان لەوە کردووە کە رێککەوتنە ئەمنییەکە هیچی بۆ کورد تێدانییە؟**

- ئەم رێککەوتنە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا کراوە و باسی هەرێمی کوردستانی تێدانییە و تەنیا ئەو خاڵەی تێدایە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەویش لە دیباجەکەدا هاتووە. نیگەرانی و مەترسی من لەوەدایە کە ئەگەر کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چارەسەر نەکرد ئەوا حکومەتی مەرکەزی ئەم رێککەوتنە بەکاربهێنێت بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی خۆی و بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر ئێمەدا و رەنگە یەکێك لە کاردانەوەکانیش ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی ئێمەبێت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی.

●●●

**حزبی دەعوە و سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەرکەز و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکەن ئەمەش لەگەڵ فیدراڵیدا ناگونجێت، هەروەها داوای ئەوە دەکات هەرێمەکان دەسەڵاتیان بەسەر نەوت و گازدا نەبێت**

●●●

●●●

**ئەگەر زۆربەی کێشەکان چارەسەرکران باشە، ئەگەرنا ئەوا دوو رێگامان لە پێشە یان دەبێت لە پەرلەماندا لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا کە هاوکاریمان دەکەن هەوڵی لێسەندنەوەی متمانە بدەین لە حکومەتەکەی مالیکی، یاخود لە حکومەتەکە بکشێینەوە وەک فشارێک بۆ سەر مالیکی**

●●●

●●●

**ئەگەر رێککەوتنە ئەمنییەکە ئیمزابکرێت کە ئەگەری زۆرە ئیمزابکرێت ئەوا ئەمەریکا کەمتر دەستێوەردانی سیاسی دەکات، هەروەها ئۆباماش زیاتر ئەم مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێت**

●●●

جیری پۆبانتز بۆ گوڵان:

# هەرحکومەتێکی مەرکەزی لەعێراق هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی کوردستان بدات دژ بەمانەوەی خۆی هەنگاو هەڵدەگرێت



**ئەوا نیگەرانی ئەوە هەیە کە دوای کشانەوەی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مالیکی بەردەوام نەبێت لەسەر هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بارودۆخێکی زۆر جیاوازتر لە عێراقدا بخوڵقێت**

**پرۆفیسـۆر جیری پۆبانتز ئوسـتادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسـپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا و هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراسـت و هەروەها دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسـلامیش، بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی عێراق وپاشەکشەی د.مالیکی سـەرۆك وەزیرانی عێراق لە پرۆسـەی دیموکراتی و فیدراڵییەت پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جیری کرد بەجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**• لـە هەندێـك وڵات خەریکە هەنگاو بەرەو دیموکراسـییەت هەڵدەگیرێـت، بەڵام دەسـەڵاتداران هەنـگاوەکان دەگۆڕن بۆ دیکتاتۆری گەلەکەشـیان بیدەنگە، ئایـا گەلانی ئەو وڵاتانە دیکتاتۆرییان لە دیموکراتی پێباشترە؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئێوەدا کە خەڵکەکە خوازیاری گرتنبەری سیسـتەمێکی دیکتاتۆرین یاخود دیکتاتۆری لە دیموکراسی باشتربێت، چەند هۆکارێکی مێژوویی، ئابووریی و سیاسی هەیە کە وڵاتگەلێك لە سەدەی بیست و یەکدا رژێمێکی دیکتاتۆری پیـادە دەکات لە بری رژێمێکی دیموکراسـی. دیموکراسـی پرۆسەییەکی قورسە و پێویسـتی بە گەشەکردنی ئابووریی و کەلتورێکی سیاسی هەیە کە لێبوردەیی و جیاوازی قبوڵبکات و تـا رادەیەکی گەورە عەلمانی بێت، بەڵام لەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن بە سـەردەمی کۆلۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزمی رۆژئاوادا تێپەڕیوون و ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سـەر سیسـتەمە سیاسـییەکان کە زۆرجار تەنیا نوخبەیەکی دیاری کراو دەسەڵاتی دەگرتەدەست لەم وڵاتانەدا. بەڵام ئەمە خواستی گەلانی ئەم وڵاتانە نییە.

*** بـەڵام زۆرجار دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دیموکراسـی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسـلامیدا ناگونجێت، لێکدانەوەی ئێوە چییە بۆ رەشـبینی ئێمە لە ئاست چەسپاندنی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا؟**

- جیاوازییـەك هەیە لە واقیعی وڵاتانی ناوچەکەدا، بۆ نموونە بارودۆخی وڵاتانی باکووری ئەفریقیا جیاوازبێت لە هەلومەرجی وڵاتانـی کەنـداودا، وڵاتێکی وەك لوبنان لـە چەند کاتێکی جیاوازدا توانیوویەتی بەرەپێشچوون بەدەست بهێنێت لە پرۆسەی بە دیموکراسـیکردندا، هەروەها وڵاتێکی وەك ئەندەنۆسـیا کە وڵاتێکی ئیسلامیە هەندێ جار بەرەوپێشچوونی بەدەستهێناوە، لەبەر ئەوە ئومێدی ئەوەیە کە دیموکراسـی ببێتە رێگاچارەی ئاینـدەی لای ئەم وڵاتانە و بڕیاری ئەوە بدەن ئەم سیسـتەمە بگرنەبەر.

***بابێتە سـەر عێـراق، هەمـوو لایەك دەزانیـن ئەمریکا چ قوربانییـەك و چ پارەیەکی سـەرفکرد هەتـا دیکتاتۆریەتی سـەدام حوسـێنی رووخاند، بە لام حاڵی حازر خەریکە هەمان دیکتاتۆری دروستدەبێتەوە، ئایا رەشبینییەکەمان هێشتا لە جێی**

خۆی نییە؟

- شەڕەکەی ئەمەریکا دژی عێراق جێی مشت و مڕبوو، لەبەر ئـەوەی هەندێك پێیان وابوو کە پاســاوی هەیە، بەڵام زۆرێك لە ئەمەریکییـــەکان باوەڕیان وایە ئـــەوە هەڵەبوو لەبەر ئەوەی ئەمەریـــکا باجێکی زۆری داوە هەم لە رووی دارایی و هەم لە رووی گیانی ســەربازییەکانی و دەستکەوتێکی زۆری بەدەست نەهێنا. لەلایەکی دیکەوە دوای شــەڕەکە نەتەوە یەکگرتووەکان پشــتگیری لە داگیرکارییەکــە کرد، بۆیە ئێســتا ئەمەریکا پەلەیەتی لە ئیمزاکردنی رێککەوتنەکە چونکە مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتـــووەکان بەرەو تەواوبوون دەچێت. پرســیارەکە ئەوەیە ئایا مالیکـــی دەتوانێت ناســنامەیەکی نیشــتمانی یەکگرتوو لە وڵاتەکـــەدا پێکبهێنێت، من لەم رووەوە گەشــبین نیم، چونکە کـــوردەکان نایانەوێت ئۆتۆنۆمیەکەی خۆیان لە دەســت بدەن، شیعەکانی باشـــوور خوازیاری کۆنترۆڵکردنی نەوتی خۆیانن و سوننەکانیش ئەم دوو تەحەددایەییان پێ قبوڵ ناکرێت.

*** ئێمـــە پێمان وایە ئەمەریـــکا بەهێزترین وڵاتی جیهانە بەڵام شکســـتی هێناوە لە گۆڕینی عێراق لـــە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسی، ئایا ئێوە چی دەڵێن؟**

- راســـتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا وڵاتێکی بەهێز و دەســـەڵاتدارە، بەڵام ئەوەندە بەهێز نییە کـــە بتوانێت بیرکردنەوە و خواســـتی گەلانی دیکە بگۆڕێت، زۆرجار دەســـتێوەردانی کاردانەوەی لێدەکەوێتـــەوە و خەڵك بە داگیرکاری دادەنێن، من پێم وایە گەورەترین خاڵی هێزی ئەمەریکا ئەوەیە ببێتە مۆدێل و ببێتە ســـەرچاوەی ئیلهام بۆ گەلانـــی دیکە بۆ ئەوەی بەها دیموکراسییەکان پیادە بکەن.

*** کەواتە گەلانی عێراق دەبێت باجی شکســـتەکەی ئەمەریکا بدەن ؟**

- ئەوە مەســـەلەیەکە بۆ خـــودی خەڵکەکە خۆی دەگەڕێتەوە، خەڵکی عێراق ئێش و ئازارێکی زۆری چەشـــتووە هەم لەسەر دەســـتی دیکتاتۆرییەتی ســـەددام حوسێن و هـــەم بە هۆی ئابڵۆقـــە ئابوورییـــەکان و دواتر بە هۆی دەســـتێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەبەر ئەوە من ئومێد دەکەم خەڵکی عێـــراق بتوانن ئازادانە بڕیارە لـــە ئایندەی خۆیان بدەن و دەبێت دەوڵەتە دراوســـێکانیش رۆڵی بنیاتنەر و پشـــتیوان ببینن لەم رووەوە.

***پرســـیارەکەی ئێمـــە ئەوەیـــە کاتێـــك ئەمەریـــکا رێگە بە عەســـکەرتاریکردنی عێـــراق دەدات گەلانـــی عێـــراق چیان پێدەکرێت؟**

- لە پرسیارەکەی ئێوەدا رەخنەگرتن هەیە و من هاوڕام لەگەڵیدا لەبەر ئەوەی نابێت لایەنگیـــری لایەنێکی دیاری کراو بکەیت لە وڵاتەکەدا و دەبێت پرۆســـەی ئاشـــتبوونەوە هەبێت لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەقامگیر دروست ببێت. لەبەر ئەوەی ناســـنامەی نەتەوەی لە عێراقدا رەگێکی قوڵـــی نیە، ئـــەوا نیگەرانی ئەوە هەیە کە دوای کشـــانەوەی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی مالیکی بەردەوام نەبێت لەسەر هەنگاوەکانی ئاشـــتبوونەوەی نیشتمانی و باروودۆخێکی زۆر جیاوازتر لە عێراقدا بخوڵقێت.

*** بـــەڵام رۆژ بـــە رۆژ پەیوەندیەکانـــی کـــورد و حکومەتی مەرکـــەزی بەرەو خراپ بوون دەچێـــت، لەبەر ئەوەی مالیکی هەوڵـــی کەمکردنەوەی دەســـەڵاتە دەســـتورییەکانی هەرێمی کوردســـتان دەدات، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- ئەوە راســـتە کـــە پەیوەندییەکانی نێوان کـــورد و حکومەتی مەرکەزی بەرەو گرژی دەچێت. لە کاتی رووخاندنی ســـەددام حوسێندا کوردەکان زۆر خۆشحاڵبوون لەبەر ئەوەی ئۆتۆنۆمییەکیان بەدەســـتهێنا کە نزیـــك بوو لە ســـەربەخۆییەوە. بـــەڵام هەر حکومەتێکی مەرکەزی کە بەرهەڵســـتی ئەم ئۆتۆنۆمیە بکات دژی بەردەوام بوونی خۆیەتی، گفتوگۆکانی ئەم دوایە لەسەر کەرکوك و موسڵ و هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان ئەوەی دەرخست کـــە کەلێنی قوڵی نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی هێشـــتا سارێژنەبووە. خواستی ئەمەریکا ئەوەبوو کە فیدراڵییەت هەبێت لە عێراقدا کە دەســـەڵاتی هەرێمەکان دەســـەڵاتێکی زۆر بێت، بەڵام ئێستا کێشە لە سەر چۆنییەتی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکان هەیە لە نێوان کورد و حکومەتی مالیکیدا.



●●●
**گفتوگۆکانی ئەم دوایە لەسەر کەرکوک و موسڵ و هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان ئەوەی دەرخست کە کەلێنی قوڵی نێوان کورد و حکومەتی مەرکەزی هێشتا سارێژنەبووە**
●●●

حافز مالیک بۆ گوڵان:

# لەگەڵ کشانەوەی ئەمەریکا عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت هەنگاو هەڵدەگرێت پێشتر دیکتاتۆرەکە سونی بووە ئەمجارە شیعە دەبێت



...

رۆژێک دێت کوردەکان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن بە تێروانینی من کوردەکان ئەم مافەیان هەیە، بەڵام ئەگەر سەربەخۆش نەبن ئەوا دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی فراوانیان دەبێت

...

...

**ئەکادیمستی پاکستانی حافز مالیك ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ڤالانۆڤا و پسپۆر تایبەتمەندە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر دۆسێی عێراقیش پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر توانای سەربازی عێراق کە چۆن ببووە هەڕەشە بۆ سەر ناوچەکە و ئێستاش یەکێك لە مەترسییەکانی ئەوەیە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەت و هەمان مەترسی دەست پێبکاتەوە، سەبارەت بە باردۆخی ئێستای عێراق هەوڵەکانی د.مالیکی بۆ میلیتاریزەکردنی عێراق و گێڕانەوەی مەرکەزییەت و دیکتاتۆری پرۆفیسۆر حافز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

...

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵسا بە روخاندنی رژێمی سەددام بێ ئەوەی پشتگیرییەکی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت و لەم پێناوەدا پارەیەکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر سەربازەکانی کردە قوربانی، بەڵام ئێستا هەوڵی بیناتنانەوە دیکتاتۆرییەت دەدات لە عێراقدا، لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی دەستێوەردانی لە عێراقدا نەکرد، بەڵکو بۆ چەسپاندنی دەستڕۆیشتوویی خۆی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی ئێستای عێراق کەم تا زۆر بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵدەسوڕێت و هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ئەنجامدراوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، حکومەتی مالیکی یان هەر حکومەتێکی دیکە بە شێوەیەکی دیموکراسی کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن یان نا، من دڵنیانیم لەوەی دوای پاشەکشەی ئەمەریکا دامەزراوە دیموکراسییەکان گەشە دەکەن و دەچەسپێن.

*** بەو شێوەیە پێناسەی وڵات دەکرێت ئەو خاکەیە کە دانیشتوانەکەی بە سەربەزی تێیدا دەژین، بەڵام لە عێراقدا بۆ ئەوەی وڵاتەکە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە دەبێت خەڵکەکەی ئێش و ئازار بچێژن، ئایا یەکگرتوویی وڵاتەکە گرنگترە لە خۆشگوزەرانی دانیشتوانەکە؟**

- من لەو باوەڕەدام کە رۆژێك دێت کوردەکان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن بە تێڕوانینی من کوردەکان ئەم مافەیان هەیە، بەڵام ئەگەر سەربەخۆش نەبن ئەوا دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی فراوانیان دەبێت، ئەو کاتە هاوسەنگییەکە لە عێراقدا لە نێوان شیعە و سوننەکاندا دەمێنێتەوە و دەبێت ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەربکەن. واتە ئەگەر سیستەمێکی دیموکراسی لە عێراقدا باڵادەست بوو ئەوا هیچ گرفتێك لەوەدا نییە کورد و عەرەبەکان پێکەوە بژین.

*** ئیدارەی سەرۆك بۆش ئەنجومەنەکانی سەحوەی دروستکرد بۆ ئەوەی لە باشترکردنی رەوشی ئەمنی عێراقدا سەرکەوتوویێت و ئەمەش بووە هۆی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان شیعە و سوننەکاندا، حاڵی حازر مالیکی سەرقاڵی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادە بۆ راستکردنەوەی ئەو لاسەنگ بوونە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا رێگە بە عەسکەرتاریکردنی**

**عێراق دەدات لە کاتێکدا ئامانجی ئەمەریکا هێنانەدی دیموکراسییە لەم وڵاتەدا؟**

- ئیدارەی سەرۆك بۆش کۆتایی هاتووە و سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا گۆڕانکارییەکی زۆر بە سەر سیاسەتی ئەمەریکادا دەهێنێت لە ئاست عێراقدا، بۆ نموونە بە رەوتێکی خێرا هێزەکان پاشەکشەپێدەکات لەبەر ئەوەی پێویستی بەم هێزانە هەیە لە ئەفغانستاندا و من پێم وایە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق بەرەو دیکتاتۆرییەت دەڕوات، پێشتر دیکتاتۆریەتی سوونەکان بوو بەڵام ئەمجارەیان دیکتاتۆریەتی شیعەکان دەبێت، بەڵام کوردستان دەتوانێت ئۆتۆنۆمی خۆی بپارێزێت لەبەرئەوەی پەرەی بە دامەزراوەکانی داوە، هێزەکانی پێشمەرگە بەهێز و رێکخراون.

*** رۆژ بە رۆژ پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی مەرکەزی بەرەو خراپ بوون دەچێت، لەبەر ئەوەی مالیکی هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- ئەگەر مالیکی هەوڵی ئاڵۆزکردنی پەیوەندیەکانی بدات لەگەڵ کوردەکاندا ئەوا کارێکی ژیرانە ناکات و بە تێڕوانینی من باشترین رێگاچارە ئەوەیە کە هانی کوردەکان بدات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، بەڵام ئۆتۆنۆمیان هەبێت. ئەگەر مالیکی هەوڵی سەرکوتکردنی مافی کوردەکان بدات ئەوا هەمو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون لە دەستدەچن و دووبارە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ پشێوی و ئاڵۆزی.

*** ئەزموونی پێنج ساڵ دوای رووخانی سەددام ئەو راستییەی سەلماند کە نە شیعە و نە سوونەکانی عێراق بایەخ بە چەسپاندنی دیموکراسی نادەن، بۆ نموونە شیعەکان خوازیاری سیستەمێکی حکومڕانی هاوچەشنی سیستەمی ئێرانن، سوننەکان هەوڵی ئەوە دەدەن سیستەمێکی حکومڕانی وەك سعودیە بچەسپێنن، تەنیا کوردەکان مەیلێکی رۆژئاواییان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لەم رووەوە؟**

- پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسی ئەرکێکی قورسە و جێی سەرسوڕمان نییە کە رەتبکرێتەوە لە لایەن شیعە و سوننەکانەوە، ئەمە بە گشتی بۆ وڵاتانی ئیسلامی راستە، لەبەر ئەوەی لە مێژوی وڵاتانی ئیسلامیدا ئەزموونی دیموکراسی نەبووە و لە راستیدا دیموکراسی لە وڵاتانی رۆژئاوادا گەشەی کردووە و پەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە، بۆیە حاڵی حازر زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی لە خەبات و ململانێدان بۆ هێنانەدی دیموکراسی، بۆ نموونە لە تورکیا دیموکراسی هەیە، بەڵام ناو بە ناو کودەتای سەربازی دەکرێت، هەروەها ئومێدی ئەوەیە هەیە کە جۆرێك لە دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا گەشەبکات. لە زۆرێك لەم وڵاتانەدا ئەزموونێکی بچوکی دیموکراسی هەیە، بەڵام دامەزراوە دیموکراسییەکان گەشەیەان نەکردووە. دیموکراسی پرۆسەیەکی لەسەر خۆیە و رەنگە پێویست بە سەدەیەك بکات بۆ ئەوەی بە تەواوەتی جێگیربێت. ئەگەر ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن لە عێراقدا رووبدات ئەوا وڵاتەکە دابەش دەبێت و شیعەکان دەچنە پاڵ ئێران و سوننەکان دەچنە پاڵ سعودیە، بەڵام ئەمە هەلومەرجێکی زۆر سەخت بۆ کوردەکان دەخوڵقێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر کوردەکان جاڕی سەربەخۆیی بدەن ئەوا تورکیا دەستێوەردان دەکات، لەبەر ئەوە من پێم وایە باشترین چارەسەر ئەوەیە کوردەکان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیی عێراقدا بمێننەوە و هاوسەنگی نێوان شیعە و سوننە و کوردەکان بهێنرێتەدی، ئەمە باشترین رێگاچارەیە بۆ زەمانەتی هێنانەدی دیموکراسی لە عێراقدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من پێم وایە لە حاڵی حازردا دەبێت عەرەب و غەیرە عەرەبە لە عێراقدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا یەکگرتووبن و هەر یەکە لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکە ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێت، سوونەکان ئۆتۆنۆمیان هەبێت و کوردەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن، بە هەمان شێوە شیعەکانیش، بەڵام دەبێت لە چوارچێوەی یەك وڵات و یەك حکومەتدابن، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەوە دابەش دەبن بۆ سێ دەوڵەتی بچوك کە دەوڵەتگەلێکی لاواز دەبن و هێزەکانی دیکە باڵادەست دەبن بەسەریاندا. واتە دەبێت لە یەك کاتدا هەوڵی پاراستنی یەکێتی و یەکگرتوویی وڵاتەکە و ئۆتۆنۆمی پێکهاتەکانی وڵاتەکە بدرێت.

**دەبێت عەرەب و غەیرە عەرەبە لە عێراقدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا یەکگرتووبن و هەر یەکە لە سێ پێکهاتە سەرەکییەکە ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبێت، سوونەکان ئۆتۆنۆمیان هەبێت و کوردەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن، بە هەمان شێوە شیعەکانیش**





# بۆچی قوتابخانەکان دەزگایەک نین بۆ بەرهە...

## بەدواداچوونی ... لەسەر
## رەوشی پەروەردە و فێرکردن لە هە...

"پێویستە سیستەمی پەروەردە لەکوردستان لە پێناوی دروستکردنی کەسایەتییەکی تەندروست بێت"

**سیاسەتی پەروەردەیی. داینەمۆی گۆڕانکاری و داهێنان**

کەرتی پەروەردە و فێرکردن لە دەیان سـاڵ پێش ئێستا دووچاری زۆر تەنگوچەڵەمە و شکسـتی خراپ بووە کە بەرەنگاربوونەوەی بەرامبەر رێگاچارەی دەرچوون تێیدا کارێکی ئاسـان نەبووە. بۆیە پرۆسـەی ڕیفۆرمـی پەروەردەیی لە پێشـەوەی گرنگییەکانی سـەرهەڵدانی پێشکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردسـتان بڕیاری لەسەردرا، کە وەك وڵاتانـی تـر دوای قەیرانەکانی جەنگ لەم رێگایەوە پێشـکەوتن. کاتێك ئەڵمانیا بەرامبەر ناپلیۆن لەسەدەی نۆزدەهەمدا شکستی هێنا، فەیلەسوفی ئەڵمانیا (فێختە) رێگاچارەی ئەم شکستەی بەوە دۆزیەوە که دەبێت سیسـتەمی پرۆگرامەکانی خوێنـدن لەئەڵمانیا بگۆڕدرێت بۆ پەروەردەیەکی نوێ لە شـێوازی فێربوون، لە رێگای میکانیکیەوە بگۆڕدرێـت بۆ رێگای هزر و داهێنان بـە ئەندازەیەکی نوێ بۆ نەوە تـازەکان لەم رێگایەوە بنیاتی وڵاتێکـی بەهێز و خاوەن بیروباوەڕێکی پێشکەوتوویان دانا. کاتێك فەرەنسا ساڵی ١٩٤٤ رزگاری بوو لە دەست داگیرکەرانی ئەڵمان، فەرەنسییەکان خێرا هەوڵیاندا وڵاتی خۆیان بونیاد بنێنەوە کە پەروەردە تێیدا پێش هەموو شتێ دەستی چاکسازی بگاتێ. یابانیش تەنیا لە رێگەی پەروەردەوە گەیشـتە ئاسـتی پێشکەوتنی ئەمڕۆی لە ئاسۆی جیهاندا.




هەر بۆیە سیاسەتی پەروەردەیی هەر وڵاتێك دەستنیشانی ڕێباز و هێڵە گشتییەکانی ڕێڕەوەی پرۆسەی فێرکاری وڵاتەکە دەکات. لە خوار ئەو سیاسەتەوە سنووری ناوەندێتی دەسەڵات نامێنێت و جێبەجێکردنی سیاسەتەکە دەدرێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە تا بچووکترین یەکەی مەڵبەندی خوێندن لە کۆمەڵگادا.

**پەروەردە لە هەرێمی کوردستان پاش ڕووخانی ڕژێم**

پاش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣/٤/٩ و دامەزراندنی عێراقی نوێ، زۆر کۆنگرە و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە دەربارەی ڕەوشی پەروەردە لە عێراق و هەرێمی کوردستان سازکرا. گرنگترینیان ئەو کۆنفرانسە پەروەردەییە بوو کە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژانی ٢٢- ٢٤ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ لەهەولێر گرێیدا و تێیدا پرۆژەیەکیان بۆ گۆڕینی پەروەردە لەهەرێمی کوردستان پەسندکرد، کە سیستەمەکە چەندین بڕگەی لەخۆ گرتووە و بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨ خرایە واری جێبەجێکردنەوە و دەستنیشانی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن و ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە دەکات. ئەم سیستەمە تازەیەش، لەژێر دروشمی "خوێندن بۆ هەمووان" تەرجەمەی نێو واقیعی کوردستان دەکرێ بۆئەوەی هەموو تاکێکی کوردی لەژێر ئەو دروشمە بخوێنێت.

بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە، لەدوای کۆنفرانسەوە وەزارەتی پەروەردە تەنیا پشت بە مەرکەزییەتی بڕیارەکانی خۆی دەبەستێت و هیچ بڕیارێکی لەدەست شارەزایانی بواری پەروەردەوە نەهێشتۆتەوە. لەپێشەوەی هەموو شتێك، ڕێژەی کارمەندانی بواری پەورەردە لە ئاستی خۆی زیادی کرد بەبێ ئەوەی پەروەردە پێویستی بە زۆربەیان هەبێت. هەروەها نەبوونی پلانسازی یان بێکاریگەری پلانەکان زۆر کاری کردۆتە سەر ئەوەی کە پشت بە میتۆد و لێکۆڵینەوەی زانستی و پەروەردەیی نەبەستێت، هەروەك زۆرجاریش گوێ نەدراوەتە ئەنجامەکانی. بەمەش کەس خۆی لە باش و خراپی ڕەوشی پەروەردە بە بەرپرسیار نەزانیوە. هەر بۆیە سیستەمی خوێندن لە کوردستان پەروەردەیی نییە بەڵکو تائێستاش هەر فێرکردنە و فێرکردنێکی ناتەندروستیش. بۆ ئێمە سەختە یەك ڕەهەندی پەروەردەیی تێدا بدۆزینەوە. هەر بۆیە سیستەمی پەروەردە لەعێراق و کوردستان چەندان ساڵە لە بازنەیەکی بۆشدا دەخولێتەوە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە. لەبەرئەوەی گۆڕانکارییەکانی سیستەمی پەروەردە ڕەهەندی فیکریان نییە و سنووردارن و لە گۆشەیەکی هەڵەوە دەستکراوە بە گۆڕانکارییەکان، هەروەها لە کوردستان وەکو هەموو وڵاتە دواکەوتووەکان لەکاتی چاکسازی لە گۆڕینی مەنهەجەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ئەوەمان پێدەڵێت ئێمە هێشتا دەرکمان نەکردووە کە گەشەکردنی ڕوئیای منداڵ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و نازانین منداڵ چۆن بیر دەکاتەوە. لەبەرئەوە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە جورئەتی گەورەتر هەیە و دەبێ بەشێوەیەکی خێراتر بەڕێوەبچێت و لەڕووی ناوەرۆکیشەوە دەوڵەمەندتر بێت.

**ئایا کوردستان دەتوانێ مودێلی سوید پراکتیزە بکات؟**

کاتێك وەزارەتی پەروەردە بانگەشەی ئەوە دەکات کە مۆدێلی پەروەردەی وڵاتی سوید بۆ هەرێمی کوردستان گشتگیر دەکات ئەوا دەبێت ڕەچاوی ئەو جیاوازییانە بکات کە لەنێوان سویدی ڕۆژئاوایی و کوردستاندا هەیە. لەبەرئەوەی سیستەمەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش هەموویان وەکو یەك نین، بۆیە بۆ ئەوەی قسەکانمان ڕوونتربن بەراوردی کوردستان و هەندێ سیستەمی ڕۆژئاوایی پێشکەوتوو دەکەین. هەروەك پەروەردەزانی ناسراو فایەق سەعید لە کتێبی (قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە) بەمشێوەیە باس لەو جیاوازییانە دەکات:

سیستەمی ڕۆژئاوا شانازی بەوەوە دەکا کە کەسێکی هەیە بەناوی ژان پیاژێ. سێبەری ئەم پیاوە بەسەر هەموو سیستەمە ڕۆژئاواییەکانەوە دیارە، بەڵام لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتیشەوە ئێمە کەسێکی هاوشێوەی ئەم پیاوەمان نییە، لە سوید و ڕۆژئاوا ماڵ و قوتابخانە بەیەك ئاراستەدا دەڕۆن و ماڵەکان لە قوتابخانەوە فێری پەروەردەکردنی منداڵان دەبن،

●●●

**کاتێک ئەڵمانیا بەرامبەر ناپلیۆن لەسەدەی نۆزدەهەمدا شکستی هێنا، فەیلەسوفی ئەڵمانیا (فێختە) ڕێگاچارەی ئەم شکستەی بەوە دۆزیەوە کە دەبێت سیستەمی پرۆگرامەکانی خوێندن لەئەڵمانیا بگۆڕدرێت بۆ پەروەردەیەکی نوێ لە شێوازی فێربوون**

●●●

●●●

**سیستەمی خوێندن لە کوردستان پەروەردەیی نییە**

●●●

**گۆڕانکارییەکانی سیستمی پەروەردە بوعدی فیکریان نییە**

**لە سوید ماڵ و قوتابخانە بەیەک ئاراستەدا دەڕۆن و ماڵەکان لە قوتابخانەوە فێری پەروەردەکردنی منداڵان دەبن**

**لە سیستمی سوید زانست سەردەستە و لە سیستمی کوردستان نەریتە کۆمەڵایەتییەکان زاڵن**

**لە کوردستان ئایینی ئیسلام دەخوێندرێ و ئەو ئایینەش بەسەر هەموو کۆمەڵدا فەرز دەکرێ و مامۆستاکان بەشێوەیەک ئایین بە قوتابیان دەڵێننەوە کە زۆر ترسناک و تۆقێنەرە**

بەڵام لە کوردستان خێزانەکان کاریگەریی سیستمی قوتابخانەکانیان زۆر کەم بەسەرەوەیە و زۆر جاریش هەردوولا وەکو یەك بەیەك ئاراستەی خراپدا کار دەکەن. لە سیستمی سوید زانست باڵادەستە و لە سیستمی کوردستان نەریتە کۆمەڵایەتییەکان زاڵن. لە سوید منداڵ فێری ئەوە دەکرێ کە هەموو مرۆڤەکان یەك بەهایان هەیە و دەکرێ گەشەسەندنی زانستی هەندێ جار بکرێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان، بەڵام لە کوردستان پارە، ئاستی کۆمەڵایەتی، سیاسی.. هتد کەسەکان لەیەك جیا دەکاتەوە و تەقوا و پەرستنی خوداش پێوەرە بۆ ئەوەی دوو کەس لە یەك جیابکرێنەوە. لە سوید هەموو ئایینەکان دەخوێندرێن و ئاینیش شتێك نییە بەسەر خوێندکارانەوە فەرز بکرێ و مامۆستاکان تەنیا دەقەکان روون دەکەنەوە، بەڵام لە دووەمدا تەنیا ئایینی ئیسلام دەخوێندرێ و ئەو ئایینەش بەسەر هەموو کۆمەڵدا فەرز دەکرێ و مامۆستاکان بەشێوەیەك ئایین بە قوتابیان دەڵێننەوە کە زۆر ترسناك و تۆقێنەرە. لە سیستمی سوید زانستی وانەوتنەوە (Didactic) پێدویستییەکانی واقیعی قوتابیان دابین دەکات، بۆ نموونە شێواز و میتۆد و فۆرمی کارکردنی مامۆستاکان لەگەڵ ژیانی رۆژانەی قوتابی و کۆمەڵگادا هاوتەریبە و گەرەنتیی هەندێ بابەتی گرنگی وەك: لە خۆبوردوویی، رێزگرتن، قبووڵکردنی بیروڕای جیاوازی یەکتر، گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی.. هتد. بەڵام لە کوردستاندا زانستی وانەوتنەوە (Didactic) هێندە کۆنە تەنانەت پێداویستییەکانی خودی قوتابخانەکانیش دابین ناکات، بۆیە بووەتە مایەی بارگرانی بەسەر قوتابخانەکان و هۆکارێکیش بۆ دواکەوتنی قوتابییەکان. هەروەك زۆرجار ئەوەمان بەدی کردووە کە قوتابی لە قوتابخانە زرینگترە، هەندێ کەس هێشتا زانکۆیان تەواو نەکردووە گاڵتەیان بە سیستمی زانکۆکان دێ و بەشێوەیەکی گشتیش هەموو رووناکبیرەکانی ئێمە بەخودی حکوومەتیشەوە دان بەوە دادەنێن کە سیستمی پەروەردە کۆن و بێ کەڵکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵك لە پێش سیستمەکەوەن، بەڵام ئەمە لە سیستمی سویدا زۆر بەدەگمەن بەدی دەکەین، چونکە بەر لەوەی شتێك کۆن بێ، سیستمەکە خۆی تازە دەکاتەوە. لە یەکەمدا قوتابی فێری ئەوە دەکرێت هەموو شتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە قوتابی یەکسانە بە رەخنەگر، بەڵام لە دووەمدا خوێندکار بۆی نییە سنوورەکان ببەزێنێ و بێ حورمەتی بنوێنێ. لە یەکەمدا کەسی پیرۆز نییە، بەڵام لە دووەمدا جاری وا هەیە کەسی پیرۆز دەچێتە ناو دەستووریشەوە. لە یەکەمدا لەوانەیە پۆلێك بەیەکەوە هەڵ بکەن، بەڵام لە دووەمدا جاری وا هەیە دووکەس بەیەکەوە هەڵ ناکەن، لە یەکەمدا مەرج نییە کتێبەکان ببنە مەنهەج، خودی مامۆستا، ئینتەرنێت، رۆژنامە و گۆڤار یا دەیان کتێب بەیەکەوە.. هتد دەبنە مەنهەج، بەڵام لە دووەمدا هەموو کتێبێك مەنهەجێکە بۆ خۆی. لە یەکەمدا کتێبەکان لەوانەیە هەموو یەك یادوو ساڵ جارێك بگۆڕدرێن، بەڵام لە دووەمدا جاری وا هەیە کتێبێك بۆ ماوەی ٢٠ساڵ دەخوێندرێ. لە یەکەمدا مامۆستا ئازادییەکی گەورەی لە زۆر بواری کارکردندا هەیە، بەڵام لە دووەمدا مامۆستا هیچ ئازادییەکی کارکردنی نییە و هەموو کارەکانی لە سەرەوە بۆ دیاری کراوە. لە یەکەمدا قوتابی بۆیە بێزارکراوە چونکە منداڵێکی٣ ساڵی لە ماڵەوە پلەی ستەیشن، MP٣، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل بەکار دێنێت لە قوتابخانە لە بری ئەوەی باسی ئەم شتانەی بۆ بکرێ مەنهەجەکان باسی تەلەڤزیۆنی رەش و سپی بۆ دەکات. بەشێوەیەکی دی لە یەکەمدا مەنهەجەکان باس لە بارودۆخ و گرفتەکانی سەردەم یا رۆژ دەکەن، بەڵام لە دووەمدا لەوانەیە مەنهەجەکان باسی ٣٠ساڵ بەر لە ئێستا بکات. لە یەکەمدا شتێك لە قوتابخانەکاندا هەیە بەناوی پلانی فێرکردن و پلانی خوێندن کە دەبێتە بنەمای دارشتنی مەنهەج و دیداکتیك و زۆر شتی تریش، بەڵام لە دووەمدا خوێندن هەڕەمەکییە و لەسەر هیچ بنەمایەکی لەم بابەتە دانارێژرێ. بۆنموونە ئەگەر بپرسین وانەی بیرکاری یا کۆمەڵایەتی بۆچی دانراون یا خوێندکارێك بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوو دابنرێ دەبێ چ شتێك لەم یا لەو وانەیە بزانێ، ئەوە دۆکیومێنتێکمان دەست ناکەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و لە باشترین حاڵەتدا قسەی سەرزارەکیمان هەیە. سیستمی دووەم تاوەکو ئێستاش سیستمێکی بێ ئەرشیڤە. یەکەمیان کار لەسەر دروستکردنی منداڵان دەکات، بەڵام دووەمیان کار بۆ تێکشانی بەهاکانی خوێندکاران دەکا. لە یەکەمیاندا باسی فیکری پەروەردەیی و قوتابخانە پەروەردەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی٢٠٠٩دەکرێ، بەڵام لە دووەمیاندا لەبری ئەمانە قسەی بەڕێوەبەری پەروەردە یا کەسانێکی تری لەم بابەتە وەکو مەرجەعی پەروەردەیی تەماشا دەکرێن، لە کاتێکدا هەموو شارەزایی ئەمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوەندە ساڵە لەو پۆستەدا کار دەکەن ئەگەر نا وەکو خوێندن و فیکر هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە پەروەردە نییە. لە سوید لە ٥٢٪ی کارەکانی ناو بازاڕی کار پێویستی تەنیا بە خوێندنی ئامادەیی هەیە. ٤٨٪ی کارەکانی ناو بازاڕی کار پێویستی بە خوێندنی بەرزتر هەیە. بۆ نموونە بەکالۆریۆس لە زانکۆ. لەبەر ئەم هۆیە وڵاتی سوید گرنگییەکی زۆر گەورە بە خوێندن لە قۆناخەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی دەدات. بودجەیەکی زۆر گەورە بۆ پرۆسەی فێرکاری لەم قۆناخانەدا تەرخان دەکرێت. بەڵام لەکوردستان پێچەوانەی ئەمەیە. لە سوید قوتابخانە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێ. لەبەرئەوە یەکێك لە کۆڵەکەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەشداربوونی کەرتی تایبەتە. دامەزراندنی مامۆستایان لەو وڵاتە وەکو لای مەرکەزی نییە، بەڵکو بەپێی داخوازی قوتابخانەکانە کاتێك توانا و لێهاتوویی مامۆستایەکە هەڵدەسەنگێنرێت ئینجا قەبووڵ دەکرێت. بەڵام لە کوردستان بەپێچەوانەوەیە. دواجاریش پێویستە بڵێین، لە سوید سیستمی پەروەردە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی مۆزائیکی وڵاتەکەیە و ٧٢ نەتەوە مومارەسەی زمان و کولتووری خۆیان دەکەن لە سیستمی پەروەردەی ئەو وڵاتەدا. بەڵام لەکوردستان پێچەوانەی ئەمەیە.

**ئاستەنگەکانی بەردەم ڕیفۆرمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان**

بێگومان ڕیفۆرم و چاکسازی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن یەکەم هەنگاوە بۆ دانانی بەردی بناخەی هەرێمی کوردستان وەك ستاتۆیەکی فیدراڵ و کەسایەتی یاسایی دەسەڵات. هەروەك پەیوەندی لە دوورو نزیکەوەش بە باری ئاسایش و خزمەتگوزاری و پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. کەواتە پەروەردە توانای ئەوەی هەیە چاوی مرۆڤ بەرامبەر ئەرکەکانی سەرشانی و مافەکانی بکاتەوە. ئامادە بکرێت بۆ بەشداربوونی راستەوخۆ بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەی گشتی. هەروەها رێگایەکیشە بۆ ئاسایش و گواستنەوە بۆ باری دیموکراتی، ئەم راسپاردە گەورەیەش پێویستی بە هەڵمەتێکی نیشتمانی سەرتاسەری هەیە، کە دەبێت حکوومەتیش پشتگیری تەواوی یەك دەنگی بێت بۆ بوژاندنەوە و سەرکەوتنی کارە نیشتمانییەکان. بەڵام

ئەگەر دووبارە چاوێك بە باری پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان لە پاش شەش ساڵ لە رووخانی رژێم بکەین، زۆر خەوش و کەموکوڕی و ناتەواوی بەدی دەکرێت کە ئاسـۆکانی بەردەم داهاتووی پەروەردەی لە هەرێمی کوردسـتان تەڵـخ و نادیار کردووە. ئەو ئاسـتەنگانەی دێنە بەردەم ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێسـتا لە سیسـتمی پەروەردەی کوردستان دەکرێت، زۆرن. لەوانە کەمی بینای قوتابخانەکان، پێویستی گۆڕینی مەنهەجی وانەگوتنەوە لەلای مامۆستایان، هەموو ئەمانەش پێویسـتیان بە ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی مامۆستایان سەرپەرشتیاران و گۆڕینی پرۆگرامەکانە، ئەوانە هەموویان بە ڕۆژێك و دوو ڕۆژ و سـاڵێکیش ناکرێن، بەڵکو دەکرێ بەشێوەی قۆناخبەندی و تدریجی جێبەجێ بکرێت. هاوشانی گۆڕینی بنەما پەروەردەییەکان، دەبێ هەوڵی باشـترکردنی ئەو لایەنانە و هەوڵی زیاتر دروسـتکردنی بینـای قوتابخانە، دابینکردنـی کەلوپەلی تاقیگـە و هۆکارەکانی فێربوونی نوێ، بدرێت. تەنانەت تاکو ئێسـتاش لە کوردسـتانداو لە هەندێ شـوێن قوتابخانە لە قوڕ دروست دەکرێن، دەوامیش لەهەندێ قوتابخانەکان ڕێکوپێك نییە و شـپرزەییە وکار بەیاسای بەزۆر خوێندن نەکراوە. ڕێـژەی وانەی تایبەتیش زۆر بووە بەهۆی تێنەگەیشـتنی قوتابیـان لەوانەکانیان بەشـێوەیەکی باش لەناو پۆلـدا. لەم ڕووەوە، پێویستە ڕۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری بەگەڕبکەوێت. ترسناکترین شت دیاردەی کاری قۆپیەکردنی بە کۆمەڵە، بەتایبەتی لە تاقیکردنەوەکانی ناوەندی و دواناوەندی، هەروەها دەرهێنانی بڕوانامەی ساختە و تەزویر. ئەو کۆسپ و تەگەرانەش پێویستی بەکاری جوامێرانە هەیـە، کە بایەخ بە ڕێڕەوی پەروەردە و خوێندن بدات و کاری پەروەردە بدرێتە دەستێکی پاك و دڵسۆز بۆ پێشخستن. بۆیە دەبووایە کاتێك بیر لە گۆڕین و جێبەجێکردنی سیسـتمی پەروەردە دەکرایەوە حیساب بۆ ئەو ئاسـتەنگ و تەگەرانە بکرابووایە، بەتایبەتی کارەکتەرەکانی ناو پەروەردە و ئایین و کولتووری کۆمەڵایەتی.

## خەوش و کەموکوڕییەکانی بەردەم گۆڕینی سیستمی پەروەردە

وەزارەتـی پەروەردە لەمـاوەی ڕابردوودا جگە لە دانانی سیسـتمی نوێـی پەروەردە کە دەبـوو بە تەواوی پێـڕەوی لێبکردایە، بەڵام وەك چاودێرانی بوارەکە ڕایانگەیاند سیستمەکە لە هەموو شوێنێك وەك یەك پێڕەوی لێنەکراوە، دەبوو کەمترین بڕیاری دەربکردایە تا مامۆسـتایان و قوتابیانیش سەریان لێنەشـێوێت و سیستمەکە پێڕەو بکەن. بەڵام بە پێچەوانەوە چەندین بڕیار لەو سـاڵەدا دەرچوون، کە ساڵی ئەزموونی سیسـتمەکە بـوو. هەندێك لـەو بڕیارانەش بە بۆچوونی پسـپۆران ڕەنگدانەوەی سـلبی هەبوو، لەوانەش داخیلکردنی سەرجەم قوتابیانی ٩ی بنەڕەتی بۆ تاقیکردنەوە وزارییەکان و بڕیاری گۆڕینی بەشـێك لـە پرۆگرامەکانی خوێندن. وێڕای هەندێ هۆکاری دیکە کە بە خاڵ باسیان دەکەین:

### ١- دانانی بەڕێوەبەر لە قۆناخی بنەڕەتی:

یەکێك لە کەموکوڕییەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردە لە تێکەڵکردنی قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیدا دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت و بەڕێوەبەری سەرەتاییەکانیش بکرێنە یاریدەدەر. لەکاتێکدا لە قۆناخی سـەرەتاییەکاندا بەڕێوەبەری زۆر بە توانا هەیە، هەزاران مامۆستا هەن کە دەرچووی پەیمانگاکانن حـەز دەکەن ببنە بەڕێوەبـەر، بەڵام کاتێك فەرمـان دەردەچێت دەبێ بەڕێوەبەر دەرچووی کۆلێژ بێت، ئەوانە هیوابڕ دەبن، بێگومان هاندان و هیواش زۆر گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە. ئێمە ناڵێین ئەو تێکەڵکردنە هەڵەیە، بەڵام خۆ دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بدۆزرێتەوە، کەسـانی لێهاتوو و تەکنۆکرات بکرێنە بەڕێوەبەر کە دەبوو پێشتر ئەو شتە بکرایە.

### ٢- مانەوە لە پۆلەکانی ١- ٣ ی بنەڕەتی:

دەربـارەی دیاردەی مانەوە کە لە پۆلەکانی ١- ٣ ی بنەڕەتی قوتابی نامێنێتەوە، ئەمەش کاریگەری خراپی بۆ سـەر ئاستی زانستی دەبێت و بڕیارێکە سەرکەتوو نابێت، لەبەرئەوەی ئەو قوتابییە لەهەر ئاستێکدا بێـت ناجیح دەکرێـت، ئەمە وا دەکات دایك و بـاوك لە منداڵەکانیان نەپرسنەوە. بۆیە دەبووایە ئەو قۆناخە بنەڕەتییە بە هەند وەربگیرایە. هەروەهـا هەڵگرتنی تاقیکردنەوەی شەشـی بە کەلـۆری بەهەمان شـێوە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت، لەبەرئەوەی هێشتا ئەقڵیەتی ئێمە نەگەیشـتۆتە ئەو ئاسـتەی کە ئەو فیلتەرانە لابرێت. لەبەرئەوەی ئەگەر بناخەکە توندوتۆڵ نەبوو ئەوا ئاکامەکەشی باش نابێت.
سـەبارەت بەو بڕیارەی کە بە کەوتن لە وانەیەکدا خوێندکار دەردەچێت چاودێرانی بواری پەروەردە وای دەبینن، کە ئەمەش بڕیارێکی دروست نییە. بۆ نموونە، ئەگەر قوتابی لە یەکی سەرەتاییەوە حەزی لە وانەی ئینگلیزی یان بیرکاری نەبوو، ئەوا تا چواری سەرەتایی بەبێ کەوتن دەردەچێت، لە چواریشەوە تا سێی ناوەندی بە کەوتن لەو وانەیە پۆلەکە دەبڕێت (عبور). ئـەی دواتر چۆن دەتوانێت لە قۆناخەکانی ئامادیی سەرکەتوو بێت؟! بۆیە ئەمە بناخە زانستییەکە لاواز دەکات و زوڵمێکە لەبنەمـای فێربوونی قوتابی و خوێنـدکار. یەکێك لە هەڵەکانی ئەو بڕیارەش ئەوەیە کە هیچ مەرجێـك بۆ دەرچوون لە وانەیەك دانەنراوە، دەبوو وانـە بنەڕەتییەکان نەگرێتەوە، یان هاوپێـچ لەگەڵ ئەو بڕیارە چەند پاشکۆیەکی ڕێنمایی لەگەڵدابووایە تا ڕوونی بکردایەوە تا کەی و چۆن قوتابی بەو وانەیە بپەڕێتەوە بۆ پۆلێکی دیکە.

### ٣- هەیکەلی قوتابخانەکان زۆر کۆنن و بینا و هۆڵی خوێندن کەمە:

بەپێـی ئامارەکانی پەروەردە ژمارەی خوێندکاران سـاڵ بەسـاڵ لە زیادبووندایـە، بەڵام لەڕووی بیناوە وەزارەتی پەروەردە بەشـێکی کەم لە بودجەکەی بۆ دروسـتکردنی بینای قوتابخانـەکان دابینکردووە. بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و خوێندنگەکان مەسـەلەی نەبوونی بینا و هۆڵی خوێندن بە یەکێك لە کێشـە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی خوێندن دادەنێن. ئەمەش کاریگەری سلبی لەسـەر بەرەوپێشبردنی سیستمی خوێندن دەبێت. سـەرنج دەدەین هەیکەلـی قوتابخانەکان زۆر کۆنن و لە دروسـتکردنیدا نە پرس بە منداڵ و مامۆستایان کراوە نە بیریشیان لە سـایکۆلۆژیایان کردۆتەوە، لـە کاتێکدا بۆ ئەوان دروسـتکراوە. شـتێکی بەڵگەنەویسـتە کە پۆل و تاقیگەی بەرفراوان و باخچەی سـەوز کاریگەری ئیجابیان لەسـەر سـایکۆلۆژیای قوتابیان هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی ئاسـتی قوتابیانەوە ئـەو بینا گەورانە کاریگەری زۆر گەورەیـان نابێت. گرنگ ئەوەیە ئێمە سیسـتمێکی فێرکاری و پەروەردەیی باش و بینای تەواومان هەبێت و بەشێوەیەکی مرۆڤدۆستانە و هاوچـەرخ مامەڵە لەگەڵ قوتابیان بکەیـن. چونکە کەڵەکەکردنی ٤٠- ٦٠ منداڵ لە پۆلێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین سیسـتمێکی هاوچەرخ بە باشی پیادە بکەین، چونکە ئەم کەڵەکەکردنە دەبێتە هۆی بێتاقەتکردنی مامۆستایان و قوتابیان و دەشبێتە ڕێگر لە بەردەم

**لە سوید سیستمی پەروەردە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی مۆزائیکی وڵاتەکەیە و ٧٢ نەتەوە مومارەسەی زمان و کولتووری خۆیان دەکەن بەڵام لەکوردستان پێچەوانەی ئەمەیە**

**تاکو ئێستاش لە کوردستانداو لە هەندێ شوێن قوتابخانە لە قوڕ دروست دەکرێن، دەوامیش لەهەندێ قوتابخانەکان ڕێکوپێک نییە و شپرزەییە**

**وەزارەتی پەروەردە دەبوو ئەو هەموو بڕیارەی دەربکردایە تا مامۆستایان و قوتابیانیش سەریان لێنەشێوێت و سیستمەکە پێڕەو بکەن**

**هاندان و هیوا زۆر گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە**

وەرگرتنی زانستەکاندا. ئەگەر هەمان ئەو پۆلە کۆنانانە ٢٠- ٣٠ منداڵی تێدابێت و سیستمێکی تازەمان هەبێت ئەوا هیچ گرفتمان نییە. لەلایەکی دیکەوە دەبینین، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی قوتابخانەکان بە دەست کەمی مامۆستای پسپۆڕەوە دەناڵێنن، بەڵام لەچوارچێوەی گۆڕینی سیستەم لەهەندێ لە قوتابخانەکاندا دوو مامۆستا لەپۆلێکدا دانراون.

هەر بۆیە سەرنج دەدەین لەمیانەی سیستمی نوێی پەروەردەدا ساڵی رابردوو ١٤٥١ قوتابی وازیان لە خوێندن هێناوە. لەکاتێکدا یەکێك لە گرنگترین ئامانجەکانی گۆڕینی سیستمی پەروەردە و فێرکردن، کەمکردنەوە و بنبڕکردنی نەخوێندەواری و دابڕانە لەخوێندن.

لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە بینای نوێ بۆ قوتابخانە هەیە، وەزارەتی پەروەردە دەبێت هەڵمەتێکی میللی بەگەڕ بخات بۆ کردنەوەی بینای قوتابخانە بە قەبارەی جیاجیا، دەبێت وەزارەت لەڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بودجەی دیکەوە جگە لە بودجەی حکوومەت ژمارەیەکی بەرچاو بینا و هۆڵی خوێندن دروست بکەن لە ماوەیەکی پێوانەیدا، چونکە خراپی بینای خوێندن ڕێگە لەبەردەم ڕاپی کردنی سیستمی پەروەردە دەگرێ.

وەزارەتی پەروەردە ئامارێکی ئامادە کردووە، هەروەك یوسف سورچی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی پەروەردە پێی ڕاگەیاندین: هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی ٣٠١٦ بینای قوتابخانە هەیە لە ٥٤ پۆلییەوە بگرە تا دەگاتە ٢٧ پۆلی کە بری تێچووی خەملێنراویان ١ ملیار و ٦٣٣ ملیۆن و ١٢٦ هەزار و ٥٦٥ دۆلارە. ئەو ڕووپێوییە گشتییە ئێستا ئامادەکراوە، کە چەند گوند و قەزا و ناحیە پێویستی بە قوتابخانە هەیە و نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی جگە لە بودجەی ئاسایی حکوومەتی هەرێم هەوڵ بدرێت لە بودجەی دیکە چارەسەری ئەو قەیرانە بکرێت. لەبەرئەوە بودجەی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە لە ٧٪ زیاترە و ئەم بودجەیەش چارەسەری کێشەی یەك لەسەر چواری بینا ناکات، بۆیە کەرتی پەروەردەش تاکە بیاف نییە کە حکوومەت گرنگی پێبدات بەڵکو لە تەك پەروەردە چەند کەرتی دیکە هەیە کە پێویستی بە خزمەت هەیە.

ئەوەی جێی سەرنجیشە، لەپرۆژەکەی کۆنفرانسی پەروەردەییدا کە دواتر بووە سیستمی نوێ، هیچ بەشێك بۆ زیادکردنی بینای قوتابخانەکان دانەنراوە، لەکاتێکدا لە کوردستان زۆربەی زۆری بیناکان ٢- ٣ دەوامیان تێدا دەکرێت و هەندێکیش بوونەتە ٤ دەوام. لەبەرئەوە ناکرێت لە بینایەکی ٢٥٠ مەتر چوارگۆشەییدا ٥٠٠ منداڵ جیا بکەیتەوە و چانسی مانەوەشیان دوو کاتژمێر و نیو بێت. چونکە پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی لانی کەم پێویستی بە ٨ کاتژمێر مانەوەی منداڵ هەیە لە قوتابخانەکاندا، سەرەڕای دابینکردنی هەموو هۆیەکانی فێرکردن.

**٤- نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ - ڕاهێنان و شیاندنی مامۆستایان:**

مامۆستا و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لەهەموو جیهاندا بەردی بناخەی گۆڕینی هەر سیستمێکن. بەداخەوە ئەوانەی ئێمە تاوەکو ئێستا بە باشی ڕانەهێنراون و خولەکانی تەئهیل-یش سەرکەوتوو نەبوون و بەشی ئەوە ناکەن مامۆستاکان سیستمی نوێ بەڕێوە ببەن. لەبەرئەوەی یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی سیستمەکە ڕاهێنانی مامۆستایانە لەسەر سیستمی نوێ بەشێوەیەك تەماسێکی ڕۆحی لەگەڵدا دروستبکات بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی سیستمی پەروەردە. لەبەرئەوە ناکرێت مامۆستا بە کۆڵێك کێشەوە داوای جێبەجێکردنی سیستمی تازەی لێبکرێت کە لەڕاستیدا پێڕەوکردنی سیستمەکە بارگرانی خۆی هەیە. لەبەرئەوە بەشی هەرە زۆری مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان لە گرنگی ئەم چاکسازییە تازەیە تێنەگەیشتوون. وەزارەتی پەروەردە ٤ سەنتەری بۆ خولەکانی تەئهیل کردۆتەوە. بەڵام گرفتی ئەو خولانە ئەوەیە لە ڕووی رواڵەت و ناوەرۆکەوە کۆنە. مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن ئەوەیە لەو سەنتەرانەدا دەبێ کەسانی لێهاتوو کار بکەن کە لەو جۆرە سیستمە تێبگەن یان بنەمای فیکری کارەکانیان ئاراستە بکات و تەنیا بابەتە کۆنەکان نەڵێنەوە و کاوێژ بکەنەوە. کەسانێك شارەزاییان لە فیکری پەروەردەیی هەبێت، چونکە بەبێ فیکری پەروەردەیی مەحاڵە گۆڕین و چاکسازی سەرکەوتوو بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دەبینین، لەزۆر شوێن وەزارەتی پەروەردە مامۆستای زیادی هەیە، ئەمەش پێوەندی هەیە بە ناڕێکی لە دابەشکردنی مامۆستا، ساڵانی پێشوو بێ بەرنامەیەکی تەواو لە دامەزراندنی مامۆستایان هەبوو. کە ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی مۆستایان خۆیان دابەشکراون و گوێنەدراوە بە بەرژەوەندی خوێندن و قوتابی و دەستێوەردان هەبووە، بۆیە بەپێی پێداویستییەکان مامۆستایان دانەمەزرێندراون. بۆ نموونە، ئەگەر مامۆستایەك لە ناحیەی دیبەگە یان لە ڕەواندوز پێویست بێت ئەوا دەبێت مامۆستاکە بۆ ئەو شوێنە بێت و پەروەردەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت خۆیان مامۆستاکان دابەش بکەن، نەك سیستمێکی مەرکەزی بێت. ئێستا مامۆستا هەیە لە پارێزگاکاندا لە هەفتەیەکدا شەش بەشە وانەی هەیە و مامۆستاش لە قەزا و ناحیەکاندا لە هەفتەیەکدا ٢٤- ٢٦ بەشە وانەی هەیە، بەڵام وەزارەتی پەروەردە بۆ پڕکردنەوەی ئەو لاسەنگییە ئەگەر ناتوانێت مامۆستایانی ناو شار بگوازێتەوە بۆ قەزا و ناحییەکان ئەوا دەبێ بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پرۆسەی گواستنەوەی مامۆستایان بۆ نێو شار ڕابگرێت.

سەبارەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی مامۆستاکانیش، پاکیزە تەڵعەت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە لێدوانێکی چاپەمەنیدا ڕایگەیاند: لەکاتێکدا پێویستی پەروەردەکان ١٠٠٠ پلەی دامەزراندنە، بەڵام تەنها ڕەزامەندی ٣٠٠ پلەی دامەزراندن گەڕاوەتەوە، بۆیە




●●●
**دەبێت وەزارەت لەڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بودجەی دیکەوە جگە لە بودجەی حکوومەت ژمارەیەکی بەرچاو بینا و هۆڵی خوێندن دروست بکەن لە ماوەیەکی پێوانەیدا**
●●●

●●●
**ناکرێت مامۆستا بە کۆڵێک کێشەوە داوای جێبەجێکردنی سیستمی تازەی لێبکرێت کە لەڕاستیدا پێڕەوکردنی سیستمەکە زەحمەتە**
●●●

●●●
**وەزارەتی پەروەردە ٤ سەنتەری بۆ خولەکانی تەئهیل کردۆتەوە. بەڵام گرفتی ئەو خولانە ئەوەیە بەبێ فیکری پەروەردەیی مەحاڵە گۆڕین و چاکسازی سەرکەوتوو بکرێت**
●●●

ناچارین پەنــا ببەینە بەر دەرچووانی کۆلیــژی بنیات کە ژمارەیان ١٥٥ کەســە. هەروەها گوتیشــی: "١٠٥ کەسی دیکە لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆســتایان دادەمەزرێنن، ئەویش بە تەنها لە بەشەکانی ئینگلیزی و بیرکاری و باخچەی ساوایان ڕەچاوی نمرە و بنەماکانی شەهید و خێزانداری دەکرێ".

**٥- چاپکــردن و پرۆگرامــەکان و خراپــی وەرگێڕانــی کتێبەکانی خوێندن:**

لەگەڵ گۆڕینی سیســتمی پەروەردە، دەســتکرا بە گۆڕینی بەشێك لــە پرۆگرامەکانی چەند قۆناخێکی خوێندن، بەڵام بە هۆی نەبوونی پلانی گونجاو و نەشــارەزایی و نەبوونی کەسانی پسپۆر بۆ گۆڕینی پرۆگرامــەکان، زۆربــەی ئــەو گۆڕانکاریانەی ئەنجامــدران ناکام بــوون. چەندین کەموکوڕی و هەڵەی زانســتی و ڕێزمانی تێدا کراوە و بەهۆیــەوە زۆربەی ئەو کتێبانە ڕەفز کراونەتــەوە و جارێکی دیکە پرۆگرامەکان دەســتکاری کراونەتەوە و کتێبی نوێ چاپکراوە و بەسەر قوتابیان و خوێندکاراندا دابەشــکراوە. هەروەك لەسەر زاری مامۆستا ئاراس نەجمەدین بەڕێوەبەری گشــتی پرۆگــرام و چاپەمەنیەکان بۆ گــوڵان ئەوەی پشتڕاســت کردەوە کە بەپێی بڕیــاری ژمارەی ٣٨٢ ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٨ وەزارەتــی پــەروەردە نزیکــەی ٣٩ کتێبی قۆناخەکانی بنەڕەتی و هاوبــەش کە ٥ ملیۆن و ٥٦٧ هەزار دانەیە، ڕەتکردۆتەوە و بە قوتابخانەکانیشــیان ڕاگەیاندووە کە خۆیان کتێبەکان بســووتێنن و لەناوببەن. هەر بۆ نموونــە دوای ئەو هەموو خەرجی و ٦ مانگ داوەتکردنی پســپۆڕێکی پەروەردەیی لەدەرەوە بەناوی فریاد فازڵ کتێبی ئەلف و بێی کوردی ڕەتکرایەوە، بە بیانووی ئەوەی دهۆك قەبووڵی نەکردووە زاراوەی ســۆرانی باڵادەست بێت. هۆکاری هەڵەکان و خراپــی وەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندن بۆ نەشــارەزایی کادیرەکانی پەروەردە دەگەڕێتەوە، کاری گەورە بە کەســانی نەشارەزا دەسپێردرێت. لەوەش خراپتر نەشــارەزاکان بەهەموو شێوەیەك خەبات دەکەن بۆئەوەی پۆســتی باڵاتریان دەســت بکەوێت. دواتر سیســتمی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونیان نییە یان بەشــێوەیەکی زۆر خــراپ بەڕێوەدەچێت. ئەگەر بەرهەمێکی باشــت دەوێت دەبێ کەسانی بە توانا هەڵبژێریت و کەســانی بە توانا‌ش پارەی باشیان دەوێت. ئەگەر ئەو کارە بکرێت ئەوا لەبەرامبەر بەرهەمە خراپەکاندا دەتوانرێت لێپرســینەوە بکرێت. سەرنج دەدەیــن ٧٥٪ی بودجەی پەروەردە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن دەڕوات، چونکە ئەرکی ســەرەکی پــەروەردە ئەوەیە بۆ منــداڵ ئیش بکرێت. هەروەها بەپێی زانیارییەکانی گوڵان بۆمان دەرکەوتووە کە بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان زۆربەی دەسەڵاتەکانی لێسەنراوەتەوە و مومارەسەی ٥٠٪ی دەسەڵاتی خۆی زیاتر ناکات، ئەمە لەکاتێکدا پێویســتە هەریەك لەو بەڕێوەبەرایەتیانە دەســەڵاتی تەواویان پێبدرێت لەڕاپی کردنی ئەرکەکانیان.

**٦- قەبوول مەرکەزی:**

چاکســازی پەروەردەیی وەك لە قۆناخــی بنەڕەتی هەیە، لە قۆناخی ئامادەیــی زۆر بایــەخ و گرنگــی پێنادرێت و لە دوا قۆناخیشــدا سیســتمی قبول مەرکەزی وەك شــەبەحێك دێتە بەردەم قوتابی، بۆیە دەبێت وەزارەتی پەروەردە بــە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ نەهێشــتنی قبول مەرکەزی یان دانانی ئاڵتەرناتیڤێکی دیکە میکانیزمێکی گونجاو دابنێت. ئەگەر قەبوول مەرکەزیش هەڵناگیرێت ئەوا دەبێت مەرجەکانی وەرگرتنی بگۆڕێت و زیاتر پشت بەوە ببەستێت کە قوتابی و خوێندکار لەو بابەتانەی کە بۆ کۆلیژێك پێویستن گرنگی پێبدرێت و بابەتی ســەرەکی و نا ســەرەکی جیا بکرێتەوە، بۆ نموونە نمرەی ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە بۆ وەرگرتنی لە کۆلیژێك پێویستە ئەژماربکرێن.

**٧- قوتابخانە پیشەییەکان:**

پرســی قوتابخانــە پیشــەییەکان مژارێکی دیکەیە کــە پرۆگرام و پێداویستییەکانیان هی ساڵانی پەنجاکانن و لە ئەنجامیشدا دەرچووانی ئەو خوێندنگا پیشــەییانە (وەك چاککردنی کۆمپیوتەر، سارکردنەوە و گەرمکردن، بەشی ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازی و دورمان و.. تد) کە پێویستە ببنە کادری بەرهەمهێن دەبنە کادری بەکارهێن (مستهلك) و داوای دامەزراندن دەکەن و داشنامەزرێن، بۆ نوێکردنەوەی قوتابخانە پیشــەییەکان و بەستنەوەیان بە بازاڕی کار پێویستە وەزارەتی پەروەردە هەنگاوی جیددی بنێت.

**٨- توێژەری کۆمەڵایەتی:**

پێویستە وەزارەتی پەروەردە گرنگییەکی زۆر بە توێژەری کۆمەڵایەتی بــدات و دایانبمەزرێنن نەك توێــژەر چاوەڕێی ئەوە بــکات لەلایەن مامۆســتای بەڕێوەبەرەوە ئەرکی دیاری بکرێــت و دژایەتی بکرێن. گەرچی لە بەشــێك لە قوتابخانەکاندا توێــژەری کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ماف و ئەرکی دیاری نەکراوە، شــوێنی شــیاوی نییە، بودجە و ئۆتۆمبیلی بۆ دابین نەکراوە سەردانی ماڵی قوتابییەکانی پێبکات بۆ چارەســەرکردنی کێشەی قوتابییەکان. چونکە ئێستا قوتابیان کێشەیان زۆرترە. ڕاستە لێدان نەماوە بەڵام تۆقاندن هەیە. بۆیە دەبووایە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی نەهێشــتنی توندوتیــژی بکاتەوە، کە دەبێت توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونناسەکان کاری تێدا بکەن، بەو مەرجەی زەمینەی کاریان لەبار بێت و زەمینەی کارکردنیان بۆ بڕەخسێنرێت.

**٩- تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان:**

زۆرێك لەپسپۆڕانی پەروەردە بە بەڵگە سەلماندوویانە، کە تێکەڵاوکردنی کوڕان و کچان لەبەرژەوەندی پرۆســەی پەروەردەیە و لەزۆر کێشــەی کۆمەڵایەتــی ڕزگارمان دەبێــت. هەروەك وەزیری پــەروەردە ڕوونی



**دوای ئەو هەموو خەرجی و ٦ مانگ داوەتکردنی پسپۆڕێکی پەروەردەیی لەدەرەوە بەناوی فریاد فازڵ کتێبی ئەلف و بێی کوردی ڕەتکرایەوە، بە بیانووی ئەوەی دهۆك قەبووڵی نەکردووە زاراوەی سۆرانی باڵادەست بێت**

**سەرنج دەدەین ٧٥٪ی بودجەی پەروەردە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن دەڕوات، چونکە ئەرکی سەرەکی پەروەردە ئەوەیە بۆ منداڵ ئیش بکرێت. هەروەها بەپێی زانیارییەکانی گوڵان بۆمان دەرکەوتووە کە بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان زۆربەی دەسەڵاتەکانی لێسەنراوەتەوە و مومارەسەی ٥٠٪ی دەسەڵاتی خۆی زیاتر ناکات**

**ئەوەی لە پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییدا لەناو قوتابخانەکاندا، هەر لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، بەدی دەکرێت، پتر شێوازی حیکایەتخوان و گوێگرە**

**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری دەبێت کەسانێک بن لەسەر بنچینەی ئاستی زانستی و دەستپاکی و خزمەتی پێویست دیاری بکرێن**

بۆ نموونە، ئەگەر سـەیری ڕێژەی دەرچووانی ئەو قوتابخانانە بکەین لەهەرێمی کوردسـتان لەسەر ئاسـتی پارێزگاکان، ١٠ یەکەمەکان لە ١- ١٠، زیاتـر لە حەوتیان لە قوتابخانە تێکـەڵاوەکان بوون، کەوابێ تێکەڵاوبوون هیچ زیانێکی نییە. بەداخەوە هەندێك لەو خێزانانەی دژی ئەو بڕیارەن هەر ئەوانەن کە بۆ وەرگرتنی کچەکەیان لە قوتابخانەیەکی نموونەیی چەندان واسیتە دەکات، کە ئەمەش قوتابخانەیەکی تێکەڵاوە. ئامادەیە کچەکەی بنێرێتە قوتابخانەیەکی تێکەڵاو، هیچ کێشەیەکیش نییـە، بەڵام بە فەقیرەکـە دەڵێت کچەکە مەنێرە بـۆ قوتابخانەیەکی تێکەڵاو. لەلایەکی دیکـەوە، دەبێ بزانین کە کچ و کوڕ دوو کائینی لێکجیـا نین. منداڵ کە لەدایك دەبێت، لەنێو ماڵ تێکەڵاوە، لە دەرەوە لەکاتی یاری تێکەڵاوە.

### ١٠- توندوتیژی لەگەڵ قوتابی:

پێویسـتە وەزارەتی پەروەردە ئەو مامۆستایانە سزا بدات کە توندوتیژی بەرامبـەر قوتابی بەکاردەهێنن. بۆیـە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کە خولی ڕاهێنان و هۆشـیاری بۆ قوتابیان بکاتـەوە کە توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بەکارنەهێنن و بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابی پەنا بۆ وتووێژ ببەن.

### ١١- پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی:

شارەزایانی بواری پەروەردە پێیانوایە لەگەڵ ئەوەی لێدان قەدەخەکراوە، بەڵام تائێسـتاش لەقوتابخانەکانی کوردسـتاندا قوتابی لە مامۆستا دەترسـێت، دەمکوت و هەراسان دەکرێت، ڕۆژانە دەشکێنرێتەوە، ئیدی چۆن قوتابی قوتابخانەکەی خـۆی خۆش بووێت. منداڵ کە بە زۆر شـیعر و ئایەت و فەرموودەکانت پێ لەبەرکرد، هیچ خۆشەویستی و وەلائێکی بۆ شـیعر و ئایەتەکە نابێت، بەڵکو زیاتر دەبنە ئامارازێکی سـەرکووتکردن و زۆرلێکردنی قوتابیەکە. سـەبارەت بە پێوەندی نێوان مامۆسـتا و قوتابی حەمە کەریم عارف نووسـەر و شـرۆڤەگەری کۆمەڵایەتی (بارزان*) دەڵێت:

ئەوەی لە پێوەندی نێوان مامۆسـتا و قوتابیـدا لەناو قوتابخانەکاندا، هەر لە سـەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، بەدی دەکرێت، پتر شـێوازی حیکایەتخـوان و گوێگرە، دیارە ئەم جۆرە پێوەندییە یەکجار وشـکە و زۆرجار مردووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا قەیرانی هەرە گەورەی پرۆسەی فێرکردنە. مامۆسـتا بە جۆرێك لە واقیع دەدوێ و باسی دەکات وەکو ئەوەی شـتێکی بێگیان و مردوو بێت یان لە جێی خۆیدا وەستا بێت و هیچ دەورێکی لە گۆڕان و گۆڕیندا نەبێت و بەمەش قوتابی لە بری بەرەو پیری بابەتەکە بچێ و کارلێکی لەگەڵدا بکات لێی نامۆ دەبێت، جا کە مامۆسـتا ناوەرۆکی بابەتەکەی خسـتە مێشکی قوتابییەوە، ئەڵبەتە زۆر بە کورتی و پچڕ پچڕ، بە جۆرێك مێشـکی نەوروژاندوون کە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن بەڵکو لە بابەتەکە هەڵدێن، جا ئەم پرۆسەی تەلقین دادانە و گۆڕینی مێشـکی قوتابـی بە عەماری هەڵگرتنی زانیاریانـی زۆرجار زۆر دوور لەژیانـی واقیعی قوتابییەوە و ئەوکات دەوری قوتابـی دەبێ بە لەبەرکـردن و وەبیرهێنانەوە و کاوێژکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەو ڕسـتە و وشانەی گوێیان لێی بووە و بەبێئەوەی لێی قووڵ بێتەوە. دیارە ئەم فێرکردنی تەلقینییە قوتابی لەسەر شێوازی وەبیر هێنانەوەی میکانیکی ناوەرۆکی دەرسـەکان ڕادەهێنێ و هیچی دیکە. تا مامۆسـتا باشتر ئەم ئەرکە، واتە تەلقین دادانە بەجێ بێنێ و عەماری مێشـکی قوتابی زیاتر بگرێت، ئەوە بەڵگەی بە توانایی مامۆستا و زیرەکی قوتابییە!!

**بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و خوێندنگەکان مەسەلەی نەبوونی بینا و هۆڵی خوێندن بە یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی پرۆسەی خوێندن دادەنێن**

دیارە ئەم شێوازە پتر مامەڵە لەگەڵ زاکیرە دەکات و ئەقڵ وەلاوە دەنێ و دەرفەتـی داهێنان و پەرەپێدانی بـۆ نایەڵێتەوە، مرۆڤ چۆن بەبێ پرسـیار و دیالۆگ دەژی، چۆن مومارەسـەی بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات بەبـێ ئەوەی کاربکات؟! دیارە ناکرێ، چونکە زانیاری ڕاسـتەقینە لە داهێنانـەوە هەڵدەقوڵێت و هەمـوو داهێنانێك زادە و بەرەنجامی نیگەرانییە و هەموو نیگەرانییەك ڕەگی لە هەسـتکردن بە مەسئولیەتدایە. جا مرۆڤ کە بۆ خۆی بوونەوەرێکی پرسیارئامێزە و بەبـێ پرسـیار هەڵنکات، تەنیـا لەناو کاردا و لـە چوارچێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ جیهاندا و بەشـداری خەڵکـی دیکە دەتوانێ وەڵامی پرسـیارە زۆر و زەبەندەکانی خۆی بداتەوە. ئەڵبەتە سیستمی فێرکردنی تەلقینـی، مرۆڤ فێری ئەوە دەکات بە زاکیرە بیر بکاتەوە نەك بـە تەجرەبە، بە موڵکداری بیربکاتەوە، نـەك بە بوون. بەمجۆرە ناتوانـێ جگە لە خۆی بیر لەهیچ شـتێك بکاتەوە ئەگەر هی خۆی نەبێ. بۆیە ڕۆحی موڵکداری لەلا دروسـت دەبێت و بەبێ موڵکداری پێوەنـدی لەگەڵ جیهـان و واقیع دادەبڕێت، مەبەسـت ئەو جیهان و واقیعەیە کە تێیدا دەژی.

## پێشنیازەکان بۆ بوژانەوەی باری پەروەردە

١- کۆك بوون لەسـەر فەلسـەفەیەکی پەروەردەی روون و ئاشـکرا و هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردسـتان لە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٢- دووبارە چاوخشـاندنەوە بە پێکهاتەی وەزارەت و یاسا و ڕێساکانی بۆ ئەوەی بێکاری لەناو کارگێڕی نەمێنێ و سـەرکردەی پەروەردەیی باش دەستنیشان بکرێت.

٣- بینای قوتابخانەکان:

أ- چاکردنـەوەی بیناکانی ئێسـتا و دروسـتکردنی بەش و هۆبەی تر لەناویـدا. گۆڕەپان و باخچەکانی ڕێکبخرێـت بۆ چالاکییەکان و دابینکردنی تاقیگەی زانستی.

ب- دروسـتکردنی بینای تازە بەپێی شـێوازی جیهانی و سـەردەم، چونکە هەرێمی کوردسـتان بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بیناسـازی و پلانی ئەندازەیی پێویستی بە **٣٠١٦** قوتابخانە هەیە، بە بری (**١٦٣٣١٢٦٥٦٥**) یەك ملیار و شەش سەد و سی و سێ ملیۆن و سەد و بیست و شەش هەزار و پێنج سەد و شەست و پێنج دۆلار.

ج- دابینکردنی کورسی دانیشتن و مێز و تەختەڕەش و هۆیەکانی فێرکردن و ئامێر و پێداویسـتییەکانی تری پەروەردە لـە کاتێکی دیاریکراودا. هەروەها دووبارە بەگەڕخستنەوەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

٤- مۆستا:

أ- گرنگی دان بە ئامادەکردنی مامۆستا لە رووی زانستی و زانیارییە پەروەردەییەکان، کە زۆر کاریگەری هەیە لەسـەر ئاسـتی زانسـتی قوتابیان.

ب- چاوخشاندنەوە بە مووچەی مامۆسـتایان و پلەکانیان بە ڕێژەی تایبەت، کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ کارمەندانی تری دەوڵەت.

٥- کتێبەکانی خوێندن:

أ- دووبارە داڕشـتنەوەی پرۆگرامەکانی خوێنـدن لەگەڵ ئامانجی تایبەتـی وانەکان بگونجێ لە ئاسـتی بایەخ نەدان بە پێشـکەوتنی زانسـتی ئامێر و تەکنەلۆجیای تازەی فێرکـردن بخرێتە ناو پەروەردە

و فێرکردن.
ب- دیزاین و نەخشەسازی کتێب بە شێوەیەکی هونەری جوان کە سەرنجی قوتابی رابکێشێ بۆ خوێندن.
ت- چاپی کتێبەکان لە چاپخانەکانی کوردستان و عێراق بێت بۆئەوەی بەئاسانی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و، دوورکەوتنەوە لە چاپ گەیاندن لەدەرەوە.
٦- قوتابی "کە تەوەری پرۆسەی خوێندنە":
أ- بڕیار دان بەیاسای بە زۆر خوێندن هەر لە باخچەی ساوایانەوە بگرە تاکو دوا قۆناخی بنەڕەتی.
ب- چاودێری پێویست بۆ قوتابی وەك (جلوبەرگ- پەڕاوگەی باش- خواردن- چاودێری تەندروستنی. خەرجی گیرفان).
ت- پێداگرتن لەسەر پەیڕەوکردنی شێوازی پەروەردەیی بە چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵ و قوتابیان.
ث- ئاراستەکردنی پەروەردەی تەندروست دەبێت هەموو قۆناخەکانی خوێندن بگرێتەوە.
٧- رۆڵی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری دەبێت کەسانێك دیاری بکرێن لەسەر بنچینەی ئاستی زانستی و دەستپاکی و خزمەتی پێویست. دوورکەوتنەوە لە مەرجی تر.
٨- زاڵ بوون بەسەر گەندەلی کارگێڕی و دارایی لە وەزارەتی پەروەردە. بەتایبەتی لە دروستکردنی بینا، دامەزراندن، چاپکردنی کتێب و دابەش کردنی بەشێوەیەکی نادروست و نادادپەروەری یان لەکاتی پێویست.
٩- دامەزراندنی بنکەیەکی هەڵسەنگاندن بۆ دەستنیشانکردنی باشترین پرۆسەی پەروەردەیی.
١٠- گرنگی دان بە خوێندنی پیشەیی. کە لەگەڵ باری پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی بگونجێ.
١١- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ولآتانی دیکە بۆ بنیاتنانی پەروەردەی تەندروست. بەتایبەتی لەو ولآتانی کە بارودۆخیان هاوشێوەی عێراق بووە.
١٢- چاودێری پێویست بۆ قوتابخانەکانی بەهرەداران و پێشکەوتووان لە خوێندن و بیرتیژی. بنچینەیەکیان بۆ دابنرێت لەلایەن پسپۆران و لەسەر هەموو پارێزگاکان گشتاندنی بۆ بکرێت.
١٣- هەندێ بۆنەی تایبەت هەبێت وەك ڕۆژی پەروەردەیی "جلوبەرگی قوتابخانە" و چالاکییە کولتوورییەکانی دیکە.
١٤- دەبێت پلانێکی تۆکمە دابنرێت بۆ بەگەڕخستنی ئەو ڕێژە زۆرەی ساڵانە لە قوتابیان دەردەچن. سەرنج دەدەین ئەمساڵ ڕێژەی دەرچووانی بەشی ویژەیی بە بەراورد لەگەڵ بەشی زانستی دوو هێندەیە، ئەمەش مەترسیدارە، چونکە ئەمڕۆ پێویستی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی لایەنی زانستی دەخوازێت بەشە زانستییەکان زیاتر گرنگیان پێبدرێت. بۆیە لە ئێستادا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کردنەوەی ناوەندی پیشەییە بۆ قوتابیان، بۆ بەگەڕخستنی تواناکانیان بە ئاراستەیەکی گونجاو، لەگەڵ پەرەپێدان بە زانستی کشتوکاڵ وەك کارێکی پیشەیی کە بۆ بەشێك لەو قوتابیانە خولی پیشەیی بکرێتەوە و دواتر سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، هەروەها دەبێ پەلە بکرێت لە پەرەدان بە لایەنی مرۆیی و ئابووری، چونکە ڕێژەی بێکاری لە بەرزبوونەوەدا دەبێت، ئەگەر بەم ئاراستەیە کار بکرێت، هاوکات باسی لەوەکرد کە ڕێژەی بێکاری لە بەرزبوونەوەدایە، کە بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بە پلان هەیە لە کارەکانی حکوومەتدا.
١٥- پێویستە هەموو ساڵ جارێك کتێبی نوێ چاپ بکرێت لە کوردستان نەك دووبارە کتێبە کۆنەکان بەسەر قوتابیان دابەش بکرێتەوە، چونکە هەندێ لە پسپۆرانی بواری تەندروستی دەڵێن ڕەنگە هەندێ جار دابەشکردنەوەی ئەو کتێبە کۆنانە بەسەر قوتابی و خوێندکاران لە رووی تەندروستیەوە زیانی هەبێت لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەو کتێبە لە دەست قوتابییە نەخۆش بێت کە هەڵگری ڤایرۆس بێت. هەر بۆ دەبینین ولآتێکی وەك میسر و ئێران هەموو ساڵێك کتێبی نوێ و تازە چاپکراو لەسەر قوتابیان دابەش دەکات.
لەکۆتاییدا ماوە بڵێین، بۆیە لەهەموو شوێنێك زۆر باسی پەروەردە دەکرێت چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن تاکە نوێنەری وەزارەتی پەروەردەیە لەهەموو ماڵێکی کوردستاندا، لەبەرئەوە پەروەردە مامەڵە لەگەڵ ئەقڵییەت و ناخی مرۆڤدا دەکات. لەم سۆنگەیەوە، ئەرکی وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە تاکی خوێندەوار و کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن پەروەردە بکات بەشێوەیەك منداڵان دانەبڕێن لە خوێندن ئەویش بە نەهێشتنی توندوتیژی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی قوتابی بۆئەوەی قوتابی واز لە خوێندن نەهێنێت و سیستمەکە بەشێوەیەك ڕایی بکات کە ببێتە هاندەر بۆ بەردوامبوونی قوتابی و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگایەکی ژیاندۆست. تاکێك بەرهەم بهێنرێت کە باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پێکەوەژیان و پاراستنی ژینگە و هەروەها پەرەپێدانی کولتووری کارکردن و داهێنان.



●●●
**ئەرکی وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە تاکی داهێنەر و کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن پەروەردە بکات**
●●●